٥

حکومەتی هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی پەروەردە - بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

بیرکاری بۆ هەمووان

کتێبی قوتابی

پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی - بەرگی یەکەم

چاپی هەشتەم
٢٠١٦ز/٢٧١٦کوردی/ ١٤٣٧ک

سەرپەرشتی هونەری چاپ

عوسمان پیرداود کواز

خالد سلیم محمود

ناوەڕۆك

١ ژمارەکان
Numbers

زانیارییەکانت ساغبکەوە .... Check what you know ٣
١ ملیۆنان و ملیاران .... Millions and Billions ٤
٢ ڕیزکردنی ژمارەکان .... Ordering Numbers ٦
٣ بەشەکان لە هەزار و بەشەکان لە دەهەزار . Thousands and Ten-Thousandth ٨
٤ ڕیزکردنی ژمارە دەییەکان .... Ordering Decimal numbers ١٠
٥ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان Problem Solving Skills
پوختەی ئەنجامەکان .... Finding Results ١٢
پێداچوونەوە .... Review ١٤
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە .... Standardized test prep ١٥

٢ کۆکردنەوە و لێدەرکردن
Adding and Subtracting

زانیارییەکانت ساغبکەوە .... Check what you know ١٧
١ خەملاندنی سەرجەم و جیاوازی .... Estimate Sum and Difference ١٨
٢ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکان .... Adding and Subtracting Numbers ٢٠
٣ نزیککردنەوەی ژمارە دەییەکان .... Rounding Decimals ٢٢
٤ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە دەییەکان
Adding and Subtracting Decimals ٢٤
٥ سفر لە لێدەرکردندا .... Zeros in Subtraction ٢٦
٦ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان Problem Solving Skills
وەڵامی نزیککراو یان وەڵامی تەواو . Estimate Answer or Exact Answer ٢٨
پێداچوونەوە .... Review ٣٠
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە .... Standardized test prep ٣١

٣ بڕەكان و كردارەكان
Expressions and Operations

زانیارییەكانت ساغبكەوە ...... Check what you know ٣٣
١ بڕ و گۆڕاو ...... Expression and Variable ٣٤
٢ هاوكێشەكان ...... Equations ٣٨
٣ شیكاری هاوكێشەكان ...... Solving Equations ٤٠
٤ بەهای بڕ ...... Expression Value ٤٤
٥ سیفەتەكانی لێكدان ...... Multiplication Properties ٤٦
٦ بەشینەوە لە لێكدان ...... Distribution in Multiplication ٤٨
٧ ڕێگاكانی شیكاری پرسیارەكان Problem Solving Strategies
هاوكێشە یەك بنووسە ...... Write an Equation ٥٠
پێداچوونەوە ...... Review ٥٢
ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ...... Standardized test prep ٥٣

٤ چارەسەركردنی پێدراوەكان
Data Analysis

زانیارییەكانت ساغبكەوە ...... Check what you know ٥٥
١ كۆكردنەوە و ڕێكخستنی زانیارییەكان ...... Collecting and Organizing Data ٥٦
٢ ناوەند ...... Mean ٥٨
٣ شیكردنەوەی ڕوونكردنەوەییەكان ...... Analyze Data ٦٠
٤ هێڵی ڕوونكردنەوەیی ...... Graphical Line ٦٢
٥ ڕێگاكانی شیكاری پرسیارەكان Problem Solving strategies
وێنەیەكی ڕوونكردنەوەیی پێكبهێنە ...... Make a graph ٦٦
پێداچوونەوە ...... Review ٦٨
ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ...... Standardized test prep ٦٩

٥ لێكدانی ژمارەكان
Multiply Numbers

زانیارییەكانت ساغبكەوە ...... Check what you know ٧١
١ لێكدانی ژمارەی سروشتی ...... Multiply Natural Numbers ٧٢
٢ لێكدانی ژمارەیەكی سروشتی لە ژمارەی دەیی . ... Multiply Natural Number by Decimal ٧٤
٣ شێوازەكان لە لێكداندا ...... Pattrens in Multiplication ٧٦
٤ نواندنی لێكدان ...... Multiply Repersentation ٧٨
٥ دانانی فاریزە ...... Place Decimal Points ٨٠
٦ سفر لە لێكداندا ...... Zeros in Multiplication ٨٤
٧ كارامەییەكانی شیكاری پرسیارەكان — Problem Solving Skills
بڕیاردان ...... Taking Decision ٨٦
پێداچوونەوە ...... Review ٨٨
ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ...... Standardized test prep ٨٩

٦ دابەشكردنی ژمارە سروشتییەكان
Divide Natural Numbers

زانیارییەكانت ساغبكەوە ...... Check what you know ٩١
١ دابەشكردن بەسەر ژمارەیەكی یەك ڕەنووسی ...... Divide by 1-digit Number ٩٢
٢ دابەشكردن بەسەر ژمارەیەكی دوو ڕەنووسی ...... Divide by 2-digit Numbers ٩٤
٣ سفر لە دابەشكردندا ...... Zeros in Division ٩٨
٤ ڕاهێنان لەسەر دابەشكردن ...... Practice on Division ١٠٠
٥ كارامەییەكانی شیكاری پرسیارەكان — Problem Solving Skills
لێكدانەوەی ماوە ...... Explanation the Remainder ١٠٢
پێداچوونەوە ...... Review ١٠٤
ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ...... Standardized test prep ١٠٥

٧ دابەشکردنی ژمارە دەییەکان

Divid Decimals

١٠٧...Check what you know .... زانیارییەکانت ساغبکەوە
١٠٨...Divide Representation .... ١ نواندنی دابەشکردن
١١٠ ...Divide by Natural Number........ ٢ دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی سروشتی
١١٤ ...Changing from Fractions to Decimals . ٣ لە کەرتەکانەوە بۆ ژمارە دەییەکان
١١٦...Patterns Division .... ٤ شێوازەکان لە دابەشکردندا
١١٨...Decimal Division........ ٥ دابەشکردنی دەیی
Problem Solving Skills - ٦ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان
١٢٢...Choosing the Operation .... هەڵبژاردنی کردارێك
١٢٤ ...Review .... پێداچوونەوە
١٢٥...Standardized test prep........ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٨ سەلمێنراوی ژمارەکان

Numbers Theory

١٢٧....Check what you know .... زانیارییەکانت ساغبکەوە
١٢٨ ... Divisibility .... ١ توانای دابەشبوون
١٣٠....Least Common Multiple (LCM) (ب.چ.هـ) ٢ بچووکترین چەندجارەی هاوبەش
١٣٢....Greatest Common Factor (GCF)...... (گ.ك.هـ) ٣ گەورەترین کۆڵکەی هاوبەش
Problem Solving Skills ٤ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان
١٣٦ ... Identity Relationship........ جیاکردنەوەی پەیوەندییەکان
١٣٨ ... Exponent Form .... ٥ شێوەی توانی
١٤٠....Evaluate Exponent .... ٦ ئەژمێرکردنی هێز
١٤٢....Review .... پێداچوونەوە
١٤٣ ... Standardized test prep .... ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٩ کەرتەکان و ژمارە کەرتدارەکان

Fractions and Mixed Numbers

زانیارییەکانت ساغبکەوە ... Check what you know ... ١٤٥

١ کەرتەکان و ژمارە دەیییەکان ... Fractions and Decimals ... ١٤٦

٢ سادەترین شێوە ... Simplest Form ... ١٥٠

٣ ڕیزکردنی کەرتەکان ... Ordering Fractions ... ١٥٤

٤ ژمارە کەرتدارەکان ... Mixed Numbers ... ١٥٨

٥ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان — Problem Solving Strategies

نموونەیەك پێكبهێنە ... Make a model ... ١٦٠

پێداچوونەوە ... Review ... ١٦٢

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ... Standardized test prep ... ١٦٣

١٠ کردارەکان لەسەر کەرتەکان

Operations With Fractions

زانیارییەکانت ساغبکەوە ... Check what you know ... ١٦٥

١ کۆکردنەوە و لێدەرکردنی کەرتەکان ... Adding and Subtracting Fractions ... ١٦٦

٢ یەکخستنی ژێرەکان ... Standardization Denominators ... ١٦٨

٣ کۆکردنەوەی ژمارە کەرتدارەکان ... Adding Mixed Numbers ... ١٧٢

٤ لێدەرکردنی ژمارە کەرتدارەکان ... Subtracting Mixed Numbers ... ١٧٦

٥ لێکدانی ژمارەیەکی سروشتی لە کەرت ... Multiply Natural Number by Fraction ... ١٨٠

٦ لێکدانی کەرتەکان ... Fractions Multiplication ... ١٨٢

٧ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان — Problem Solving Skills

پرسیاری فرەهەنگاو ... Multi-Step prblem ... ١٨٤

پێداچوونەوە ... Review ... ١٨٦

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ... Standardized test prep ... ١٨٧

١١ ئەندازە
Geometry

زانیارییەکانت ساغبکەوە Check what you know ... ١٨٩
١ پێوانی گۆشەکان Measure Angles ... ١٩٠
٢ بازنە Circle ... ١٩٢
٣ چوارلاکان Quadrilateral ... ١٩٦
٤ جێگۆڕکێ Transformations ... ١٩٨
٥ وێنەی تەنە ئەندازەییەکان Solid Figure ... ٢٠٠
٦ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان Problem Solving Skills
گشتاندنی ئەنجامەکان Make Generalization ... ٢٠٢
پێداچوونەوە Review ... ٢٠٤
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە Standardized test prep ... ٢٠٥

١٢ پێوان
Measurement

زانیارییەکانت ساغبکەوە Check what you know ... ٢٠٧
١ چێوە Perimeter ... ٢٠٨
٢ چێوەی بازنە Circumference ... ٢١٠
٣ ڕووبەر Area ... ٢١٢
٤ ڕووبەری سێگۆشە و لاتەریب Area of Triangle and Parallelogram ... ٢١٤
٥ کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان Problem Solving Skills
شیکاری پرسیارێکی ئاسان Solve a Simple Problem ... ٢١٨
٦ بارستایی Mass ... ٢٢٠
٧ فراوانی Capacity ... ٢٢٢
٨ قەبارە Volume ... ٢٢٤
پێداچوونەوە Review ... ٢٢٦
ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە Standardized test prep ... ٢٢٧

١٣ ڕێژەی سەدی و ژمارە تەواوەکان

Integers and Percent

زانیارییەکانت ساغبکەوە .... Check what you know ... ٢٢٩

١ ڕێژەی سەدی .... Percentage ... ٢٣٠

٢ ڕێژەی سەدی و ژمارە دەیییەکان .... Decimals and Percentage ... ٢٣٢

٣ ڕێژەی سەدی لە ژمارەیەك .... Percentage of a Number ... ٢٣٦

٤ ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان — Problem Solving Strategies

وێنەیەکی ڕوونکراوەیی پێکبهێنە .... Make a graph .. ٢٤٠

٥ ژمارە تەواوەکان .... Integers .. ٢٤٢

٦ بەراوردکردنی ژمارە تەواوەکان .... Compare Integers ... ٢٤٦

پێداچوونەوە .... Review ... ٢٤٨

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە .... Standardized test prep ... ٢٤٩

بەشی ١

ژمارەکان
Numbers

هەڵاڵەی گوڵەکان لە دروستکردنی دەرماندا بەکاردێن. لە جیهاندا ناویان لێناوە بە یەکەم خۆراکی دروست. هەڵاڵە لە باشترین و بەهاترین جۆرە، چونکە هەموو بنەماکانی پێویست بۆ سیستەمی خواردەمەنی هاوسەنگی تێدایە.

پرسیارێك بۆ شیکار کام دەنکە هەڵاڵە لەوانەی کە لە خشتەکەدا هاتووە بچووکترە؟

پێوانی دەنکە هەڵاڵە

جۆری هەڵاڵە	پێوانەکەی
زەنبەقی گەورەی ئاو	٠,٠٢ سم
نەفلی وەنەوشەیی	٠,٠٠٠٢ سم
گوڵە بەهارە	٠,٠٠٢٥ سم
گوڵی لووتە گۆلك	٠,٠٠١٥ سم

هەڵاڵەی زەنبەقی گەورەی ئاو

نەفلی وەنەوشەیی و هەڵاڵەکەی

گوڵە بەهارە و هەڵاڵەکەی

گوڵی لووتی گۆلك و هەڵاڵەکەی

زانیارییەكانت ساغبكەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەكار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیارییانەی كەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

بەدرێژی expanded form
ڕەنووسەكان digits
فاریزەی دەیی decimal point
نووسین بە ڕەنووس writing in digits
ژمارەی تەواو integer
ژمارەی دەیی decimal numbers
هاوتان equivalent

زاراوەكان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەكەدا هەڵبژێرە.

١ ژمارە ٤+٣٠+٥٠٠ بە ___؟___ نوسراوە.

٢ هێماكانی ٠، ١، ٢، ٣، ٤، ٥، ٦، ٧، ٨، ٩ پێیان دەووترێت ___؟___ .

٣ لە ژمارەی دەییدا بە ___؟___ یەكان لە خانەكانی دەیی جیادەكرێتەوە.

٤ ژمارە دەییە هاوتاكان لەگەڵ ئەو ژمارانە___؟___ كە مانای هەمان هێندە هەیە.

٥ ئەو ژمارەی ڕنووسێك یان زیاتری لە لای ڕاستی فاریزەكەوە هەیە پێیدەووترێت ___؟___ .

بەهای خانەیی

بەهای ڕەنووسی شین لە هەریەك لەم ژمارانە بنووسە.

٦ ٤١٨ ٧ ١٢ ٣٠٠ ٨ ١٠٨ ٥٤٣ ٩ ٥١٢ ٥٧٠

١٠ ٨٩١ ٥٦٣ ١١ ٢٠ ٤٥٦ ١٢ ٦ ٢٥٧ ١٣ ٩٢ ٥١٦ ٧٨٢

خوێندنەوە و نووسینی ژمارەكان

ژمارەكان بە ڕەنووس بنووسە.

١٤ هەشتا و حەوت هەزار و چل و دوو

١٥ ٢٠ ٠٠٠ + ٣ ٠٠٠ + ٥٠ + ٦

١٦ چواردە و سێ دەیەك «چواردە و لەدەیا سێ»

١٧ ٣ ٠٠٠ + ٢٠ + ٧ + ٠,٢

ئەو ژمارە دەییە بنووسە كە بەشە ڕەنگكراوەكە دیاردەكات.

١٨ 

١٩ 

٢٠ 

ژمارەكە بەشێوەی درێژی بنووسە.

٢١ ٢ ٤١٢ ٢٢ ٣٨٧ ٢٣ ١٣ ٠٨٧ ٢٤ ٣٥ ٩٠٢

ژمارەكە بەشێوەی پیت بنووسە.

٢٥ ٤٠٩ ٢٦ ٥ ١٠٢ ٢٧ ١٤ ٠١٣ ٢٨ ١٦ ٨٧٠

وانەی
١

ملیۆنان و ملیاران

Millions and Billions

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٠ × ٢٠
٢ ١٠ × ٣٨٠
٣ ١٠ × ٤٤
٤ ١٠ × ٤ ٨٣٠
٥ ١٠ × ١٦ ٩٠٠

زاراوەکان

ملیار billion

فێربە

نزیکەی یەك ملیۆن کەس لەسەر ڕێگا و کەنارەکانی ولایەتی فلۆریدای ئەمریکا، بۆ چاودێری هەڵدانی ئەپۆلۆی ١١ کۆبونەوە. ئایا پێویستیت بە ١٠٠ تۆری چوارگۆشەیی (١٠×١٠) زیاتر یان کەمتر هەیە، بۆ نواندنی ملیۆن؟ ئەمە ڕوونبکەرەوە.
نزیکەی ٧٢٦ ٣٠٠ ٠٠٠ کەس، نیل ئارمسترۆنغ یان بینی کاتێ یەکەم هەنگاوی نا لەسەر ڕووی مانگ، دەتوانرێ ئەم ژمارەیە لە خشتەی خانەکاندا تۆماربکرێت.

ملیۆنان			هەزاران			یەکەکان		
سەدان	دەیان	یەکان	سەدان	دەیان	یەکان	سەدان	دەیان	یەکان
٧	٢	٦	٣	٠	٠	٠	٠	٠

نووسین بە ڕەنووس: ٧٢٦ ٣٠٠ ٠٠٠

نووسین بە درێژی:

٧٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ + ٢٠ ٠٠٠ ٠٠٠ + ٦ ٠٠٠ ٠٠٠ + ٣٠٠ ٠٠٠

نووسین بەپیتی: حەوت سەد و بیست و شەش ملیۆن و سێ سەد هەزار.

▲ کەشتی ئاسمانی ئەپۆلۆی ١١ لە ١٦ی تەمموزی ساڵی ١٩٦٩ زەوی بەجێهێشت. یەکەمین کەشتی ئاسمانی بوو کە سەرنشینانی لەسەر ڕووی مانگ دابەزین.

ملیاران

شازادە سلطان کوری سلمان یەکەمین گەشتەوانی ئاسمانی عەرەبیە. بەشداری لە گەشتی کەشتی ئاسمانی دیسکۆڤەری لە بەرواری ١٩٨٥/٦/١٧ کرد. گەشتەکە زیاتر لە ٧ ڕۆژی خایاند.
گەشتەکە زیاتر لە ١٩ ٤٠٧ ١٣٤ ٠٠٠ دۆلاری ئەمریکی تێچوو.
ملیار بریتییە لە ١ ٠٠٠ ملیۆن.

ملیاران			ملیۆنان			هەزاران			یەکەکان		
سەدان	دەیان	یەکان	سەدان	دەیان	یەکان	سەدان	دەیان	یەکان	سەدان	دەیان	یەکان
	١	٩	٤	٠	٧	١	٣	٤	٠	٠	٠

نووسین بە ڕەنووس : ١٩ ٤٠٧ ١٣٤ ٠٠٠

نووسین بە درێژی : ٤ ٠٠٠ + ٣٠ ٠٠٠ + ١٠٠ ٠٠٠ + ٧ ٠٠٠ ٠٠٠ + ٤٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ + ٩ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠
+ ١٠ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠

نووسین بەپیتی: نۆزدە ملیار و چوارسەد و حەوت ملیۆن و سەد و سی و چوار هەزار.

ساغبکەوە

١ نووسین بەپیت بۆ ژمارە ٣ ٤٥٠ ٦٣٢ لەگەڵ نووسین بەدرێژی بەچی لەیەکدەچن؟ بەچی لەیەکتر جیاوازن؟

٢ ژمارە سێ و سێ ملیۆن و دوو سەد و حەوت هەزار و دوازدە بە ڕەنووس بنووسە.

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

هەر ژمارەیەك بە ڕەنووس بنووسە.

٣ بیست و یەك ملیۆن و یازدە هەزار و دوو سەد و دوازدە.

٤ پەنجا و پێنج ملیار و دوو ملیۆن و سەد و شانزە هەزار و حەفت.

بەهای ڕەنووسی شین بۆهەر ژمارەیەك بنووسە.

٥ ٣٥ ٤٢٧ ٢٣١   **٦** ٧٨٠ ٩٠٤ ٦٥٢   **٧** ٩ ١٢٤ ٤٣٢ ٢١٢   **٨** ١٤ ٩٥٦ ٦٣٠ ٢١٠

لەکام لەم دوو ژمارەیە ڕەنووسی ٧ بەهای خانەی بەرز دیاری دەکات؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

٩ أ ١٧ ٨٥٤   ب ١٠٥ ٠٧٩

١٠ أ ٧ ٠٨٩ ٠٠٠ ٠٠٠   ب ٧ ٠٨٩ ٠٠٠

١١ أ ٧٥٠   ب ٧٥٠ ٠٠٠

١٢ نووسینی ژمارەکە بە پیتی تەواوبکە. ٢ ٩٨٤ ٠٥٢ ٦٨١

دوو ملیار و ___؟___ و هەشتا و چوار ملیۆن و پەنجاو دوو هەزار و ___؟___ و هەشتا و یەك.

تەواوبکە.

١٣ ١+٥٠ + ▒ + ٦٠ ٠٠٠ + ٥٠٠ ٠٠٠ + ١ ٠٠٠ ٠٠٠ + ٧٠ ٠٠٠ ٠٠٠ + ▒ + ٥ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠ = ٥ ٣٧١ ٥٦٠ ٨٥١

هەر ژمارەیەك بە دوو شێوەی تر بنووسە.

١٤ دوو ملیۆن و سێ سەد و شەش هەزار و پانزە.

١٥ ١+١٠٠+١٠ ٠٠٠+١٠ ٠٠٠ ٠٠٠+١ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بەکاربهێنە بۆ شیکاری پرسیاری ١٦ و ١٧

دووری لە خۆر	
هەسارە لە سیستمی خۆریدا	ناوەندی دووری لە خۆر (کم)
عەتارد	٥٧ ٨٧٠ ٠٠٠
زەوی	١٤٩ ٥٠٠ ٠٠٠
نبتۆن	٤ ٤٩٥ ٠٠٠ ٠٠٠
بلۆتۆ	٥ ٨٩٦ ٠٠٠ ٠٠٠

١٦ کام هەسارەیە نزیکەی ٦ ملیار/کم لە خۆرەوە دوورە؟

١٧ هەسارەی نبتۆن نزیکەی چەند ملیار/کم لە خۆرەوە دوورە؟

١٨ **هەڵە لەکوێدایە؟** توانا ووتی ژمارە ٢٠ ٠٠٠ ٢٠٠ دوو ملیۆن و دووسەد هەزارە؟ هەڵە لەکوێدایە؟ نووسینی ژمارەکە بە پیتی ڕاست بکەوە.

١٩ **ڕێنوێنی** بچووکترین ژمارە لە ٩ ڕەنووس پێکهاتبێ وڕەنووسەکان دووبارە نەبووبنەوە کامەیە بەهای خانەیی ڕەنووسی ٢ لەو ژمارەیە چەندە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

بەهای ڕەنووسی شین چەندە؟

٢٠ ٧٣ ٢١٥   **٢١** ٦٧٨ ٦٢١

لەهەر بەستەیەك ١٠٠ پارچە دراو لە جۆری ٥٠٠ دیناری هەیە.

٢٢ چەند پارچە ٥٠٠دیناری لە ١٠ بەستەدا هەیە؟

٢٣ چەند بەستە بەرامبەر ٥٠ ٠٠٠ دینارە؟

پیتی گونجاو بۆ ژمارەکان هەڵبژێرە کە شێوازەکە تەواودەکات.

٢٤ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە — ٩، ١٢، ١٥، ١٨

أ ١٩، ٢٠، ٢١   ج ٢٠، ٢٣، ٢٦

ب ٢١، ٢٤، ٢٧   د ٢٣، ٢٥، ٢٧

وانەی ٢

ڕیزکردنی ژمارەکان
Ordering numbers

پێداچوونەوەی خێرا

بەهای ڕەنووسی شین چەندە؟

١ ٦٠
٢ ٤ ٢٦٠
٣ ٥ ٢٥٩
٤ ٢ ٨٥٤
٥ ١١ ٤٦٣

فێربە

گریمان کۆمپانیای ئاسیاسێل ٥٦ ٩٤٦ سیم کارتی لەماوەی ساڵێکدا فرۆشت. وە لە کۆمپانیای کۆڕەك ٥٦ ٨٠٣ سیم کارتی فرۆشت. کام لەم دوو کۆمپانیایە زۆرترین ژمارەی فرۆشتووە؟ دەتوانی هێڵی ژمارەکان بەکاربهێنی.

لە بیرتبێ

لەسەر هێڵی ژمارەکان. ئەو ژمارانەی کە لەلای چەپن بچووکترن لەو ژمارانەی کە لەلای ڕاستن.

نموونە

ڕەنووسەکان لەهەر خانەیەکدا بەراوردبکە. دڵنیابە لە جیاوازیان.

هەنگاوی ١

دەیانی هەزاران بەراوردبکە

٥٦ ٩٤٦
↓ یەکسانن
٥٦ ٨٠٣

هەنگاوی ٢

هەزاران بەراوردبکە.

٥٦ ٩٤٦
↓ یەکسانن
٥٦ ٨٠٣

هەنگاوی ٣

سەدان بەراوردبکە

٥٦ ٩٤٦
↓ ٩ > ٨
٥٦ ٨٠٣

کەواتە، ٥٦ ٩٤٦ > ٥٦ ٨٠٣

لەبەر ئەوەی ٥٦ ٩٤٦ > ٥٦ ٨٠٣ کەواتە کۆمپانیای ئاسیاسێل سیم کارتی زۆرتر لە کۆمپانیای کۆڕەك فرۆشتووە.

نموونەی تر

ژمارەکان لە گەورەوە بۆ بچووك ڕیزبکە: ٨ ٤٢٠ ٠٠٠؛ ٨٥٢ ٤١٩؛ ٨ ٥٧٢ ١٣٤

ملیۆنان بەراوردبکە

٨ ٤٢٠ ٠٠٠
٨٥٢ ٤١٩   ٠ < ٨
٨ ٥٧٢ ١٣٤

ملیۆن نیە لە ٨٥٢ ٤١٩ دا

کەواتە ٨٥٢٤١٩ بچووکترین ژمارەیە.

دوو ژمارەی تر بەراوردبکە

٨ ٤٢٠ ٠٠٠
↓ ٤ < ٥
٨ ٥٧٢ ١٣٤

کەواتە

٨ ٥٧٢ ١٣٤ > ٨ ٤٢٠ ٠٠٠

کەواتە ٨ ٥٧٢ ١٣٤ > ٨ ٤٢٠ ٠٠٠ > ٨٥٢ ٤١٩

لەبیرت نەچێ بۆ بەراوردکردن و ڕیزکردنی ژمارەکان، لە چەپەوە دەستپێبکە و لەهەر خانەیەکدا ڕەنووسەکان بەراوردبکە. پاشان ئەم بەراوردکردنە بۆ ڕیزکردنی ژمارەکان بەکاربهێنە.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە کامیان گەورەترە ٧ملیار یان ٧ملیۆن؟

بەراوردبکە. > یان < یان = لە شوێنی ○ دابنێ.

٢ ١٨٠ ٢٢٥ ○ ١٢ ٦٥١ **٣** ٣ ١٤٥ ٢٧٠ ○ ٣ ١٥٤ ٨٣٠ **٤** ١٩٨ ٣٣٥ ○ ١٩٨ ٣٣٥

ژمارەکان لە گەورەترین بۆ بچووکترین ڕیزبکە.

٥ ١٧ ٣٧٩ ؛ ١٣ ٧٩٢ ؛ ١٣ ٩٧٨ **٦** ٩٨٠ ٤٧٢ ؛ ٩٨٠ ٥٢٦ ؛ ٩٨٠ ٤٣٥

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بەراوردبکە. > یان < یان = لە شوێنی ○ دابنێ.

٧ ٥ ٦٥٠ ○ ١٥ ٦٥٠ **٨** ٢٠ ٧٦٧ ٣٠٠ ○ ٢ ٧٦٧ ٠٧١ **٩** ٥٠٩ ٧٨٢ ٦٥٠ ○ ٥٠٩ ٥٦٢ ٧١٠

ژمارەکان لە گەورەترین بۆ بچووکترین ڕیزبکە.

١٠ ٤٩ ٠٨٦ ؛ ٤٩ ٦٨٠ ؛ ٤٨ ٦٩٠ **١١** ٨٩٥ ٠٠٠ ؛ ٨ ٥٩٥ ٠٠٠ ؛ ٨٥٩ ٠٠٠

ژمارەکان لە بچووکترین بۆ گەورەترین ڕیزبکە.

١٢ ١٧٨ ٢٨٦ ؛ ٧٧ ٥٩٠ ؛ ٧٨ ٩٣٥ **١٣** ٣٨ ٩٥٠ ٥٠٠ ؛ ٢٣٤ ٨٥٠ ١٠٠ ؛ ٢٣٤ ٦٥٠ ٢٠٠

ڕەنووسی نادیار کامەیە؟

١٤ ١ ٩٨٨ ٦٧٨ < ١ ٩٨ □ ٦٧٨ **١٥** ١٩٢ ٧١٧ ٥٦٨ < ١٩ □ ٧١٧ ٥٦٨

تەواویبکە. گەورەترین ڕەنووس کە لەتوانادابێت بەکاربهێنە.

١٦ ١٤ □ ٥٩٩ < ١٤٨ ٦٠٠ < ١ □ ٥ ٤٣١ **١٧** ٥ □ ٤١ ٦٠٠ > ٥ ٨ □ ١ ٦٠٠ > ٥ ٩٤١ ٦٠٠

ڕێنوێنی ماڵی داریا لەدووری ٤٥٥ م لە منارەی چۆلیەوە دوورە، ماڵی سارۆ بە ١١٠ م زیاتر لەماڵی داریا لە منارەی چۆلیەوە دوورترە. بەڵام ماڵی ئیبراهیم بە ١٥٠ م کەمتر لە ماڵی سارۆ دوورترە. ئەم زانیاریانە بۆ شیکاری پرسیاری ١٨، ١٩ بەکاربهێنە.

١٨ ماڵی هەریەکەیان چەند لە منارەی چۆلی دوورە؟

١٩ ماڵی کامیان لە منارەی چۆلی نزیکە؟ ماڵی کامیان لە دوورترین ماوەیە؟

٢٠ **پرسیارەکە چیە؟** لە کۆمەڵەیەکی سێ ژمارەییدا. ژمارە ٣٤٥ ٧٩٨ بچووکترینیانە و ژمارە ٣٥٥ ٧٩٨ گەورەترینیانە.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢١ ٩ × ٣ = □ **٢٢** ٨ × ٤ = □

ژمارەکە بە ١ ٠٠٠ گەورەتر بنووسە.

٢٣ ٤ ٠٩٩ **٢٤** ٤٥ ٢٣٠

٢٥ ئەو ژمارە کامەیە ملیۆنێك و حەڤدە هەزار و چوارسەد و شەست و پێنج دەنوێنی؟

أ ١ ١٧٠ ٤٦٥ ج ١ ٠١٧ ٤٦٥

ب ١ ٠١٧ ٦٤٥ د ١ ٠١٧ ٣٤٦

وانەی ٣

بەشەکان لەهەزار و بەشەکان لە دەهەزار

Thousandths and Ten - Thousandths

فێربە

ئەگەر ١ دابەشی ١٠٠٠ بکەیت و بەشێك ڕەنگ بکەیت. ئەوا **یەك بەش لەهەزار** بەدەست دەهێنی وە ئەگەر چوارگۆشە بەشێکت لەسەد گەورەکرد و دابەشتکرد بۆ ١٠ ئەستوونی یەکسان، پاشان یەك ئەستوونت ڕەنگکرد ئەوا بەشێك لەهەزار بەدەست دەهێنیت.



ئەگەر ١ دابەشی ١٠ ٠٠٠ بکەیت ئەوا **بەشێك لە دەهەزار** بەدەستدەهێنیت

١ ÷ ١٠ ٠٠٠ = $\frac{١}{١٠ ٠٠٠}$ = ٠,٠٠٠١ = ١ بەش لە دەهەزار.

دەتوانی خشتەی خانەکان بۆ دیاریکردنی هەر ڕەنووسێك لە ژمارەی دەیی بەکاربهێنی. خشتەی خوارەوە ژمارە ٢,٧ ٨٣٥ دەنوێنێ.

یەکان	,	دەیەکان	بەشەکان لەسەد	بەشەکان لەهەزار	بەشەکان لە دەهەزار
٢	,	٧	٨	٣	٥
١×٢	,	٠,١×٧	٠,٠١×٨	٠,٠٠١×٣	٠,٠٠٠١×٥
٢,٠	,	٠,٧	٠,٠٨	٠,٠٠٣	٠,٠٠٠٥

▲ زانایان بەشەکان لە هەزار بۆ پێوانەی بڕی شلەکان بەکاردەهێنن. یەك مللیلتر بەشێك لە دەهەزاری لیترێك دەنوێنێ.

نووسین بە ڕەنووس : ٢,٧٨٣٥

نووسین بە درێژی : ٢ + ٠,٧ + ٠,٠٨ + ٠,٠٠٣ + ٠,٠٠٠٥

نووسین بە پیتی : دوو، حەوت دەیەك و هەشت بەش لەسەد و سێ بەش لەهەزار و پێنج بەش لە دەهەزار.

- چەند بەش لەهەزار لەبەشێك لەسەدا هەیە؟ لەدەیەك؟ لەیەك؟

لەبیرت نەچێ هەر خانەیەك لەلای ڕاستی فاریزەکە لە ژمارەی دەییدا. دەییەکی ئەو خانەیە دەنوێنێ کە ڕاستەوخۆ لە پێشەوەیەتی.

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارە دەییەکە بنووسە

١ $\frac{٨}{١٠}$ ٢ $\frac{٢٤}{١٠٠}$ ٣ $\frac{٦٧}{١٠٠}$

٤ پێنج بەش لەسەد؟

٥ شەش و چوارە بەش لەسەد؟

زاراوەکان

بەشێك لەهەزار thousandth

بەشێك لە دەهەزار ten-thousandth

ساغبکەوە

١ ژمارەی بەشەکانی دەهەزار لەبەشێك لەهەزاردا چەندە؟ لەبەشێك لەسەد؟ لە دەیەك؟ لە یەك؟

ژمارە دەییەکە بەدرێژی و بەپیتی و لەسەر شێوەی کەرت بنووسە.

٢ ١,٤٠٥ ٣ ٠,١٣٤ ٤ ١,٠٤٥ ٥ ٢,١٠٧ ٦ ٣,٠٠٠٣

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

هەر ژمارەیەك بە درێژی و بە پیتی و لەسەر شێوەی کەرت بنووسە.

٧ ١,٠٦٧ ٨ ٠,١٢٣٤ ٩ ١٢,٠٦٥ ١٠ ٣,٢٠٦ ١١ ١,٥٨٢

هەر ژمارەیەك بە ڕەنووس بنووسە.

١٢ هەشت بەش لەهەزار.

١٣ پەنجاو چوار بەش لە دە هەزار.

١٤ پێنج بەش لەسەد.

١٥ یەك و شەست و دوو بەش لە دە هەزار.

ژمارەکان بەدرێژی بنووسە.

١٦ ٢,٦ ١٧ ٠,٤٣ ١٨ ١,٠٢٦ ١٩ ٧,١٤٧٨

هەریەك لەم ژمارە دەییانە بە پیت بنووسە.

٢٠ ٤,١٢ ٢١ ١١,٠٣ ٢٢ ٣,٢٤٦ ٢٣ ٠,٥٧٥٧

ڕێنوێنی لە ڕاهێنانی ٢٤ تا ٢٧ فاریزەکە لە شوێنێکی هەڵە دانراوە. ژمارە دەییە گونجاوەکە بنووسە.

٢٤ خێرایی ئۆتۆمبیلێك لەسەر ڕێگای خێرا گەیشتە ٥,٠٥ کم/کاتژمێر.

٢٥ سارا نەخۆش کەوت، پلەی گەرمی گەیشتە ٣,٩٥٠ پلە.

٢٦ ڕێباز ٠,٢٥ م بازیدا.

٢٧ هاوار ماسییەکی ڕاوکرد درێژییەکەی ٥,٢م بوو

٢٨ بارستایی ئاوی ناو پەرداخێك ٨٢,٥ گرامە بارستایی ئاوەکە لە نیو پەرداخدا چەندە؟

٢٩ **ڕێنوێنی** ژمارەیەکی دەیی دەکەوێتە ناوەڕاستی دوو ژمارەی ٠,٠٠٢ و ٠,٠٠٣ ئەو ژمارەیە کامەیە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٣٠ ٣,٥ لەسەر شێوەی ژمارەی کەرتدار بنووسە.

٣١ ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیزبکە.

١ ٢٠٥ ٨٦٩ ؛ ١ ٢٠٥ ٨٩٦ ؛ ١ ٢٥٠ ٨٦٩

٣٢ ٣٠ × ٤٠ = ■

٣٣ ١٠ × ٢٠ = ■

٣٤ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) ژمارەی لاکانی چوارگۆشە.

أ ٣ لا

ب ٤ لا

ج ٦ لا

د ٨ لا

وانەی ٤

ڕیزکردنی ژمارە دەیییەکان

Ordering Decimal numbers

پێداچوونەوەی خێرا

بەراوردبکە. > یان < یان = لەشوێنی ● دابنێ.

١ ٤٣ ● ٣٤

٢ ٢٥٠ ● ٢٠٥

٣ ٦٠٠ ● ٦٠٠

٤ ٤٥٠ ● ٤٥٠٠

٥ ٢٦ ٩٨٣ ● ٢٩ ٦٨٣

فێربە

زیاتر یان کەمتر لەیارییەکی جمناستیکدا، سامان ٨,٨٥ خاڵی بەدەستهێنا و سالار ٨,٦٩ خاڵ. کامیان زۆرتری بەدەستهێناوە؟ دەتوانی هێڵی ژمارەکان بۆ بەراوردکردنی ژمارە دەیییەکان بەکاربهێنیت.



دەتوانرێ دووبارە بەهای خانەیی بەکاربهێنرێ بۆ بەراوردکردنی ژمارە دەیییەکان.

نموونە ١

٣,٤٥٢ و ٣,٤٥٦ بەراوردبکە و فاریزەکان لەژێر یەکتر دابنێ، بگەڕێ بەدوای یەکەم خانە کە دوو ڕەنووسی جیاوازی تێدایە.

هەنگاوی ١	هەنگاوی ٢	هەنگاوی ٣	هەنگاوی ٤
لەچەپەوە دەست پێبکە و یەکان بەراوردبکە.	دەیەکیەکان بەراوردبکە.	بەشەکان لەسەد بەوراورد بکە.	بەشەکان لە هەزار بەراورد بکە.
٣,٤٥٢ ↓ ٣,٤٥٦ یەکسانن	٣,٤٥٢ ↓ ٣,٤٥٦ یەکسانن	٣,٤٥٢ ↓ ٣,٤٥٦ یەکسانن	٣,٤٥٢ ↓ ٣,٤٥٦ ٢ < ٦ یان ٦ > ٢

کەواتە ٣,٤٥٦ < ٣,٤٥٢ یان ٣,٤٥٢ > ٣,٤٥٦

نموونە ٢

ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیزبکە: ٢,٤٨٥٣ ؛ ٢,٤٨٤٤ ؛ ٢,٤٨٦٢

هەنگاوی ١	هەنگاوی ٢	هەنگاوی ٣	هەنگاوی ٤
لەچەپەوە دەست پێبکە و یەکان و دەیەکیەکان بەراوردبکە.	بەشەکان لەسەد بەراورد بکە.	بەشەکان لەهەزار بەراورد بکە.	ژمارەکان ڕیزبکە.
٢,٤٨٥٣ ↓ ٢,٤٨٤٤ ↓ ٢,٤٨٦٢ یەکسانن	٢,٤٨٥٣ ↓ ٢,٤٨٤٤ ↓ ٢,٤٨٦٢ یەکسانن	٢,٤٨٥٣ ↓ ٢,٤٨٤٤ ↓ ٢,٤٨٦٢ ٦ > ٥ > ٤	٢,٤٨٥٣ > ٢,٤٨٤٤ > ٢,٤٨٦٢

- لە نموونەی ٢ چۆن ژمارەکان لەگەورەوە بۆ بچووک ڕیز دەکەیت؟

ساغبکەوە

١ ڕوونبکەوە چۆن ڕیزکردنەکە دەگۆڕێت ئەگەر ژمارە ٢,٤ ٨٥٦ بۆ لیستی ژمارەکان لە نموونەی ٢ زیادبکرێت؟

< یان > یان = لەشوێنی ● دابنێ. هێڵی ژمارەکان بەکاربهێنە.

٦,١٠ — ٦,١١ — ٦,١٢ — ٦,١٣ — ٦,١٤ — ٦,١٥ — ٦,١٦ — ٦,١٧ — ٦,١٨ — ٦,١٩ — ٦,٢٠

٢ ٦,١٥٢ ● ٦,١٢٥   **٣** ٦,١٤ ● ٦,١٤٠   **٤** ٦,١١٤ ● ٦,١١٨

٥ ٦,١٠٩ ● ٦,١٩٠   **٦** ٦,١٧٠ ● ٦,١٧٥   **٧** ٦,١٧٦ ● ٦,١٦٧

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

< یان > یان = لەشوێنی ● دابنێ

٨ ٠,٦٥ ● ٠,٦٣   **٩** ١,٤ ● ١,٤٠٠   **١٠** ٢٢٩,٠٣٥ ● ٢٢٩,٤٠٦

١١ ١٣٢,٩٤ ● ١٣٢,٤٨   **١٢** ١٥٦,٩٣٣ ● ١٥٦,٩٨   **١٣** ٩٩,٩٨٩ ● ٩٩,٩٩٨

١٤ ٠,٩٠٥ ● ٠,٩٠٥   **١٥** ٦٣,٩٣٨ ● ٦٣,٩٣٩   **١٦** ٤٧٦,٠٦٩ ● ٤٧٦,٠٩٦

لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین ڕیزبکە.

١٧ ٦,٥٨ ؛ ٦,٣٨ ؛ ٦,٢٩ ؛ ٧,٠٨   **١٨** ١٣,٣٩٣ ؛ ١٣,٣٠٩ ؛ ١٣,٣٣٩ ؛ ١٣,٠٣٩

١٩ ٤,١٠٢ ؛ ٤,١٠٥ ؛ ٤,١١٨ ؛ ٤,١١٠   **٢٠** ١٥,٢٥٩ ؛ ١٥,٣٨٩ ؛ ١٥,٢٩١ ؛ ١٥,٣٠١

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٢١ تا ٢٣ بەکاربهێنە.

مەمکدارە کلك درێژەکان	
مەمکدارەکان	درێژی کلك بەمەتر
فیلی ئەفریقی	١,٢٩
زەرافە	١,٠٩٩
فیلی ئاسیایی	١,٤٨٩
گای ئەفریقی	١,١٠٩
پڵنگ (بەور)	١,٤٠



٢١ درێژییەکان لە کورترینەوە بۆ درێژترین ڕیزبکە.

٢٢ کام دوو گیانەوەر کلکی هەریەکێکیان لە کلکی فیلی ئەفریقی درێژترە؟

٢٣ **مانای ژمارە** کام لەم گیانەوەرانە درێژی کلکی لە ١,٣٠م درێژترە و لە ١,٤٥م کورترە؟

٢٤ **بنووسە** چۆن دوو ژمارەی ١,٢٣ و ١,٢٧ بەراورد دەکەیت. ڕوونبکەوە.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٥ ڕاستە یان هەڵەیە؟ ١,١١١ > ١١

٢٦ ژمارە ٣,٠٢٥ بە پیتی بنووسە.

٢٧ ٢,٩٨ − ١,٨٠   **٢٨** ١,١٥ + ٤,٢٥

٢٩ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) کام ژمارە دەیی هاوتا نیە بە ژمارە پێنج دەیەکی و بەشێك لە سەد؟

أ ٠,٥٠١   ج ٠,٥١٠

ب ٠,٥١٠٠   د ٠,٥١

وانەی ٥

کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان

دۆزینەوەی ئەنجامەکان

Problen Solving Skills

Finding Results

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٤ × ٧

٢) ١٨ ÷ ٦

٣) ٢٥ ÷ ٥

٤) ١٢٠ ÷ ١٢

٥) ٢٤,٠٨ ÷ ١٠

تێبگە | پلاندانان | شیکاربکە | ساغبکەوە

بیربکەوە هەندێ جار وا پێویستە پێدراوەکان شیبکەیتەوە بۆئەوەی ئەنجام بەدەستبێنی.

خشتەکە و ئەستوونی ڕوونکردنەوەییەکە ڕاستی تاقیکردنەوە لەسەر پێنج ڕووەك لەهەمان جۆر دەخاتە ڕوو.

دەتوانی پێدراوەکان بۆ دۆزینەوەی ئەنجامەکان بەکاربهێنی.

گەشەی ڕووەکەکان



دڵۆپە خۆراکیەکان

نەمام	ژمارەی دڵۆپەکان
أ	١
ب	٥
ج	٩
د	١٣
هـ	١٧

شیکردنەوە	دەرئەنجام
• سەرنج لە ئەستوونە ڕوونکردنەوەییەکە بدە کام ڕووەك گەشەی زۆرترە؟	ڕووەکی (ج) زۆرترین گەشەی کردووە.
• سەرنج لە خشتەکە بدە درێژترین ڕووەك چەند دڵۆپەی وەرگرتووە؟	ڕووەکی (ج) ٩ دڵۆپەی وەرگرتووە.
• تێبینی چ پەیوەندییەك لەنێوان ژمارەی دڵۆپەکان و گەشەی ڕووەکەکان دەکەیت؟	ئەگەر ژمارەی دڵۆپەکان لە ٩ زیاتر نەبێت، ئەوا گەشەی ڕووەکەکان زیاد دەکات. وە ئەگەر ژمارەکە لە ٩ زیاتربێت ئەوا گەشەی ڕووەکەکان کەمدەکات.

- پوختەی ئەنجام لەبارەی ڕووەکەکانی (أ) و (ب) و (ج) کامەیە؟ لەبارەی دوو ڕووەکی (د) و (هـ)؟
- ئەگەر تێکڕای گەشەی ڕووەکی (د) ٥٣,٨٩سم وە ڕووەکی (هـ) ٨٣سم بێت لەبارەی پێنج ڕووەکە چیت بەدەست دەکەوێت؟

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

ئایا دەتوانی لە پرسیارەکانی ١ تا ٤ پوختەی ئەنجامی دیاریکراو لە پێدراوەکان بەدەستبهێنی؟ بەڵێ یان نەخێر بنووسە. پاشان کارەکەت ڕوونبکەرەوە.

لە پۆلەکەی مامۆستا کامەران ٢٥ قوتابی هەیە، درێژییەکانیان لەنێوان ٨٣ و ١٠٠سم دایە.

١ هەموو قوتابیان درێژییان لە ٩٠سم زیاترە.

٢ درێژترین قوتابی لە پۆلی مامۆستا کامەران درێژییەکەی لە ٩٦سم زیاترە.

٣ هەموو قوتابیان لەمامۆستا کامەران کورتترن.

٤ جیاوازی نێوان درێژترین و کورتترین قوتابی ١٧سمە.

زارا ویستی شیرینی لەجۆری پارچەی بچووك بکڕێت. وای بۆدەچێت کە قووتووی شیرینییە گەورەکە خواستەکەی دێنێتەدی. قووتووە گەورەکە ١٠ پارچەی تێدایە. بەڵام بچووکەکە ٨ پارچەی تێدایە. بارستایی قووتووە بچووکەکە ٣,٢٠کگم و بارستایی قووتووە گەورەکە ٣,٩٠کگم.

٥ کام بڕ بارستایی پارچەکە لە قووتووە بچووکەکە نیشاندەدات.

أ ٣٢٠ × ٨

ب ٣٢٠ × ٢٠

ج ٣٢٠ ÷ ٨

د ٣٢٠ × ١٠

٦ کام ئەنجام پوختەی پێدراوەکانە.

أ بارستایی پارچەکە لەقووتووە بچووکەکە کەمترە

ب بارستایی پارچەکە لە قووتووە گەورەکە کەمترە

ج بارستایی پارچەکە لەهەردوو قووتووەکە وەکیەکن

د بارستایی پارچەکە لە قووتووە بچووکەکە دوو ئەوەندەی بارستاییەکەیەتی لە قووتووە گەورەکە.

جێبەجێکردنە جیاوازەکان

بەکارهێنانی پێدراوەکان

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیارەکانی ٧ تا ١١ بەکاربهێنە.

٧ ئایا بارستایی گیانەوەرەکە خێراییەکەی دیاردەکات؟ ئەمە ڕوونبکەوە.

٨ **هەڵە لەکوێیە؟** باران دەڵێ گیانەوەر تا بڕی خۆراکی زۆربێت ماوەی خەوتنی زۆرترە. هەڵە لەووتەی باران دیاربکە.

٩ کام گیانەوەر زۆرترین بڕ لەسەوزە و میوە دەخوات؟ ڕۆژانە چەند کیلۆگرام دەخوات؟

١٠ ورچ چەند کاتژمێر زیاتر لە فیل دەخەوێت هەروەها لە زەرافە؟

١١ **پرسیارەکە چییە؟** پێدراوەکانی خشتەکە بەکاربهێنە. وەڵام بریتییە لە دووئەوەندەی هێندەکە.

گیانەوەرەکان

	فیل	ورچ	زەرافە
بارستایی	٤ ٤٥٠ کگم	٧٢٥کگم	١١٨٠کگم
خێرایی	٥١ کم/ك	٤٨ کم/ك	٥١ کم/ك
کاتی خەوتن لەڕۆژێکدا	١٨٠خ	٨ك	٢٤٠ خ
بڕی میوە و تەڕەی بەکارهاتوو لەڕۆژێکدا	١ ٨٠٠ گم	٠,٩ کگم	١٠٠ گ

١ کیلۆگرام (کگم) = ١ ٠٠٠ گرام (گ)

١ کاتژمێر (ك) = ٦٠ خولەك (خ)

بەشی ١

پێداچوونەوە
Review

ملیۆن million

ملیار billion

هەزار thousand

دەیەك tenth

بەشێك لەسەد hundredth

بەشێك لەهەزار thousandth

بەشێك لەدەهەزار ten- thousandth

دڵنیابوون لە زاراوەكان و چەمكەكان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەكەدا هەڵبژێرە.

١ هەزار هەزار بریتییە لە ___؟___ .

٢ هەزار ملیۆن بریتییە لە ___؟___ .

٣ ئەو ژمارە دەییەی كەبەشێك لە ١٠ بەشی یەكسان لەیەك دەنوێنێ بریتییەلە ___؟___ .

٤ ئەگەر ١ دابەشی هەزار بكەیت ئەوا ___؟___ بە دەست دێنی.

٥ ژمارەی دەیی یان كەرت كەبەشێك لە ١٠٠ بەشی یەكسان لەیەك دەنوێنێ بریتییە لە ___؟___ .

دڵنیابوون لە كارامەییەكان

ژمارە دەییەكە بەڕەنووس بنووسە.

٦ بیست و یەك و بیست و یەك بەش لە سەد.

٧ حەوت و ٦ دەیەك.

٨ سێ سەد ، و چل و نۆ بەش لەهەزار.

بەهای ڕەنووسی شین لەهەر ژمارەیەك بنووسە.

٩ ١٦٢ ٤٠٨

١٠ ٨٧ ٩١٤

١١ ٥ ٣٢٣ ٠٢٢

١٢ ٢٧ ١٤٠ ٦٥٢

> یان < یان = لەشوێنی ● دابنێ.

١٣ ١٠٤ ٦٩٠ ● ١٤٠ ٦٩٠

١٤ ٣ ٢٥٠ ● ١٣ ٢٥٠

١٥ ٩ ٧٨٢ ٦٥٠ ● ٩ ٧٨٢ ٦٥٠

هاوتان یان هاوتانین بۆ هەریەك لە جووتە ژمارە دەییەكان بنووسە.

١٦ ٠,٦٥٠ و ٠,٦٥

١٧ ٩,٥٠٢ و ٩,٥٢

١٨ ٣,٠٠٤٠ و ٣,٠٤٠

١٩ ١٠,٠١ و ١٠,٠١٠

ژمارەكان لە بچووكەوە بۆ گەورە ڕیزبكە.

٢٠ ١٤ ٣٢٦ ؛ ١٤ ٦٢٣ ؛ ١٣ ٤٢٦

٢١ ٥,٩٨ ؛ ٥,٩٠٨ ؛ ٥,٨٠٩

٢٢ ١ ٥٠٧ ٣٦٩ ؛ ١ ٥٠١ ٣٦٩ ؛ ١ ٥٠٢ ٣٦٩

٢٣ ٦,٩٦٩ ؛ ٩,٦٩٦ ؛ ٦,٦٩٦

دڵنیابوون لە شیكاری پرسیارەكان

٢٤ لەوەرزی ترێ ڕنیندا زریا ٤٣,٧٥ كگمی لە ٧ كاتژمێردا ڕنی. بەڵام دانا ٥٦,٢٥ كیلۆگرامی لە ٩ كاتژمێردا ڕنی، پوختەی ئەنجام لەم پێدراوانە چییە؟

٢٥ زاناكان خەون بەدروستكردنی كەشتیەكی ئاسمانیە وە دەبینین لەدوا ڕۆژدا كە بەخێرایی ١٠٠ ٠٠٠ كم لە چركەیەكدا بڕوات. ئەم كەشتیە بەچەند چركە ملیۆنێك كیلۆمەتر؟ ١٠ ملیۆن كم؟ ملیار كم دەبڕێت؟

بەشی ١

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

Standardized Test Prep

ئاگاداربە! CAUTION!

بەدوای ووشە گرنگەکاندا بگەڕێ

ووشە گرنگەکە لە پرسیاری ٤ ئەوەنیە.

ئەمەش پێویستە کە بەها جیاوازەکە بۆ یەك ملیار بدۆزیتەوە.

وەڵامی ڕاست بۆ پرسیارەکانی ١ تا ٨ هەڵبژێرە.

١ نووسین بە ڕەنووس بۆ ژمارە

٢ + ٢٠٠ + ٢٠ ٠٠٠ + ٢ ٠٠٠ ٠٠٠، بریتییە لە

أ ٢ ٠٢٠ ٢٠٢ ج ٢ ٢٢٠ ٢٢٠

ب ٢ ٢٢٢ د ٢٢٠ ٢٠٢

٢ نووسین بەپیتی بۆ ژمارە ٨,٠ ٠١٩ بریتییە لە

أ هەشت و نۆزدە ج هەشت و نۆزدە بەش لەهەزارا

ب هەشت و نۆزدە دەیەك د هەشت و نۆزدە بەش لەدەهەزارا

٣ شێوەی کەرتی بۆ ژمارە ٠,٩ بریتییە لە

أ $\frac{١}{٩}$ ب $\frac{٩}{١٠}$ ج $\frac{٩}{١٠٠}$ د $\frac{٩}{١٠٠٠}$

٤ کام لەم ژمارانە هاوتای ملیار نییە؟

أ ١٠٠ دەملیۆن ج ١ ٠٠٠ ٠٠٠ هەزار

ب ١ ٠٠٠ ملیۆن د ١٠ ٠٠٠ دەهەزار

٥ کام لەم هێمایانە وادەکات ڕستەکە ڕاست بێت؟

١ ٠٦٤ ٦١٥ ● ١ ٠٤١ ٥٧٨

أ = ب > ج < د +

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٦، ٧ بەکاربهێنە.

ئەو زمانانەی کە لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێی دەدوێن	
زمان	ژمارەی کەسان
فەرەنسی	١ ٧٠٢ ٠٠٠
عەرەبی	٢ ٦٤٠ ٠٠٠
چینی	١ ٢٤٩ ٠٠٠
ئیسپانی	١٧ ٣٣٩ ٠٠٠

٦ کام لەم زمانانە زۆرترین کەس پێی دەدوێن

أ فەرەنسی ج چینی

ب عەرەبی د ئیسپانی

٧ کام لیست زمانەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیز دەکات بەپێی ژمارەی قسەکاران.

أ ئیسپانی، فەرەنسی، چینی، عەرەبی

ب عەرەبی، چینی، ئیسپانی، فرەنسی

ج چینی، فرەنسی، عەرەبی، ئیسپانی

د فرەنسی، عەرەبی، ئیسپانی، چینی

٨ بەهای ڕەنووسی ٩ لە ژمارە ٣,٥٩٦ چەندە؟

أ ,٠٠٩ ب ٠,٠٩ ج ٠,٩ د ٩٠٠

ئەوەی دەیزانی بینووسە Write What You Know

٩ بۆچی ٣,٠٢ لەگەڵ ٣,٠٢٠ هاوتایە و بەڵام هاوتانیە لەگەڵ ٣,٠٠٢؟

١٠ چۆن دەزانی کە ٣٥٠ ٠٠٠ یەکسان نییە بە ٣٠٥ ٠٠٠؟

١١ دوو ژمارەی دەیی کەمترە لە ١، وە هەریەکیان چوار ڕەنووس لەلای ڕاستی فاریزەکە لەخۆدەکرن. لە هەریەکیاندا ڕەنووسی ٩ دەکەوێتە خانەی دەیەك و ڕەنووسی ٧ دەکەوێتە خانەی بەشەکان لە هەزار، ڕوونبیکەوە چۆن «بەراورد» لەنێوان ئەو دوو ژمارەیەدا دەکەیت؟

بەشی ٢

کۆکردنەوە و لێدەرکردن

Adding and Subtracting

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ژمارەی ئەو گیانەوەرانەی کە مەترسی لەناو چوونیان لەسەرە زیاددەکات لە وولاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا زیاتر لە ١ ٠٠٠ جۆر گیانەوەر هەیە کە مەترسیان لەسەرە بۆ لەناوچوون.

پرسیارێك بۆ شیکار

ژمارەی جۆری مەمکدارەکان کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە چەندی زیاترە لە ژمارەی جۆری ماسییەکان و مێرووەکان و خشۆکەکان کە مەترسی لەناوچوونیان لەسەرە.

جۆرەکانی کەمەترسی لەناوچونیان لەسەرە

پۆل	ژمارەی جۆرەکان
باڵندەکان	٢٧٤
ماسییەکان	١١٩
مێرووەکان	٤١
مەمکدارەکان	٣٣١
خشۆکەکان	١١٤

زانیارییەکانت ساغبکەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەکار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

زاراوەکان

سەرجەم sum
جیاوازی difference
ئەنجامی لێکدان product
ڕەنووس digit
بەش لەسەد hundredth
بەش لەهەزار thousandth
دەیەك tenth

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ ___؟ بریتییە لە ئەنجامی کرداری لێدەرکردن.

٢ ئەگەر یەك دابەشی ١٠ بکەیت ئەوا ١/١٠ یان ___؟ دەستدەکەوێت.

٣ ئەگەر یەك دابەشی ١٠٠ بکەیت ئەوا ١/١٠٠ یان یەك ___؟ دەستدەکەوێت.

٤ ئەگەر یەك دابەشی ١٠٠٠ بکەیت ئەوا ١/١٠٠٠ یان یەك ___؟ دەستدەکەوێت.

٥ ___؟ بریتییە لە ئەنجامی کۆکردنەوە.

نزیككردنەوە

هەر ژمارەیەك بۆ نزیكترین دە نزیكبکەوە.

٦ ٦٢٥   ٧ ٧٠٤   ٨ ٤ ٧١٢   ٩ ٤٢٧

هەر ژمارەیەك بۆ نزیكترین سەد نزیكبکەوە.

١٠ ٧٠   ١١ ٦ ٣٥٠   ١٢ ٢ ٠٨٩   ١٣ ١ ٤٦٥

ئەژمێر کردنی هزری: بەدوای ڕێسادا بگەڕێ.

ڕێساکە بنووسە. ئەژمێرکردنی هزری بەکاربهێنە.

١٤

ناوەوە	دەرەوە
٧	١٠
١٧	٢٠
٢٧	٣٠
٣٧	٤٠

١٥

ناوەوە	دەرەوە
١٢	٢٠
٢٢	٣٠
٣٢	٤٠
٤٢	٥٠

١٦

ناوەوە	دەرەوە
٦٥	٥٥
٥٥	٤٥
٤٥	٣٥
٣٥	٢٥

١٧

ناوەوە	دەرەوە
١٠٠	٦٥
١٥٠	١١٥
٢٠٠	١٦٥
٢٥٠	٢١٥

سفر لە کۆکردنەوە و لێدەرکردندا.

کۆبکەوە یان لێدەربکە. لەکاتی پێویستدا خرکردنەوە و خوردکردنەوە «هەڵوەشانەوە» بەکاربهێنە.

١٨ ٣٠ − ٢٥

١٩ ٧٠ − ٣٦

٢٠ ٢٠٠ − ١٥٦

٢١ ٧٠٠ − ٢٩٣

٢٢ ٤٠٠ + ٣٥٠

٢٣ ٤,١ − ٢,٧

٢٤ ٦,٥ + ٧,٨

٢٥ ٣٠,٠ − ١٩,٦

٢٦ ٨,٣ + ١١,٩

٢٧ ١٠,٠ − ٩,٨

٢٨ ٧,٩ + ٢,٤

٢٩ ٢,٢ − ١٣,١

وانەی ١

خەملاندنی سەرجەم و جیاوازی

Estimate Sum and Difference

پێداچوونەوەی خێرا

بەهای ڕەنووسی ٥ لەهەر ژمارەیەکدا چەندە؟

١ ٣ ٥٨٢ ٠١٧

٢ ٩ ٠٢٣ ٤٥٦

٣ ٥ ٠٣٤ ٧٦٨

٤ ٢ ٠٥٧ ٣١٦

٥ ١٧ ٠٦٣ ٥٢١

فێربە

لە ڕاپرسیەکدا لەبارەی یارییەکانی جامی عێراقی بۆ تۆپی پێ دەرکەوت نزیکەی ٠٤٠ ٧١٥ کور و ٦٠٣ ١٦٣ کچ لە ڕێگەی تەلەفزیۆنەوە یارییەکانیان بینی. نزیکەی چەند کەس یارییەکانیان بینیوە؟

نموونە ١ سەرجەم بەنزیککردنەوە بخەملێنە.

٧١٥ ٠٤٠ ←	٧٠٠ ٠٠٠	بۆ نزیکترین سەد
+ ١٦٣ ٦٠٣ ←	+ ٢٠٠ ٠٠٠	هەزار نزیکبکەوە
	٩٠٠ ٠٠٠	

نزیکەی ٩٠٠ ٠٠٠ کەس یارییەکانیان بینی

نموونە ٢ نزیکەی١٦٣ ٦٠٣ کچی عێراقی بە گشتی یارییەکانیان بینی لەنێوانیاندا ٥٩٥ ٨ کچیان لە هەرێمی کوردستاندا بوو نزیکەی چەند کچ لە ناوچەکانی تری عێراق یارییەکانیان بینیوە؟

جیاوازی نێوان کچانی عێراقی و هەرێم کە یارییەکانیان بینیوە بەنزیککراوەیی چەندە؟

١٦٣ ٦٠٣ ←	١٦٤ ٠٠٠	بۆ نزیکترین
− ٨ ٥٩٥ ←	− ٩ ٠٠٠	هەزار نزیکبکەوە
	١٥٥ ٠٠٠	

نزیکەی ١٥٥ ٠٠٠ کچ لەبەشەکانی تری عێراق یارییەکانیان دیوە؟

لەبیرت نەچێ دەتوانی سەرجەم یان جیاوازی بە نزیککردنەوەی ژمارەکان بخەملێنی. پێش جێبەجێکردنی کردارە ژمێرەییەکان.

هەروەها دەتوانی لێکدان بەکاربهێنی بۆ خەملاندنی سەرجەم.

نموونە ٣ وا دابنێ کە کچەکان لەسێ ناوچەی جیاوازی عێراقدا یاری کۆتاییان دی ٣ ٨٨٩ لەناوچەی باشور و ٣ ٥٠٤ لە هەرێمی کوردستان و ٤ ٢٣٤ لە ناوچەکانی تر. بەنزیککراوەیی چەند کچ یاری کۆتاییان بینیوە؟

لەبەرئەوەی هەرژمارەیەك نزیکە لە ٤ ٠٠٠ بۆیە دەتوانی کرداری لێکدان بەکاربهێنی.

٤ ٠٠٠×٣ = ١٢ ٠٠٠

کەواتە، نزیکەی١٢ ٠٠٠ کچ یاری کۆتاییان بینیوە.

ساغبکەوە

١ **ڕوونیبکەوە** چۆن ئەژمێرکردنی هزری بۆ خەملاندنی سەرجەم و جیاوازی بەکاردەهێنیت.

بەنزیککردنەوە بخەملێنە.

٢ ٤٣٥ ٤٧٦ − ٢٤١ ١٣١

٣ ٨٤٥ ٠٠٨ + ١٢٤ ٨٩٥

٤ ٧٥٢ ٤٠١ − ٤٩١ ٩٢٢

٥ ٤ ٨٠١ ٤٢١ − ١ ٦٣٢ ٩٧٠

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بەنزیککردنەوە بخەملێنە.

٦ ٤٨٢ ٦٣١ − ٢٢٢ ٩٦٥

٧ ٥٠٢ ٩٦٣ − ١٣٢ ٦٣١

٨ ٤٩٣ ٥٨٢ + ١٨٢ ٧٨٥

٩ ٥ ٤٨٢ ١١٠ − ١ ٢١٦ ٨٥٠

١٠ ١٨٧ ٥٩٠ + ٣٩٧ ٣٥٢

١١ ٤٩٥ ٠٠٨ − ٥١٢ ٨٢٤

١٢ ٣٢١ ٩٤٥ + ٨٩ ٤٠٥

بخەملێنە پاشان بەراوردبکە.< یان > لەشوێنی ● دابنێ.

١٣ ٢٤ ٣٩١ + ٦٩ ٢١٠ ● ٤٥ ٩٢٤ + ٦٨ ٢٥٨

١٤ ٢٤ ٣٩١ + ٧٤ ٣٦١ ● ٢٥ ٩٢٤ − ٩١ ٣٠٨

١٥ ١٤ ٦٣٨ − ٨٢ ٣٥٦ ● ١٣ ٧٢٥ − ٨٦ ٥٥١

١٦ ٨٩ ٢٠٤ + ٢٣ ٦٨٩ ● ٢٩ ٥٦٣ + ٨٦ ٩٣١

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیارەکانی ١٧ تا ١٩ بەکاربهێنە.

ئامادەبووانی یارییەکانی جامی لوبنان بۆ باسکە

سال	کەس
١٩٩٢	٣٧ ٧٤٠
١٩٩٣	١٢٨ ٢٣٨
١٩٩٤	٣٠ ١١٥
١٩٩٥	١٢ ١٤٦
١٩٩٦	٢ ٠٢٠

١٧ سەرجەمی ئامادەبووان لەهەموو ساڵەکاندا بەنزیککراوەیی چەند کەس بوون؟

١٨ ژمارەی ئامادەبووانی ساڵی ١٩٩٣ چەندی زیاترە لە ساڵی ١٩٩٢؟

١٩ وادابنێ ژمارەی بەشداربووان لە ساڵی ١٩٩٣دا، ١٦ ٢٠٩ کەسیان لەڕەگەزی عەرەبی دەرەوەی لوبنان و ٨ ٠٤٧ کەسیان لەڕەگەزی بێگانەبوون. چەند کەسی لوبنانی ئامادەی یارییەکەبوون؟

٢٠ **پرسیارەکە چییە؟** هەستی و سێ لە هاوڕێکانی لە ڕیزێك لەبەرامبەر کۆگای یارییە ئەلیکترۆنیەکان وەستابوون. هەستی ڕاستەوخۆ لەدوای دڵشاد و لەپێش دڵزارەوە بوو. دڵدار لەکۆتایی بوو. وەڵام دڵشاد.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢١ ٤ ٩٥٤ + ٢ ٦٠٨ =

٢٢ کام لەم دوو ژمارەیە، ٥٢,٧ یان ٥٢,٧٠٠، هاوتایە بۆ ژمارەی دەیی ٥٢,٧٠؟

٢٣ بەراورد لە نێوان ٧٠٦٤ و ٧٦٤٤ بکە بە بەکارهێنانی یەکێك لەهێماکانی < یان > یان = .

٢٤ ١ ٤٣٥ ٩٨٧ بۆ سەدهەزار نزیکبکەرەوە.

٢٥ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە — نزیککردنەوەی ژمارە ٥ ٥٦٧ ٣٩٨ بۆ نزیکترین سەدهەزار کامەیە؟

أ ٥ ٠٠٠ ٠٠٠

ب ٥ ٦٠٠ ٠٠٠

ج ٦ ٠٠٠ ٠٠٠

د ٦ ٥٠٠ ٠٠٠

وانەی ٢

کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارەکان

Adding and Subtracting Numbers

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٤٥٠ + ٥٥٠

٢) ٥ ٧٠٠ − ٢ ٢٠٠

٣) ٤ ٢٠٠ + ٦٠٠

٤) ٤ ٠٠٠ + ٨ ٠٠٠ + ٦ ٠٠٠

فێربە

یارمەتی گیانداران بدە

هەندێك زانای خۆبەخش یارمەتی دووبارە گێڕانەوەی گیانەوەری (لاق ڕەش) دەدەن تا لەژینگە سروشتییەکەی خۆیدا بژی. خۆبەخشەکان ٢ ٣٨٥ کاتژمێر کاریان لەماوەی ئەم ساڵدا تۆمارکرد وە ١ ٠٩٨ کاتژمێر لەماوەی ساڵی ڕابردوودا. خۆبەخشەکان چەند کاتژمێریان لەماوەی ئەم دوو ساڵەدا تۆمارکردووە؟

▲ لاق ڕەش (لەگۆڕ هەڵکەنە دەچێت)

نموونە ١

کۆبکەوە ٢ ٣٨٥ + ١ ٠٩٨

بخەملێنە ٢ ٠٠٠ + ١ ٠٠٠ = ٣ ٠٠٠

```
   ١١
 ٢ ٣٨٥
+١ ٠٩٨
 ------
 ٣ ٤٨٣
```

لەیەکانەوە دەستپێبکە ولە کاتی پێویستدا کۆبکەوە

ئەگەر ژمارەی کاتژمێرەکان کە خۆبەخشەکان تۆماریان کردووە ٣ ٤٨٣ کاتژمێر بێت لەبەرئەوەی ٣ ٤٨٣ نزیکە لەژمارەی نزیککراوی ٣ ٠٠٠. کەواتە وەڵامەکە شیاوە.

نموونە ٢

ژمارەی کاتژمێرە تۆمارکراوەکانی ئەمساڵ چەندی زیاترە لە ژمارەی کاتژمێرەکانی ساڵی پار؟

لێدەربکە ٢ ٣٨٥ − ١ ٠٩٨

بخەملێنە ٢ ٠٠٠ − ١ ٠٠٠ = ١ ٠٠٠

```
    ١٧
  ٢ ٧ ١٥
 ٢ ٣ ٨ ٥
−١ ٠ ٩ ٨
 --------
 ١ ٢ ٨ ٧
```

لەیەکانەوە دەستپێبکە لە کاتی پێویستدا خوردبکەوە

کەواتە خۆبەخشەکان ١ ٢٨٧ کاتژمێریان لەماوەی ئەمساڵدا زیاتر لەساڵی ڕابردوو تۆمارکردووە. لەبەرئەوەی ١ ٢٨٧ نزیکە لە ژمارەی نزیککراوی ١ ٠٠٠ کەواتە وەڵامەکە شیاوە.

- بەهای خانەیی لەهەردوو کرداری کۆکردنەوە و لێدەرکردن چۆن بەکاردەهێنیت؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن بەهای خانەیی دەناسی کەپێویستە یەکەمجار خڕکردنەوەی تێدا ئەنجام بدرێت لەکرداری کۆکردنەوە.

سەرجەم یان جیاوازی ئەژمێربکە. بخەمڵێنە بۆ ساغکردنەوە.

٢ ٦ ٣١٧ + ٨ ٩٠٣

٣ ١٢ ٩١١ − ١٠ ٢٦٠

٤ ١١ ٠٠٤ + ٨ ٩٨٦

٥ ٦٧ ٤١١ − ٢٩ ٨٩٧

٦ ٩٨ ٦٢٣ − ٧١ ١٢٨

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

سەرجەم یان جیاوازی ئەژمێربکە. بخەمڵێنە بۆ ساغکردنەوە.

٧ ٥ ٧٥٢ − ١ ٨٤٢

٨ ٨ ٨٧٥ + ٤ ٩٠٨

٩ ٢٧ ٠٣٢ − ١٩ ٩٨٦

١٠ ١٧ ٦٢٠ − ٩ ٠٠٣

١١ ٣٠ ٦٠٥ + ١٨ ٧٤٦

١٢ ٦٨١ + ١٢٥ + ٢٣٤

١٣ ٦ ٠١٠ − ٤٩٨

١٤ ٢ ٩٤٣ + ٧ ٨٩٤

١٥ ١ ٢٩٨ + ٧٨٦ + ٤١٢

١٦ ١١ ٨٣٢ + ٢٨ ٧٧٨

١٧ ٦١ ٩٣٣ − ١٢ ٠٤٠

١٨ ٢٠٨ + ٨١٦ + ٧ ٠٤٩

١٩ ١٧ ٠٠١ − ٨ ٥٤٢

٢٠ ٢٠ ١٢٣ − ١٤ ٨٩٧

بەکارهێنانی پێدراوەکانی خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٢١، ٢٢ بەکاربهێنە.

سێ پۆل لە گیانەوەراکان			
پۆل	ژ. جۆرەکان	مەترسیدار بۆ لەناوچوون	لەناوچوو
باڵندە	٩ ٦٠٠	١ ١٠٠	٧٥
خشۆك	٤ ٧٠٠	٢١٠	٢٠
مەمكدار	٤ ٣٠٠	٦٥٠	٦٠

٢١ چەند جۆر لەباڵندە لەناونەچوون و مەترسی لەناوچونیان نییە؟
چەند جۆر لەخشۆکەکان لەناونەچون و مەترسی لەناوچونیان نییە؟

٢٢ سەرجەمی گیانەوەرانی لەناوچو وە مەترسیدارە بۆ لەناوچون چەندە؟

٢٣ **پرسیارێك بنووسە** پێدراوەکانی خشتەکە بەکاربێنە.

٢٤ لە پێشبڕکێی ڕاکردندا ئازاد دوای ڕزگار گەیشتە خاڵی کۆتایی بەڵام ڕەنێو پێش ڕزگار و دوای ئاران گەیشت. یەکەمین کەس کە گەیشتە خاڵی کۆتایی کێ بوو؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٥ ٥ ٥٦٧ ٣٩٨ بۆ نزیکترین ملیۆن نزیکبکەرەوە

ژمارەیەکی دەیی هاوتا بۆهەر ژمارەیەك بنووسە

٢٦ ٧,٥

٢٧ ٤,٠٦

٢٨ لەبچووکترینەوە بۆ گەورەترین ڕیزبکە
٢ ٤٣٠ ٧١٧؛ ٢ ٤٧٠ ٧١٧؛ ٢ ٣٤٠ ٧١٧.

٢٩ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
کام ژمارە بەهای خانەیی ڕەنووسی ٩ تێدا گەورەترە.

أ ١,٩٥٣

ب ٢,١٩٣

ج ٢,٣٥٩

د ٩,١٥٣

وانەی ٣

نزیککردنەوەی ژمارە دەیییەکان

Rounding Decimals

پێداچوونەوەی خێرا

هەر ژمارەیەك بۆ بەهای ڕەنووسە شینەکە نزیکبکەوە.

١ ٥٧٢

٢ ١ ١٩٤

٣ ٢٥ ٣٥٧

٤ ١٧٥ ٥٠٦

٥ ٤١٥ ٧٢٣

فێربە

پەپوولەیەکی بچووك

پەپوولەی شینی خاڵدار بە بچووکترین جۆری پەپوولەکان دادەنرێت درێژی هەریەکێکیان ١,٥٦٣ سم. نزیکراوەی ئەو درێژییە بۆ نزیکترین بەش لەسەد لە سانتیمەترێك چەندە؟ دەتوانرێ هێڵی ژمارەکان بەکاربهێنرێت بۆ نزیککردنەوەی ١,٥٦٣ بۆ نزیکترین بەش لەسەد.

کەواتە نزیککردنەوەی ١,٥٦٣ بۆ نزیکترین بەش لەسەد بریتییە لە ١,٥٦

لە بیرتبێ

ڕێسای نزیککرنەوە

- ئەو خانە دیاریکە کەبۆی نزیکدەکەیەوە
- سەیری ڕەنوسی لای ڕاستی خانەکە بکە
- ئەگەر ئەو ڕەنووسە بچووکتربوو لە ٥ ڕەنووسەکە لەخانەی نزیککرنەوە ناگۆڕێت
- ئەگەر ئەو ڕەنووسە ٥ یان گەورەتربوو ئەوا ئەو ڕەنووسەی کە لەخانەی نزیککرنەوەییە ١ زیاد دەکات.

نموونە

٠,٤ ٥٣٧ بۆ بەهای ڕەنووسە شینەکە نزیکبکەوە.

أ ٠,٤٥٣٧ ٧ > ٥

↓

٠,٤٥٤ بۆ بەرزتر نزیکبکەوە

ب ٠,٤٥٣٧ ٣ < ٥

↓

٠,٤٥ بۆ نزمتر نزیکبکەوە

ج ٠,٤٥٣٧ ٥ = ٥

↓

٠,٥ بۆ بەرزتر نزیکبکەوە

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ڕێسای نزیککردنەوە بەکاردەهێنی بۆ نزیککرنەوەی ٨,٤٩ بۆ خانەی یەکان ، پاشان بۆ خانەی دەیەك.

هەر ژمارەیەك بۆ بەهای ڕەنووسی شین نزیکبکەوە.

٢ ٠,٧٨٣ ٣ ٠,٢٥٦ ٤ ٠,١٧٣٢

٥ ٠,٦٨٥ ٦ ٠,٦٦

٠,٦ ٢٨٥ بۆ خانەی دیاریکراو نزیکبکەوە.

٧ دەیەك ٨ بەشەکان لەسەد

٩ بەشەکان لە هەزار ١٠ یەکان

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

هەر ژمارەیەك بۆ بەهای ڕەنووسی شین نزیکبکەوە

١١ ٣,١٩٣ ١٢ ٢٩,٤٢٣ ١٣ ٢,٠٤٧٥ ١٤ ٠,٨٦ ١٥ ١,٢٣٤

٤٣٨ ٦,٥ بۆ خانەی دیاریکراو نزیکبکەوە.

١٦ دەیەکەکان ١٧ بەشەکان لەسەد ١٨ بەشەکان لەهەزار ١٩ یەکان

ئەو خانەی ژمارەکەی بۆ نزیککراوەتەوە دیاریبکە.

٢٠ ٠,٥٦٢ بۆ ٠,٥٦ ٢١ ٦,٨٣٥٤ بۆ ٦,٨٣٥ ٢٢ ٨٠,١٥٤ بۆ ٨٠,٢

٢٣ ١,٧٥٩٢بۆ ١,٧٥٩ ٢٤ ٥,٩٢٧٣ بۆ ٦ ٢٥ ٢,٣٦٢٥ بۆ ٢,٣٦

هەر ژمارەیەك بۆ خانەی دەیەکەکان نزیکبکەوە، پاشان بۆ خانەی یەکان.

٢٦ ١٠,٥٦ ٢٧ ٢,٧٣ ٢٨ ٠,٩٨ ٢٩ ٥,٤٥

٣٠ ٤,٠٢ ٣١ ٣٢,٣٦ ٣٢ ٩,٤٩ ٣٣ ١٠,٩١

بۆ نزیکترین بەش لەسەد نزیکبکەوە.

٣٤ نۆسەد و سی و چوار بەش لەهەزار ٣٥ ١٠ + ٥ + ٠,٢ + ٠,٠٦ + ٠,٠٠٢

٣٦ حەوت و هەشتا و سێ بەش لەهەزار ٣٧ ٢ + ٠,٨ + ٠,٠٩ + ٠,٠٠٥ + ٠,٠٠٠٣

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری

پرسیاری ٣٨ تا ٤٠ بەکاربهێنە.



٣٨ بڕی هەنگوین لەشانەی ٥ بۆ نزیکترین دەیەك نزیکبکەوە

٣٩ کام دوو شانە بڕی هەنگوێنیان دوای نزیککرنەوە بۆ نزیکترین بەش لەسەد یەکسانن.

٤٠ کام شانە بڕی هەنگوینی بەنزیککراوەیی یەکسانە بەنزیکترین بەش لەسەدی ٠,٨٨ کگم.

٤١ **بنووسە** ڕوونیبکەوە چۆن ژمارە ٠,٩٩٩٩ بۆ نزیکترین بەش لەهەزار نزیکدەکەیتەوە.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٤٢
```
  ١٠٦ ٨٥٧
− ٩٨ ٢١٤
```

٤٣
```
  ٦٨ ٥٩١
+ ٨٩ ٧٢١
```

٤٤ لەگەورەترین بۆبچووکترین ڕیزبکە
١,٥٦ ؛١,٦٥ ؛١,٦

٤٥ ٢٥٦ + ٧١١ + ٣٠٤ = ▢

٤٦ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) تەمەنی جوان ١٥ ساڵە بە ٨ ساڵ لە ڕووناك گەورەترە، بەڵام ئاشنا بە ٢ ساڵ لە ڕووناك بچووکترە، تەمەنی ئاشنا چەندە؟

أ ٤ ساڵ ج ٦ ساڵ

ب ٥ ساڵ د ٧ ساڵ

وانەی ٤

کۆکردنەوە و لێدەرکردنی ژمارە دەیییەکان

Adding and Subtracting Decimals

پێداچوونەوەی خێرا

1. ٣٢١ + ٤٠
2. ٦٤ – ١٧
3. ١١٦ + ٢٠٣
4. ٩٦٩ – ٣٣٣
5. ١ ٠٧٥ + ٧٦٢ + ٩٥٦

فێربە

ڕوانگەیەکی بچووک محمەد بڕی باران بارینی کە لەماوەی دوو ڕۆژدا لە شاری دهۆك بەم شێوەیە تۆمارکرد ١,٩٥ملم لە ڕۆژی یەکەم و ٠,٨٥ ملم لە ڕۆژی دووەم بڕی باران بارین لە دوو ڕۆژەکەدا چەندە؟

نموونە ١ کۆبکەوە ١,٩٥ + ٠,٨٥ بخەملێنە ٢ + ١ = ٣

هەنگاوی ١

فاریزە و ڕەنووسەکان لە خانە دەیییەکان یەك لەژێر یەك دابنێ، بەشەکان لەسەد کۆبکەوە

```
    ١
 ١,٩٥
+٠,٨٥
------
 ٠,٨٠
```

هەنگاوی ٢

بەشەکان لەسەد کۆبکەوە

```
  ١ ١
 ١,٩٥
+٠,٨٥
------
 ٠,٨٠
```

هەنگاوی ٣

یەکان کۆبکەوە، فاریزەکە لەسەرجەمدا دابنێ

```
  ١ ١
 ١,٩٥
+٠,٨٥
------
 ٢,٨٠
```

کەواتە بڕی باران بارین لە هەردوو ڕۆژەکەدا بریتییە لە ٢,٨٠ ملم. وەڵام ٢,٨٠ نزیکە لە وەڵامی خەملێنراو، کەواتە وەڵامەکە شیاوە.

محمەد بڕی باران بارینی لەماوەی دوو هەفتەدا لە دهۆك تۆمارکرد. ٢,٧٥ ملم لە هەفتەی یەکەم و ٤,٩ ملم لە هەفتەی دووەم.

چەند ملیمەتر باران لە هەفتەی دووەم زیاتر باریوە لەهەفتەی یەکەم؟

نموونە ٢ لێدەربکە ٤,٩ – ٢,٧٥ بخەملێنە ٥ – ٣ = ٢

هەنگاوی ١

فاریزەکان و ڕەنووسەکان لە خانە دەیییەکاندا دابنێ، سفر زیادبکە بۆئەوەی دوو ڕەنووس لە ڕاستی فاریزەکە بەدەست بهێنی بەشەکان لەسەد دەربکە. لەکاتی پێویستدا خوردبکەوە

هەنگاوی ٢

بەشەکان لەسەد لێکدەربکە لەکاتی پێویستدا خوردبکەوە□

```
  ٨ ١٠
 ١,~~٩٠~~
-٢,٧٥
------
 ٠,٠٥
```

```
  ٨ ١٠
 ٤,~~٩٠~~
-٢,٧٥
------
 ٠,١٥
```

هەنگاوی ٣

یەکەکان لێدەربکە فاریزە لەجیاوازییەکاندا دابنێ

```
  ٨ ١٠
 ٤,~~٩٠~~
-٢,٧٥
------
 ٢,١٥
```

کەواتە لەهەفتەی دووەم ٢,١٥ ملم زیاتر باریوە لە هەفتەی یەکەم. وەڵام ٢,١٥ نزیکە لە وەڵامی نزیککراوە. کەواتە وەڵامەکە شیاوە.

لەبیرت نەچێ دەتوانی ژمارە دەیییەکان کۆبکەیتەوە و لێکیاندەربکەیت، وەك چۆن لەگەڵ ژمارە سروشتییەکاندا دەتکرد، دوای ئەوەی کە فاریزەکانت یەك لەژێریەك دادەنا.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە بۆچی دەتوانرێ سفر زیاد بکرێت بۆلای ڕاستی فاریزە، بێ ئەوەی بەهای ژمارەکە بگۆڕێت.

سەرجەم یان جیاوازی ئەژمێربکە. بخەملێنە بۆ ساغکردنەوە.

٢ ٠,٣ + ٠,٩	**٣** ١٢,١ + ٩,٠١	**٤** ١,٢٣ − ٠,٤٧	**٥** ١٠,٢ − ٨,٦٧	**٦** ٢٣,٠٥ − ٢,٨

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

سەرجەم یان جیاوازی بنووسە پاشان پیتی شیاو بۆ هەر وەڵامێك لەخوارەوە بنووسە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم دێرە شیعرە بدەیتەوە (چالاك و خێرا و ئازا و دەستوبرد دەرکە نازناوی دوو شاعیری کورد)

خ ٢,١ + ١,٧	**ە** ٤٠,٨ + ٢٥,٧	**و** ٦,٠٠٨ + ١,٨٨٣	**ا** ٤٥,٩٠٣ + ٩,٣٧٤	**ر** ١٣,٠٤٦ + ٠,٢٩٨
ش ١,٥ − ٠,٧	**د** ٧,٠٩ − ٥,٦٤	**پ** ١٦,٦ − ٧,٣٤	**ف** ٢٢,٦ − ٩,٤٥	**ی** ٢١,٠٦ − ٩,٣٣

ێ ١,٨٤ + ١,٩٢   **ن** ٥,٣ − ٢,٦٨   **م** ١٩,٠٧ − ١٢,٦

<u>٩,٢٦</u> <u>١١,٧٣</u> <u>١٣,٣٤٤</u> <u>٦٦,٥</u> <u>٦,٤٧</u> <u>٣,٧٦</u> <u>١٣,٣٤٤</u> <u>١,٤٥</u>   <u>٧,٨٩١</u> <u>٣,٨</u> <u>٥٥,٢٧٧</u> <u>٢,٦٢</u> <u>١١,٧٣</u>

جەبر شێواز بدۆزەوە. ڕێساکە بنووسە. ڕێساکە بەکاربهێنە بۆ زیادکردنی دوو ژمارەی یەك لەدوای یەك لە شێوازەکەدا.

٧ ٢,٣ ؛ ٢,٥ ؛ ٢,٤ ؛ ٢,٦ ؛ ٢,٥ ؛ ___ ؛ ___

٨ ٤,٠٦ ؛ ٣,٩٦ ؛ ٤,٠١ ؛ ٣,٩١ ؛ ٣,٩٦ ؛ ___ ؛ ___

هەڵە لەکوێدایە؟ شوان ٣,٢ + ١,٤٥ = ١,٧٧ ی نووسی هەڵەی شوان دیاریبکە. وەڵامی ڕاست بنووسە.

٩ **ئەندازە** پشتیوان ویستی کێڵگەیەکی لاکێشەیی درێژییەکەی ١٢٠م وپانییەکەی ٥٠م پەرژین بکات. درێژی پەرژینەکە چەندە؟

١٠ **ڕێنوێنی** بەبێ کۆکردنەوەی ٣٦,١٧٩ و ٨,٦٣ چۆن دەزانی، ڕەنوسی بەشەکان لەهەزار سەرجەمیان دەکاتە ٩؟

١١ نەوزاد ٩,٤٥ کگم ئاردی پێش نیوەڕۆ و ٣,٧٥ کگم لە دوای نیوەڕۆدا فرۆشت و ٧,٣٥ کگم ی لامایەوە. چەند کگم ئاردی لابووە؟

١٢ نانەوا خانەیەك ١,٣٤کم لە ماڵی سامان و ٠,٢٥کم لە ماڵی ئاری‌یەوە دوورە. سامان لە ماڵەوە چوو بۆ نانەواخانەکە و پاشان چوو بۆ ماڵی ئاری. سامان چەند کیلۆمەتری بڕیوە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

١٣ ژمارەیەکی دەیی هاوتا بۆ ژمارە ٧,٥٨ بنووسە.

تەواوبکە.

١٤ ٣ × ٦ = ٤ + ___   **١٥** ٦٣ − ٤٣ = ٢ × ___

١٦ کۆلکەکانی ژمارە ٢٥ بنووسە.

١٧ ٨٤٧ + ٩١٦   **١٨** ١٢٤٠ − ٦٢٣

پیتی گونجاو بۆ ئەو سێ ژمارەیە هەڵبژێرە کە لە شێوازەکەدان.

١٩ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) ١,٨ ؛ ٢,٣ ؛ ٢,٠ ؛ ٢,٥ ؛ ٢,٢

أ ١,٩ ؛ ٢,٤ ؛ ٢,١   ج ٢,٧ ؛ ٢,٤ ؛ ٢,٩

ب ٢,٥ ؛ ٢,٢ ؛ ٢,٧   د ٢,٧ ؛ ٣,٢ ؛ ٣,٧

وانەی
٥

سفر لە لێدەرکردندا

Zeros in Subtraction

فێربـــــــە

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١,٠٠ − ٠,٨٠ = ■

٢ ٣,٥٥ − ٣,٤٥ = ■

٣ ٤,٧٠ − ٢,٠ = ■

٤ ٨٠ − ٥,٠٩ = ■

٥ ٤,٧٥ بۆ خانەی یەکان نزیکبکەوە

سەردان ماڵی سالار ٦٠کم دوورە لە ماڵی هاوار کە لەشاری هەولێرە، هاوار چوو بۆ ماڵی سالار و لە دووری ٤٥,٩٨کم وەستا، هاوار چەند کیلۆمەتری ماوە بۆ ئەوەی بگاتە ماڵی سالار؟

نموونە ١

لێدەربکە ٦٠,٠٠ − ٤٥,٩٨

بخەملێنە ٦٠ − ٤٦ = ١٤

پاشان ئەنجامی لێدەرکردنی تەواو ئەژمێربکە

```
 ٩ ٩
٥ ١٠ ١٠ ١٠
٦ ٠, ٠ ٠
− ٤ ٥, ٩ ٨
١ ٤, ٠ ٢
```

- سفر زیادبکە بۆئەوەی خانەکانی ژمارە دەیییەکان هاوتابن فاریزەکان لەژێر یەکتریدا دابنێ.
- لێدەربکە.
- فاریزە لە جیاوازیەکەدا دابنێ.

کەواتە هاوار ١٤,٠٢ کمی ماوە. وەڵام ١٤,٠٢ نزیکە لە وەڵامی خەملێنراو. کەواتە وەڵامەکە شیاوە.

نموونەی زیاتر

أ ٢,٩ − ٠,٧٤

```
 ٨ ١٠
٢, ٩ ٠
− ٠, ٧ ٤
٢, ١ ٦
```

سفر زیادبکە بۆئەوەی ژمارەیەکی هاوتا دەستبکەوێت.

ب ١,٦ − ٠,٣٤٢

```
  ٩
٥ ١٠ ١٠
١, ٦ ٠ ٠
− ٠, ٣ ٤ ٢
١, ٢ ٥ ٨
```

ج ١٠,٤٧٨ − ٩,٥٣

```
٩ ١٤
١٠, ٤٧٨
− ٩, ٥٣٠
٠, ٩٤٨
```

لەبیرت نەچێ بۆئەوەی ژمارەی دەیەکی لێدەربکەی هەندێ جار پێویستیت بە نووسینی ژمارەی دەیەکی هاوتا هەیە ئەویش بە زیادکردنی چەند سفرێك بۆ لای ڕاستی ژمارە دەیییەکە.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن ٠,٢٥ لە ٣ دەردەکەی؟

جیاوازی ئەژمێربکە.

٢ ٣,٩ − ٣,٢٥

٣ ٢,٠٨ − ٠,٧٤

٤ ٣,٠٠٧ − ٠,٤٥٦

٥ ٣٠٢,٣ − ١٩,٦٣٥

٦ ٢٥٠ − ١٩٥,٣٢

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

جیاوازی ئەژمێربکە.

٧ ١,٣ − ٠,٧٣

٨ ٣,٠٥ − ٢,٦

٩ ٤,٢ − ١,٠٢

١٠ ١٣٢,٥ − ٤١,٦٤٦

١١ ٧٢٠,٦٥٤ − ١١٨,٧٠٢

١٢ ٢,٤٥ − ١,٣٩

١٣ ١,٤ − ٠,٤٢٢

١٤ ٢,١٠ − ١,٢٠

١٥ ٥,٩٥ − ١,٩٩٤

١٦ ٤,٧ − ١,٦١٦

١٧ ٥,٣١ − ٢,٢٦

جەبر بەهای هەر بڕێك ئەژمێربکە.

١٨ ٥,١ − (٠,١٥ + ١,١٠)

١٩ ٢ + (٠,٥ − ٠,٢)

٢٠ (٣,٦ + ١,٣) − ١,١

٢١ ١٠,٢٥ + (١,٧٥ + ٥)

بەکارهێنانی پێدراوەکان وێنە ڕوونکردنەوەییەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٢٢ تا ٢٤ بەکاربهێنە.

خێرایی براوەکان لە پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل

ساڵ	تێکرای خێرایی (کم/کت)
٢٠٠٤	١٩٧,٩٥٦
٢٠٠٥	٢٠٣,٦١٦
٢٠٠٦	٢١٠,٨٧٢
٢٠٠٧	٢٠٧,٢٠٧

٢٢ خێرایی براوەی ساڵی ٢٠٠٥ چەندی زیاتربوو لە خێرایی براوەی ٢٠٠٤؟

٢٣ جیاوازی نێوان خێرایی براوەی ساڵی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ چەندە؟

٢٤ جیاوازی نێوان کەمترین و زۆرترین خێرایی چەندە؟

٢٥ **پرسیار بنووسە** لەبارەی بەهای دراوی کاغەزی و جۆرەکانی کە دەتوانی لەجیاتی ١٠هەزار دیناری بەکاربهێنی.

٢٦ **پرسیارەکە چیە؟** درێژی ماجد ١,٣٢٥م و درێژی سانای خوشکی ١,٢٤٥م. وەڵام بریتییە لە ٠,٠٨م

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٧ ١,٣٦٠٩ بۆنزیکترین بەش لەهەزار نزیکبکەوە.

٢٨ ٦٩ ٢٠١ − ٢٣ ٦٤١ = ▢

٢٩ ٧,٨٦٥ + ٠,٦٠٣ = ▢

٣٠ ٠,١٠٧٨ بە پیتی بنووسە.

٣١ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
لانە ١,٥٠کگم سێو و ٣,٤٥کگم ترێی کڕی و خۆخیشی کڕی، سەرجەم ٦,٧٥کگم میوەی کڕی. بارستایی خۆخەکە چەندبووە؟

أ ٢,٨٠ کگم
ب ٢,٢٥ کگم
ج ١,٨٠ کگم
د ٠,٩٠ کگم

وانەی ٦

کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان

وەڵامی نزیککراو یان وەڵامی تەواو

Problem Solving Skills:

Estimate Answer or Exact Answer

تێبگە | پلاندانێ | شیکاربکە | ساغبکەوە

پێداچوونەوەی خێرا

٥٤٩ ٧١٤ نزیکبکەوە بۆ نزیکترین:

١ دە

٢ سەد

٣ دە هەزار

٤ هەزار

٥ سەد هەزار

بیربکەوە مەریوان ویستی بە پایسکیل دووری ١٢ کم ببڕێت لە قۆناغی یەکەم ٣,٩٨کم لە قۆناغی دووەم ٣,٧٩کم و لەقۆناغی سێیەم ٢,٣٩کمی بڕی. ئایا دووری داواکراوی بڕیوە؟ نەخێر چەند کیلۆمەتری ماوە ببڕێت؟ هەندێ جار پرسیار پێویستی بەوەڵامی تەواو هەیە. و هەندێ جاریش پێویستی بە وەڵامی نزیککراوە هەیە.



پرسیار ١

ئایا مەریوان دووری داواکراوی بڕیوە؟

دەتوانی هەر دوورییەك بەنزیککراوی بخەمڵێنی بۆ خانەی یەکان

٣,٩٨	⟵ ٤,٠٠	هەر ماوەیەك بۆ خانەی
٣,٩٧	⟵ ٤,٠٠	یەکان نزیکبکەوە
٢,٤٩ +	⟵ ٢,٠٠ +	
	١٠,٠٠	

١١ > ١٢. کەواتە مەریوان دووری دیاریکراوی نەبڕیوە.

پرسیار ٢

بۆئەوەی بەتەواوی بزانی مەریوان چەندی ماوە ببڕێت، پێویستە ئەژمێری وەڵامە تەواوەکە بکەیت.

کۆبکەوە	٣,٩٨	لێدەربکە	١٢,٠٠
	٣,٧٩		١٠,١٦ −
	٢,٣٩ +		١,٨٤
	١٠,١٦		

لەبەرئەوەی سەرجەمی تەواو بۆ هەرسێ دوورییەکە ١٠,١٦کم. پێویستە مەریوان دووری ١,٨٤کمی تر ببڕێت.

باسبکە

- مەریوان بۆچی لەکرداری خەمڵاندنەکە بۆ بەرزترین نزیککردەوە؟
- ئەو ووشە سەرەکییەی لە پرسیارەکەدا هاتووە کامەیە، ئەمەش پێویستی بە دۆزینەوەی وەڵامی نزیککراوە دەبێت؟

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بڕیاربدە ئایا پێویستیت بە وەڵامی نزیککراوە یان وەڵامی تەواو هەیە؟ پاشان شیکاربکە.

١ دانا ١٤ مەتر تەختەی لایە. ٧مەتری بۆ دروست کردنی سندوقێك و ٢,٥مەتری بۆ دروستکردنی مێزێك بەکارهێنا. چەند مەتر تەختەی لاماوە؟

٢ زانا حەوزێکی ماسی هەیە فراوانیەکەی ١٠لترە، چەندجار پێویستە سەتڵێك بەکاربهێنێ کەفراوانیەکەی ٢,٥لترە، بۆ پڕکردنی حەوزەکە.

٣ سالم ١٠م پەتی لایە بۆ پەرژینکردنی باخچەیەکی سێگۆشەیی کە درێژی لاکانی ٢,٧٩م و ١,٩٨م و ٣,٨٩م. ئایا پەتەکە بەشی پەرژینەکە دەکات؟

٤ ڕووناك ویستی ئاهەنگی نانخواردن لەماوەی ٣ کاتژمێردا ئامادەبکات بۆئەمەش پێویستی بە نزیکەی کاتژمێرێك هەیە بۆ ئامادەکردنی خواردەمەنی و ٤٠خولەك بۆ ڕێکخستنی ماڵ و ٣٠ خولەك بۆ ڕازاندنەوەی مێزی نانخواردن، ئایا ماوەی هەیە بۆ کڕینی گوڵ لەبازار پێش هاتنی میوانەکان؟

مام قادر ٤٠م تەلی هەیە، دەیەوێت باخچەیەکی شێوە سێگۆشە پەرژین بکات کە درێژی لاکانی ١٢,٩٨م و ١١,٩٩م و ١٢,٩٥م.

٥ کام پرسیار وەڵامی تەواوی پێویستە؟

أ ئایا مام قادر تەلی تەواوی بۆ پەرژینکردنی باخچەکە لایە؟

ب درێژی چێوەی باخچەکە بەنزیککراوەیی چەندە؟

ج چەندی لا دەمێنێتەوە؟

د کام دوولا درێژییەکانیان نزیکەی ٢٦ مەترە؟

٦ کام هاوکێشە ئەو تەلە دەنوێنێ کەلای مام قادر ماوەتەوە؟

أ ٤٠ − ٣٨ = ٢

ب ١٢,٩٨ + ١١,٩٩ + ١٢,٩٥ = ٣٧,٩٢

ج ١٣ + ١٢ + ١٣ = ٣٨

د ٤٠ − ٣٧,٩٢ = ٢,٠٨

جێبەجێکردنە جیاوازەکان

پێدراوەکانی ناو وێنەکە بۆ شیکاری پرسیارەکانی ٧ تا ١٠ بەکاربهێنە.



٧ هانە لە ماڵەوە چوو بۆ قوتابخانە پاشان بۆ دەرمانخانە ئایا ماوەی ٦کمی زیاتر بڕیوە؟

٨ شێروان لەماڵەوە چووبۆ قوتابخانە پاشان بۆ مەڵبەندی بازرگانی ودواتر بۆ ماڵەوە وئینجا بۆ دەرمانخانە. ئەو ماوەیە کەبڕیویەتی چەندی لە ١٠کم زیاترە؟

٩ دلاوەر ٣,٥کم ڕۆیشت، چۆن ڕۆیشتووە؟

١٠ هیران لە دەرمانخانەوە چوو بۆ ماڵەوە پاشان بۆ مەڵبەندی بازرگانی. وەڵام ٥,٤کم. پرسیار چییە؟

١١ لەسەر ڕووداوێك کە داواکرابێت ئەژمێری سەرجەمی تەواوبێت یان جیاوازی تەواوبێت بنووسە. یان ڕووداوێکی تر کە وەڵامەکە بەنزیکی بێت.

پێداچوونەوە
Review

فاریزەی دەیی
decimal point
وەڵامی تەواو
exact answer
وەڵامی شیاو
suitable answer
نزیککردنەوە
rounding
estimate خەمڵاندن

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ کاتێك ژمارەکان لەپرسیارەکاندا پێش ئەژمێرکردن نزیکدەکەیتەوە بەمەبەستی ئەوەی ___؟___ وەڵامەکە بەدەست بێنی.

٢ ئەو هێمای کە خانەی یەکان لەخانە دەییەکان لە ژمارە دەییەکاندا جیادەکاتەوە بریتییە لە ___؟___ .

٣ بۆئەوەی دڵنیابی وەڵامەکەت شیاوە دەتوانی لەسەرەتادا ___؟___ بۆ سەرجەم یان جیاوازی بەکاربهێنی.

٤ بە بەکارهێنانی ڕێسای نزیککردنەوە دەتوانی ___؟___ ی ژمارەکان بکەی.

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

هەر ژمارەیەك بۆ نزیکترین خانەی ڕەنووسە شینەکە نزیکبکەوە.

٥ ٤٧,٢٨ ٦ ١ ٩٦٢ ٧ ٤٣٠٥,٦٢ ٨ ٨١٧ ٥١٠ ٩ ٤,٣٨١٩ ١٠ ٦١٤ ٢٢٣

ژمارە ٥٨٣ ١ ,٧٤٥ نزیکبکەوە بۆ خانەی:

١١ یەکان ١٢ دەیەکەکان ١٣ بەشەکان لەسەد ١٤ بەشەکان لەهەزار

سەرجەم یان جیاوازی بخەمڵێنە.

١٥ ٥,٧٢ + ٨,٠٤
١٦ ١٧,١٩ − ٥,٢
١٧ ٢٥,٢٣ + ١٧,١٦
١٨ ٣١٢,٧٥ − ١٩٩,٨٢
١٩ ٦٤,٥٠٢ + ٣٤,٧٧١

سەرجەم یان جیاوازی ئەژمێربکە.

٢٠ ٥٤,٩٠ + ٨٢,٠٤
٢١ ٣٢,٩ − ١٥,٨٥
٢٢ ٦,٠٦٢ + ١٧,٥٨١
٢٣ ٢٣,٠٠٩ − ٥,٣
٢٤ ٠,٩٤ + ٦,٩٥٣١

دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

شیکاربکە

٢٥ سۆران و سالار و سەردار یاری ئەلیکترۆنیان دەکرد و ئەم خاڵانەیان تۆمارکرد ٧٢٥ و ٥١٠ و ٢٢٥. سردار سێیەم نەبوو، سالار نزیکەی ٣٠٠ خاڵی زیاتر لە سۆران تۆمارکرد. ئایا هەریەکەیان چەند خاڵیان تۆمارکردووە.

٢٦ کام دوو ژمارە نزیککراوەکانیان یەکسانە ئەگەر نزیککرانەوە بۆ نزیکترین دەهەزاری. ٥٦٨ ٢٣٥؛ ٥٦٢ ٣٨١؛ ٥٦٥ ٩٢١.

بڕیاربدە ئەگەر پێویستیت بە وەڵامی نزیککراوە یان وەڵامی تەواو هەیە، پاشان شیکاربکە.

٢٧ میران پێویستە تەنها ماوەی ٢٠ کم بە پایسکیل ببڕێت. ماوەی ٨,٩٥کم بڕی پاشان ٥,٢٥کم بڕی و ئینجا وەستا، ئایا دەتوانێ بچێت سەردانی ئامۆزاکەی بکات کە لەدووری ١٠کم.

٢٨ شاد پەتێکی هەیە درێژیەکەی ٢٠م پەرژینی باخچەیەکی شێوە سێگۆشەی پێکرد کە درێژی لاکانی ٨,٩٩م و ٣,٩٥م و ٥,٧٥م. چەند مەتر پەتی لاماوەتەوە؟

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

Standardized Test Prep

ئاگاداربە! CAUTION!

وەڵامەکە هەڵبژێرە

ئەگەر وەڵامەکەت نەگونجاو لەگەڵ هەریەك لە وەڵامەکان، دڵنیابە لە کرداری ئەژمێر کردنی وەڵامەکە، ئەگەر کرداری ئەژمێرکردنەکە ڕاست بوو، وەڵامەکەت دەوربدە «جگە لەوانە» سەیری پرسیاری ١ بکە.

وەڵامی گونجاو بۆ پرسیاری ١ تا ٨ هەڵبژێرە.

١ نووسینی ژمارە ملیۆن و سەدهەزار و دوو سەد و پێنج دەیەك بە ڕەنووس کامەیە؟

أ ١ ١٠٠ ٢٠٠,٥   ج ١ ١٢٠ ٠٠٠,٥

ب ١ ١٠٠ ٢٠٥   د جگە لەوانە

---

٢ نزیککراوەی ژمارە ١,٢٣٤٥ بۆ نزیکترین بەش لەهەزار کامەیە؟

أ ١,٢   ج ١,٢٣٤

ب ١,٢٣   د ١,٢٣٥

٣

$$\begin{array}{r} ٧١,٥٨ \\ +\ ٤٦,١٩ \\ \hline \end{array}$$

أ ١١٧,٧٧   ج ١١٧,٥٨

ب ١١٧,٦٧   د جگە لەوانە

---

٤ کام ژمارە هاوتایە بۆ $\frac{٤٢}{١٠٠}$؟

أ ٤,٢   ج ٠,٤٢

ب ٤,٠٢   د ٠,٠٤٢

خشتەکە بۆ شیکاری دوو پرسیاری ٥ و ٦ بەکاربهێنە.



٥ ژمارەی ئەسپەکان لە چین چەندی زیاترە لە ژمارەی ئەسپەکانی وووڵاتە یەکگرتووەکان؟

أ ١ ٧٠٤ ٨٠٠   ج ٢ ٧٠٤ ٨٠٠

ب ٢ ٦٠٤ ٨٠٠   د ١٥ ٠٠٤ ٨٠٠

---

٦ نزیککراوەی ژمارەی ئەسپەکان لە بەرازیل بۆ نزیکترین سەدهەزار کامەیە؟

أ ٦ ٣٠٠ ٠٠٠   ج ٦ ٤٠٠ ٠٠٠

ب ٦ ٣٠٠ ٠٠٠   د ٦ ٤٩٠ ٠٠٠

---

٧ کام ژمارە لە چل ملیۆن و شەست و پێنج هەزار و دوو کەمترە؟

أ ٤٠ ٦٥٠ ٠٠٢   ج ٤٠ ٠٦٥ ٠٠٢

ب ٤٠ ٥٦٠ ٠٠٢   د ٤٠ ٠٥٦ ٠٠٢

---

٨ کام هێما ڕستە ژمارەییەکە تەواو دەکات؟

٥,٥٣٩ ⬤ ٥,٥٣

أ >   ب <   ج =   د ×

ئەوەی دەیزانی بینووسە — Write What You Know

٩ کام لەدوو ژمارە ٠,٩٩ یان ٠,٩٩٩، نزیکە بۆ ژمارە ١؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

١٠ ڕێبوار ٢٠م شریتی هەیە ٤,٥٠م لێکردەوە، ٦م لە براکەی وەرگرت. ٨,٢٥م دا بەخوشکەکەی. ئێستا ڕێبوار چەند مەتر شریتی لایە؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

١١ ڕوونیبکەوە چۆن ژمارەیەك بۆ نزیکترین ملیۆن نزیك دەکەیتەوە، ژمارەیەکی ٨ ڕەنووسی بنووسە، پاشان بۆ نزیکترین ملیۆن نزیکبکەوە.

بەشی ٣

بڕەکان و کردارەکان

Expressions and Operations

داڕێژراوێك لە چەند پارچە دۆمینە بۆ مۆزەخانەی منداڵان



لە یەككەوتنی پارچە دۆمینەكان چالاكییەكە پشت بەدروستكردنی داڕێژراوێك لە پارچە دۆمینەكان دەبەستێت. لە یەككەوتنەكە شێوازێك دروستدەكات، خشتەكە ژمارەی پارچە دۆمینەی پێویست بۆ دروستكردنی ٣ داڕێژراوی بەرچاو دەنوێنێ.

پرسیارێك بۆ شیكار لەهەفتەی نیشتمانی ئەندازیاران چەند پارچە دۆمینەیان بەكارهێنا كە یەكسانبوو بە س جار لە ژمارەی ئەو دۆمینەی كە بەكارهات لە نموونەی یانەی مامۆستایان. هاوكێشەیەك بنووسە و پاشان بەهای س دیاریبكە.

لەیەككەوتنی پارچە دۆمینەكان

داڕێژراوی دۆمینە	مۆزەخانەی منداڵان	یانەی مامۆستایان	هەفتەی نیشتمانی ئەندازیاران
ژمارەی پارچەدۆمینە	١٩٠٠	٣٠٠٠	٣٠٠٠٠

زانیارییەکانت ساغبکەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەکار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

زاراوەکان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکە هەڵبژێرە.

١ ن ـــ؟ـــ دەنوێنێ لە ١٢ – ٨ = ن.

٢ ن ـــ؟ـــ دەنوێنێ لە ٣ + ن = ٥.

٣ ـــ؟ـــ ئەو کردارە دەنوێنێ کە یەکەمجار لە ٦ +(٨–٢) جێبەجێدەکرێ.

٤ ـــ؟ـــ ڕستەیەکی ژمارەییە، ژمارکان وهێمای کردارەکان لەخۆدەگرێت.

٥ وەڵام لە پرسیاری لێکدان پێی دەوترێت ـــ؟ـــ .

جیاوازی	difference
دووکەوانە	brackets
بڕە	expression
کۆڵکە	factor
سیفەتی ئاڵوگۆڕ	Commutative property
ئەنجامی لێکدان	product
ژمارەی نادیار	detective number

کۆکردنەوە و لێدەرکردن و لێکدان

تەواوبکە.

٦ ٣ + ١١ = ■

٧ ١٢ + ٦ = ■

٨ ■ = ٨ + ٦

٩ ١١ – ٦ = ■

١٠ ٨ – ■ = ٥

١١ ١٠ – ■ = ٤

١٢ ٦ × ٧ = ■

١٣ ■ = ٩ × ١١

١٤ ٥ × ٩ = ■

بەکارهێنانی دوو کەوانە

ئەو بڕە هەڵبژێرە کە یەکسانە بە بەها دراوەکە.

١٥ ٢٤
أ ٤ + (٨ × ٢)
ب (٤ + ٨) × ٢

١٦ ٠
أ ١٥ – (٣ × ٥)
ب (١٥ – ٣) × ٥

١٧ ١٢
أ ١٢ + (٠ × ٤)
ب (١٢ + ٠) × ٤

سیفەتەکانی کۆکردنەوە

ئەو پیتە بنووسە ئەو سیفەتە بنوێنێ کە بەکارهاتووە لەهەر ڕستەیەکی ژمارەییدا.

أ سیفەتی ئاڵوگۆڕ
ب سیفەتی پێکەوە بەستن
ج سیفەتی سفر

١٨ ٩ + ٨ = ٨ + ٩

١٩ ٢٤ + ٠ = ٢٤

٢٠ (٥+٦) + ٣ = ٥ + (٦+٣)

٢١ ٧ + (١+٤) = (٧+١) + ٤

٢٢ ٢٣ + ٩ = ٩ + ٢٣

٢٣ ٠ + ١٢ = ١٢

سیفەتەکانی لێکدان

ئەو پیتە بنووسە ئەو سیفەتە بنوێنێ کە بەکارهاتووە لەهەر ڕستەیەکی ژمارەییدا.

أ سیفەتی ئاڵوگۆڕ
ب سیفەتی پێکەوەبەستن
ج سیفەتی سفر
د سیفەتی یەك

٢٤ ٨ × ٥ = ٥ × ٨

٢٥ (٤×٢) × ٥ = ٤ ×(٢×٥)

٢٦ ٢٥ × ١ = ٢٥

٢٧ ٧٨ × ٠ = ٠

٢٨ ٤ × ١١ = ١١ × ٤

٢٩ (٨×٢) × ٥ = ٨ × (٢×٥)

وانەی ١

بڕ و گۆڕاو
Expression and Variable

فێربە

پێداچوونەوەی خێرا
١ ٣ + ٥
٢ ٦ − ٢
٣ ١٠ + ٢ + ٨
٤ (٢+٧) − ٤
٥ ٩ − (٥+١)

زاراوەکان
بڕ expression
گۆڕاو variable

ماسیەکانی ناو حەوز
بڕ ڕستەیەکی بیرکارییە ژمارەکان و هێماکان بۆ کردارەکانی ئەژمێرکردن لەخۆدەگرێت، هەندێ جار گۆڕاوەکان. بەڵام هێمای یەکسانبوون لەخۆناگرێت.

١٥ + ٤ ‏ ‏ ‏ ‏ ٩ − ٧ ‏ ‏ ‏ ‏ (٨ + ٦) − ١١ ‏ ‏ ‏ ‏ ٣ × ٢

دەتوانی بڕ بنووسیت و بەهاکەی ئەژمێربکەی

نموونە ١
بنار ١٢ ماسی لە حەوزێکدا هەیە و ٣ ماسی تری بۆ زیادکردن. لەحەوزەکەدابوون بە چەند؟

١٢ ماسی لەحەوزەکەدایە	کۆ	٣ ماسی
١٢	+	٣

↓ ١٥

کەواتە، ماسیەکان لەحەوزەکەدا بوون بە ١٥ ماسی

دەکرێ بڕەکە گۆڕاوێك لەخۆبگرێت. **گۆڕاو** پیت یان هێمایەکە ژمارەیەك دەنوێنێ. ئەم برانە گۆڕاو لەخۆدەگرێت.

٤ +س ‏ ‏ ‏ ‏ ز − ٥ ‏ ‏ ‏ ‏ ٦ ×ش ‏ ‏ ‏ ‏ ٣ + ت − ٢

دەتوانرێ گۆڕاو لەبڕێکدا بەکاربهێنرێ بۆ نواندنی ڕوداوێکی دیاریکراو.

نموونە ٢
شاسوار ١٦ ماسی لەناو حەوزێکدا هەیە، هەندێکی دا بە براکەی بڕێك بنووسە ئەم ڕووداوە بنوێنێ.

١٦ ماسی لەناو حەوزدا	کەم	چەند ماسییەك
١٦	−	س

نموونەی زیاتر

أ سارا سەبەتەیەکی هەیە ١٥ بوتڵی شوشەی تێدایە و هەندێکیان شکاون.

گریمان ن = ژمارەی شووشە شکاوەکان.

بوتڵەکانی ناو سەبەتەکە		بوتڵە شکاوەکان
١٥	−	ن

بڕەکە: ١٥ −ن

ئەگەر ژمارەی بوتڵە شکاوەکان ١٠ بێت. چەند بوتڵ لەناو سەبەتە ماوە؟

گریمان ن = ١٠

١٥ − ن

١٥ − ١٠ = ٥

٥ بوتڵ ماوەتەوە

ب ١١ کەس ئەم هەفتەیە چوونە ناو تیپێکی وەرزشی.

گریمان س = ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەناو تیپە وەرزشییەکەدان.

لەناو تیپەکەدان		ئەوکەسانەی کەچوونە ناو تیپەکە
س	+	١١

بڕەکە: س + ١١

ئەگەر ژمارەی ئەو کەسانەی کە لەناو تیپەکەدا بوون ٢٣ کەس بن ئێستا ژمارەیان لەناو تیپەکەدا چەندە؟

گریمان: س = ٢٣

س + ١١

٢٣ + ١١ = ٣٤

٣٤ کەس لەناو تیپەکەدا هەیە.

ج هاوار ١٨ کارتی تۆپی باسکەی لایە، هەندێکیانی بە ٣ کارتی تۆپی سەرمێز گۆڕیەوە.

گریمان ك = ژمارەی ئەو کارتانەی گۆڕیوەتەوە.

کارتەکانی هاوار		ئەو کارتەی گۆڕیویەتەوە		ئەو کارتانەی کە لەئەنجامی گۆڕینەوە دەستکەوتووە
١٨	−	ك	+	٣

بڕەکە: ١٨ − ك + ٣

ئەگەر، هاوار ٦ کارتی گۆڕیبێتەوە ئێستا چەند کارتی لایە؟

ك = ٦

١٨ − ك + ٣

١٨ − ٦ + ٣ = ١٥

هاوار ١٥ کارتی لایە.

ساغبکەوە

١ ڕێنوێنی شاباز چەند ماسییەکی هەیە، ٣ ماسی تری کڕی، پاشان ١٠ ماسی فرۆشت. ڕوونیبکەوە بۆچی ٦ بەهایەکی شیاو نیە بو س لەبڕی (س+٣)−١٠؟

بڕەکە بنووسە پاشان بەهاکەی ئەژمێربکە.

٢ سیروان ١٠ قەڵەمی لایە، ٤ دانەی دا بە خوشکەکەی.

٣ پێنج خرایە سەر یانزە.

٤ ڕەنێو ٢٤ قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی لایە ٦ دانەی بەکارهێنا و ١٢شی کڕی.

بڕێك لەگەڵ گۆڕاوێك بنووسە. پاشان ئەو گۆڕاوە ڕوونبکەوە کە دەینوێنی.

٥ لە دەفرێکدا ٩٦ گوێز هەیە، پەری هەندێکی خوارد.

٦ نزار ١٧ پوولی پۆستەی هەیە. براکەشی چەند دانەیەکی پێدا.

٧ لە دوکانی باپیر ١٢ یاری ئەلیکترۆنی هەیە. ٦ دانەی فرۆشت. پاشان چەند یارییەکی نوێی کڕی.

◀ ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بڕەکە بنووسە پاشان بەهاکەی ئەژمێرکە.

٨ ١١ کەس بەشداریان لە پێشبڕکێی ئۆتۆمبیلدا کرد. ٧ی تریش چوونە ناویان.

٩ ماجید ١٧ گوێچکە ماسی هەیە ٥ دانەی دابە هاوڕێکەی.

١٠ لە دوکانی موحەمەد ١٠ چەپکە گوڵ هەیە، ٢ چەپکی فرۆشت.

١١ لە پەرتووکخانەی شاسوار ٢٣ کتێب هەیە، ١٣ دانەی دابە خوشکەکەی و ٧ دانەی نوێی لەباوکی وەرگرت.

١٢ لەسەر مێزێك ٢١ پەرداخ هەیە، ٣ دانە کەوتوو شکا پاشان ٦ی تر خرایە سەر مێزەکە.

بڕێك لەگەڵ گۆڕاوەکەی بنووسە. پاشان ئەوەی گۆڕاوەکە دەینوێنێ ڕوونیبکەوە.

١٣ شارۆ ٣٧ هەڵماتی لایە، هەندێکی ونکرد.

١٤ بەرهەم چەند کتێبێکی کڕی و باوکی ٩ کتێبی نوێی دایە.

١٥ ١٤ قەڵەمت کڕی، هەندێکیانت بەکارهێنا. ٣ دانەت دابە خوشکەکەت.

١٦ دوکاندارێك ٧٣ قەڵەمی لایە. هەندێکی فرۆشت.

١٧ هۆما چەند قەلەمێکی هەیە، دووانیانی شکا و دایکیشی ٦ قەڵەمی پێدا.

١٨ ئیبراهیم ٢٦ باڵۆنی هەیە، ٩ دانەی وونکرد و ژمارەیەکی تری کڕی.

بەها بڕەکە ئەژمێربکە.

١٩ ٥٠ + س، کە س = ٢٠

٢٠ ن+ ٣٦٠٠، کە ن = ٤٠٠

٢١ ن – ٣٥، کە ن = ١٠٠

٢٢ ٢٠٠٠ – س، کە س = ١٠٠٠

٢٣ ١٠ + (٤ – م)، کە م = ٢

٢٤ (٢٢ + ن) – ٤، کە ن = ٨

بڕی گونجاو لەهەردوو پرسیاری ٢٥، ٢٦ هەڵبژێرە.

٢٥ پلەی گەرمی ١٠ پلە دابەزی، پاشان ٤ پلە بەرزەوە بوو.

أ (ت + ١٠) + ٤
ب (ت – ١٠) + ٤
ج (١٠ – ت) + ٤
د (ت + ١٠) – ٤

٢٦ پاسێك ٢٣ کەسی تێدابوو، ٥ کەس لەشوێنی وەستان دابەزین و چەند کەسێکی تر سەرکەوتن.

أ (ب + ٢٣) + ٥
ب (ب – ٢٣) + ٥
ج (٢٣ – ب) + ٥
د (٢٣ – ٥) + ب

بڕەکە بۆ تەواوکردنی هەر خشتەیەك بەکاربهێنە.

٢٧

س	س+٦
٤	١٠
٥	١١
٦	
٧	

٢٨

س	س-٣
٨	٥
١٢	
١٦	
٢٠	١٧

٢٩

س	٢٠-س
٥	
٨	١٢
١٠	
١٥	

٣٠ لەند ماوەی ١,٢٩کم بڕی لە ڕۆژی یەکەم، دووئەوەندە لەڕۆژی دووەم، ئەوەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا بڕی ٥,٧٦کم بوو، لە ڕۆژی سێیەمدا چەند ماوەی بڕیوە؟

٣١ دڵشاد بە ٢ ساڵ لە تەمەنی سەرانی هاوڕێی گەورەترە ئەگەر س = بە تەمەنی سەران، ئەو بڕە چەندە کە تەمەنی دلشاد دەنوێنی؟ ئەگەر تەمەنی سەران ١٢ ساڵ بێت. تەمەنی دڵشاد چەندە؟

٣٢ **هەڵە لەکوێدایە؟** جەمال ئەڵێ: س + ١٧ بڕێکە ئەم شێوازە تەواو دەکات:
س+ ١٨؛ س+ ١٥؛ س+ ١٦؛ س+ ١٣؛ س+ ١٤؛ ▢ هەڵەی جەمال دیاربیکە وەڵامی ڕاست بنووسە.

٣٣ **پێوان** لە ساڵی ٢٠٠١ جوامێر لە پێشبڕکێی ئۆتۆمبیلدا سەرکەوت. خێراییەکەی ٣٠٤,١٤٤ کم/کت لەساڵی ٢٠٠٢ خێرایی سەرکەوتووەکە ٠,٠١٨ کم/کت لەسەر خێرایی جوامێر زیادکرد وە لە ساڵی ٢٠٠٣ خێرایی سەرکەتووەکە ٠,٧٠١ کم/کت لەسەر خێرایی سەرکەوتووی ساڵی ٢٠٠٢ زیادیکرد. خێرایی سەرکەوتووەکەی ساڵی ٢٠٠٣ چەندە؟

٣٤ **بنووسە** بڕێك بۆ ئەم پرسیارەی دێت بنووسە. گۆڕاوەکە چی دەنوێنێ دیاربکە.
هانا ٧ کارتی لایە، هەندێکی دابە خوشکەکەی و ٥ کارتی لە براکەی وەرگرت.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٣٥ ئەژمێرکردنی هزری بۆ دۆزینەوەی سەرجەم بەکاربهێنە. ٣٠ + ٤٠ + ٥٠٠ + ٢٠٠

٣٦ ژمارە دەیی هاوتا بۆ ٩,٠٩ بنووسە.

٣٧ گەورەترین ژمارە پێکهاتبێ لە ٧ ڕەنووسی جیاواز بنووسە.

٣٨ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) کام ژمارەی بچووکترە لە ١٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠

أ ٣ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠	ج ٣٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠
ب ١ ٠٠٠ ٠٠٠ ٠٠٠	د ٣٠ ٠٠٠ ٠٠٠

٣٩ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) کام ژمارە دەکەوێتە نیوان ٠,٥٦ و ٠,٥٧؟

أ ٠,٥٥	ج ٠,٥٦٥
ب ٠,٥٥٥	د ٠,٥٧٥

شیکاری پرسیارەکان — گۆشەی ڕوو ناکبیران

مەتەڵەکە شیکاریکە کارزان بروانامەیەکی دۆزییەوە کە مەتەڵیکی تێدابوو. توانی هەندێك لە ژمارەکان و دوو نیشانە بۆ کردارەکانی ئەژمێرکردن لەناویا دیاری بکات، بۆی دەرکەوت کە ●، ● دوو کرداری ئەژمێرکردنی جیاوازن ●، ●، ● بریتین لە سێ ژمارەی جیاواز کە دەکەونە نێوان ١ و ٩.



١ لەگەڵ هاوڕێیەکت کاربکە بۆ دیاریکردنی ژمارەکان و کرداره ئەژمێرییەکان.

٢ ئەوەی دۆزیتەوە بەکاربێنە بۆ داڕشتنی مەتەڵیکی نوێ لەگەڵ هاوڕێکەتدا.

وانەی ٢

هاوکێشەکان

Equations

فێربە

ئابووری گۆران پێویستی بە ٣٢ پاسکیل هەیە بۆ دوکانەکەی ئێستا تەنها ٧ پاسکیلی هەیە، پێویستی بە چەندی تر هەیە؟ هاوکێشەیەك بنووسە بۆ نواندنی پرسیارەکە.

هاوکێشە ڕستەیەکی ژمارەییە نیشانەی یەکسانی تێدایە واتە یەکسانی نێوان دوو هێند نیشان دەدات.

گۆڕاوی س بەکاربهێنە بۆ نواندنی ژمارەی پاسکیلەکان کە پێویستە گۆران بکرێت.

ژمارەی پاسکیلەکان کە هەیەتی	+	ژمارەی پاسکیلەکان کە پێویستیەتی	=	ژمارەی پاسکیلەکان بۆ دوکانەکەی
↓		↓		↓
٧	+	س	=	٣٢

کەواتە، هاوکێشەکە بریتییە لە ٧ + س = ٣٢

نموونەکان

أ کەمال ١٢ پولی پۆستەی هەیە لەیادی لەدایکبوونیدا کۆمەڵێکی تری بۆ هات، ژمارەکە بووبە ٣٢ پوول. کەمال چەند پوولی لە یادی لەدایکبوونیدا بۆ هاتووە

١٢ پوول	+	پوولی جەژنی لەدایکبوون	=	٣٢ پوول
↓		↓		↓
١٢	+	ب	=	٣٢

ب ئارام ٥ پەپکەی سی دی دا بەبراکەی و ٧ دانەی لامایەوە. چەند پەپکەی لابووە.

ژمارەی پەپکەکان کە لایبووە	−	٥	=	٧
↓		↓		↓
س	−	٥	=	٧

لەبیرت نەچێ دەتوانی هاوکێشەیەك بنووسی کە دووبڕی یەکسان بنوێنێ.

ساغبکەرەوە

١ ڕوونیبکەوە هاوکێشە بەچی لە بڕ جیادەکرێتەوە؟

هاوکێشەیەك بنووسە. ئەوەی گۆڕاوەکە دەینوێنێ ڕوونیبکەوە.

٢ هاوار ٢٤ قەڵەمی لایە، هەندێکی لەسەر مێزێك دانا و ١١ قەڵەمی لەلا مایەوە، چەند قەڵەمی لەسەر مێزەکە داناوە؟

٣ ساکار چەند قەلەمێکی لایە، باوکی ٥ قەڵەمی نوێی دایە، ژمارەیان بووبە ١٢ قەڵەم. ساکار چەند قەڵەمی لابووە؟

پێداچوونەوەی خێرا

به پیتی بنووسە

١ ٢+٥= ٧

٢ ٨−٢= ٦

٣ ١١+٢=١٣

٤ ١٢= ٢١−٩

٥ ٦+٢+٥ = ١٣

زاراوەکان

هاوکێشە equation

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

هاوکێشەیەك بنووسە. ئەوەی گۆڕاوەکە دەینوێنێ ڕوونبکەوە.

٤ شۆخان ١٦ موورووی هەیە، پێویستی بە ٢٤ موورە بۆ دروستکردنی بازنێك، چەند موورووی تری پێویستە؟

٥ بەور (پڵنگ) بەخێرایی ٧٠ کم/کت ڕادەکات، بەڵام شێر بەخێرایی ٥٠ کم/کت ڕادەکات. جیاوازی نێوان خێرایی پڵنگ و شێر چەندە؟

٦ سۆران قوتوویەك پەپکی کڕی ٢٠ دانەی تێدابوو. ٣ دانەی دابە براکەی و ٥دانەشی بەکارهێنا. چەند پەپکی لا مایەوە؟

٧ ژمارەیەك لە ٢٢ دەربکە، پاشان ٥ی لەگەڵدا کۆبکەوە و ١٠ بەدەست دەهێنی. ژمارەی دەرکراو چەند بوو؟

٨ پلەی گەرمی ١٥ پلە بەرز بووەوە و گەیشتە ٤٨ پلە پلەی گەرمی سەرەتا چەند بووە؟

٩ پاش کشانەوەی ٧ یاریزان لە تیپێکی وەرزشی. ژمارەیان بووبە ٣٠ یاریزان، ژمارەی یاریزانانی تیپەکە چەند بوو؟

پرسیارێك بۆ ئەم هاوکێشیە بنووسە. گۆڕاوی ن چیدەنوێنێ دیاریبکە.

١٠ ٣١ − ن = ٢٠

١١ ن + ٥ = ١٣

١٢ (٦ + ن) − ٤ = ١٧

بەکارهێنانی پێدراوەکان ستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی بەکاربهێنە بۆ نووسینی هاوکێشەیەك لەگەڵ گۆڕاوێك لە پرسیارەکانی ١٣ تا ١٥.



١٣ جیاوازی نێوان نمرەی شاد و نمرەی توانا چەندە؟

١٤ ئەگەر سەرجەمی نمرەکانی شێرزاد و بەشداربوویەکی تر ١٧ خاڵ بێت، نمرەی بەشداربووەکەی تر چەندە؟

١٥ ئەگەر بەرزترین نمرە ٢٥ بێت. موحەمەد پێویستی بە چەند نمرەی تر هەیە تا بگات بەو نمرەیە؟

١٦ **ئەندازە** چوارگۆشەیەك درێژی لایەکی ن سم و چێوەکەشی ١٦ سمە. هاوکێشەیەك بۆ چێوەی ئەو چوارگۆشەیە بنووسە؟

١٧ میران لە کاتژمێر ١:١٥ د.ن گەیشتە بازار، ماوەی ٤٥ خولەکی لە شەقامی کاوە بەسەر برد و ٣٥ خولەك لە شەقامی مەولەوی و کاتژمێرێك و ١٠ خولەکیش لە شەقامی پیرەمێرد.پاشان ڕۆیشت بۆماڵەوە. میران لەچ کاتژمێرێکدا بازاری بەجێهێشت؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

١٨ برێك بۆ ئەم بارە بنووسە. پلەی گەرمی ٥ پلە بەرزبۆوە.

١٩ ٧ × ٤

٢٠ ٦ × ٩

٢١ ئەژمێری هزری بۆ ئەژمێری سەرجەم بەکاربهێنە ٦ + ١٣ + ٧ + ٢٤

٢٢ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) لەکام ژمارەدا بەهای ڕەنووسی ٦ گەورەترە؟

أ ٥٦ ٩٥٣

ب ٢ ٥٦٠ ٣٣٣

ج ٣٦ ٥٣١ ٢٢٨

د ٤ ٥٢٣ ٦٣٥ ٢٠٠

وانەی ٣

شیكاری هاوكێشەكان

Solving Equations

پێداچوونەوەی خێرا

بەهای هەربڕێك ئەژمێربكە

ئەگەر ن = ٥.

١ ن + ٧
٢ ٢ × ن
٣ ٢٥ ÷ ن
٤ ن − ٢
٥ (١١ + ن) − ١٢

زاراوەكان

شیكار Soultion

فێربە

خەوی درێژخایەن زۆربەی كاتی ڕۆژ وورچی كوالا دەخەوێت. بەهۆی جۆری سیستمی خواردنی كە وزەی كەمە ئەویش ئەوەیە پشت بە خواردنی گەڵا دەبەستێت. ڕۆژانە نزیكەی ٢٢ كاتژمێر دەخەوێت. ڕۆژی چەند كاتژمێر بەئاگایە؟ هاوكێشەیەك بنووسە ئەم بارە بنوێنێ.

كاتژمێری خەوتن + كاتژمێری بەئاگابون = كاتژمێرەكان لە ڕۆژێكدا

٢٢ + ن = ٢٤

ئەگەر هاوكێشەكە گۆڕاوێكی تێدابێت، دەكرێت شیكار بكرێت بە دۆزینەوەی بەها بۆ گۆڕاوەكە، هاوكێشەكە هاوسەنگ دەكات، شیكاری هاوكێشەكە بریتییە لە بەهای ئەو **گۆڕاوە**.

كام لەمانە شیكارە بۆ هاوكێشەكە: ١ یان ٢ یان ٥؟

ن بگۆڕە بە ١	ن بگۆڕە بە ٢	ن بگۆڕە بە ٥
٢٢ + ١ ≟ ٢٤	٢٢ + ٢ ≟ ٢٤	٢٢ + ٥ ≟ ٢٤
٢٣ = ٢٤ هەڵەیە	٢٤ = ٢٤ ڕاستە	٢٧ = ٢٤ هەڵەیە

شیكارەكە بریتییە لە ٢،لەبەرئەوەی ٢٢ + ٢ = ٢٤.

كەواتە ماوە بەئاگابوونی وورچی كوالا ڕۆژانە دوو كاتژمێرە.

▼ وورچی كوالا ڕۆژانە نزیكەی دەیەكی بارستایی خۆی گەڵای كالیپتۆس دەخوات.

نموونە

أ كام لەمانە: ٤ یان ٥ یان ٧ دەبێتە شیكار بۆ هاوكێشەی ٣+ ن =١٠؟

٣ + ٤ = ١٠ ، ن بگۆڕە بە ٤
٧ = ١٠ هەڵەیە
٣ + ٥ = ١٠ ، ن بگۆڕە بە ٥
٨ = ١٠ هەڵەیە
٣ + ٧ = ١٠ ، ن بگۆڕە بە ٧
١٠ = ١٠ ڕاستە
كەواتە، ن = ٧

ب كام لەمانە: ١٠یان ١١یان ١٣دەبێتە شیكار بۆ هاوكێشەی ن −٦=٧؟

١٠ − ٦ = ٧ ، ن بگۆڕە بە ١٠
٤ = ٧ هەڵەیە
١١ − ٦ = ٧ ، ن بگۆڕە بە ١١
٥ = ٧ هەڵەیە
١٣ − ٦ = ٧ ، ن بگۆڕە بە ١٣
٧ = ٧ ڕاستە
كەواتە ، ن = ١٣

ئەژمێرکردنی هزری

ڕزگار لەگەڵ خێزانەکەیدا دوو هەفتەی لە ئوسترالیا بەسەربرد. لەهەفتەی یەکەمدا ١٣ وورچی کوالای بینی و لە هەفتەی یەکەم و دووەمدا ٢٢ وورچی بینی. چەند وورچی کوالای لەهەفتەی دووەمدا بینیووە؟

هاوکێشەیەك بۆ شیکاری پرسیارەکە بنووسە.

وورچی کوالا لەهەفتەی یەکەمدا	+	وورچی کوالا لە هەفتەی دووەمدا	=	وورچی کوالا لە هەردوو هەفتەدا
↓		↓		↓
١٣	+	ب	=	٢٢

دەتوانی هاوکێشەکە بە ئەژمێرکردنی هزری شیکاربکەی.

١٣ + ب = ٢٢ **بیربکەوە:** ١٣ کۆی چ ژمارەیەك یەکسانە بە ٢٢؟

ب = ٩

ساغبکەوە: ١٣ + ٩ = ٢٢ ب بگۆڕە بە ٩

٢٢ = ٢٢ √ هاوکێشەکە ڕاستە. بەهای ب بریتییە لە ٩.

نموونە

أ ٥ + ب = ١٢ **بیربکەوە:** ٥ کۆی چ ژمارەیەك یەکسانە بە ١٢؟

ب = ٧

ساغبکەوە: ٥ + ٧ = ١٢

١٢ = ١٢ √

ب ١٧ − ن = ٧ **بیربکەوە:** ١٧ کەم چ ژمارەیەك یەکسانە بە ٧؟

ن = ١٠

ساغبکەوە: ١٧ − ١٠ = ٧

٧ = ٧ √

لەبیرت نەچێ بەهای ئەو گۆڕاوەی کەوا دەکات هاوکێشەکە ڕاست بێت بریتییە لە شیکاری هاوکێشەکە.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن دەزانی بەهای ژمارەیەك بۆ گۆڕاوەکە لە هاوکێشەیەکدا بریتییە لە شیکار.

کام لەم ژمارانە ٦ یان ٨ یان ١١، شیکاری هاوکێشەکەیە؟

٢ ٩ + ن = ١٧ **٣** س − ٢ = ٩ **٤** س + ٧ = ١٣ **٥** ١١ − س = ٣

کام لەم ژمارانە ٣ یان ٥ یان ١٥، شیکاری هاوکێشەکەیە؟

٦ ن + ١٠ = ١٥ **٧** ٤ + س = ١٩ **٨** ٢١ = ی + ١٨ **٩** ١٦ − ن = ١١

ئەژمێری هزری بۆ شیکاری هاوکێشەکە بەکاربهێنە. شیکارەکە ساغبکەوە.

١٠ ٨ + ن = ١٥ **١١** ٢٥ − ن = ٥ **١٢** ٦٠ − ن = ٥٢ **١٣** ن + ١٠ = ٧٢

١٤ ٨ = ن + ٤ **١٥** ن − ٧ = ٣٠ **١٦** ٣٦ = ن − ١٠ **١٧** ن + ٦ = ١٣

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

کام لەم ژمارانە: ٥، یان ٧، یان ١٢، شیکارە بۆ هاوکێشەکە؟

١٨ ٤ + ن = ١١	**١٩** ن + ٦ = ١٨	**٢٠** ٥٣ − ت = ٤٨
٢١ ٢ = ن − ١٠	**٢٢** ن = ٢ + ٥	**٢٣** ٤٥ − ٣٨ = ت
٢٤ ١٦ = س + ٩	**٢٥** ی = ٢٣ − ١٨	**٢٦** ٣٧ − ٢٥ = ب

ئەژمێرکردنی هزری بۆ شیکاری هاوکێشەکە بەکاربهێنە. شیکارەکە ساغبکەوە.

٢٧ ١١ = ت + ٥	**٢٨** م − ٣ = ٢٠	**٢٩** ك + ٩ = ٢٦	**٣٠** ٣٢ = ١٠ + ت
٣١ ت + ٨ = ١٤	**٣٢** ١٥ = م − ٩	**٣٣** ك + ٣٥ = ٤٨	**٣٤** (ت − ٢٤) + ٣ = ٧

هاوکێشەکە شیکاربکە. شیکارەکە ساغبکەوە.

٣٥ ٢٥ + ت = ٣١	**٣٦** س − ١٧ = ٨	**٣٧** ٢٦ − س = ١٣	**٣٨** ٧ + (س + ٢) = ١٨
٣٩ ٣٠ = ٧ + ب	**٤٠** س = ١٢ − ٩	**٤١** ٥١ − ١٨ = س	**٤٢** س = ١٠ + ٤٣
٤٣ س + ٩ = ٢٦	**٤٤** ٢٩ − ب = ٧	**٤٥** ٧٢ + ٥٤ = د	**٤٦** ٤٤ = ٥٢ − ب

ڕێنوێنی **لە پرسیاری ٤٧ تا ٥٠ هەر هێمایەك ژمارەیەك دەنوێنێ بەهای هەر هێمایەك دیاریبکە.**

٤٧ ❤ + ٣ = ٩	**٤٨** ▲ + ٦ = ١٠	**٤٩** ١٢ − ◆ = ٧	**٥٠** ٥ = ١٢ − ●
٤ + ★ = ❤	▲ − ♣ = ١	◆ + ■ = ٦	● + ◀ = ١٥

ستوونە ڕوونکردنەوەییەکان بەکاردێن بۆ نووسینی هاوکێشە لەڕاهێنانی ٥١ تا ٥٤ پاشان هاوکێشەکە شیکاربکە.

٥١ پشیلە لەڕۆژێکدا چەند کاتژمێر بەئاگایە؟

٥٢ کام گیانەوەر لەڕۆژێکدا چوارئەوەندی ژمارەی کاتژمێرەکانی نووستنی ئەسپ دەخەوێ؟

٥٣ شێر چەند کاتژمێر زیاتر لە مانگا دەخەوێ؟

٥٤ کام گیانەوەر ٥ کاتژمێر زیاتر لە ئەسپ لە ڕۆژێکدا دەخەوێ؟

٥٥ **پرسیار چییە؟** سۆران ٩ گیانەوەری هەیە: ٤ مریشك و دوو مراوی و چەند ئەسپێك. سۆران هاوکێشەی ٦+ ن =٩ بەکارهێنا. وەڵام ٣ ئەسپ.

٥٦ **ڕێنوێنی** کارمەند ١١٣ پارچە دراو لە جۆری ١٠٠٠ دیناری و ١٣ پارچە لە جۆری ١٠٠٠٠ دیناری و ٩ پارچەش لە جۆری پێنج هەزاری دا بەهەردوو براکەی فریا و فەرمان. بەشی هەریەکەیان چەندە ئەگەر براکانی بەیەکسانی دابەشی بکەن؟



پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٥٧ برێك بنووسە ئەم بارەی خوارەوە بنوێنێ.
دانا ٥ پەپکەی لە زانا زیاتر لایە.

٥٨ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە نزیککردنەوەی ١,٠٣٩٥ بۆ نزیکترین بەش لەسەد کامەیە؟

أ ١,٠٣ ج ١,٠٤
ب ١,٠٣٩ د ١,١٤

٥٩ ٢,٠٨ + ٠,٩ = ■ ٦٠ ١,٠٧ − ٠,٥٩ = ■

٦١ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە لاقە ١١٠ هەزار دیناری پاشەکەوت کرد ٨٦ هەزار دیناری زیاترە لە دووئەوەندەی هانە کە پاشەکەوتی کردبوو. هانە چەند دیناری پاشەکەوت کردووە؟

أ ١٢ هەزار دینار ج ٢٤ هەزار دینار
ب ١٨ هەزار دینار د ٣٠ هەزار دینار

شیکاری پرسیارەکان دەروازەیەك لەسەر مێژوو

هێماکانی بیرکاری لە سەدان ساڵ لەمەوپێش بەکارهاتووە. پسپۆڕی بیرکاری تۆماس هاریۆت، بە ڕەگەز ئینگلیزە، یەکەم کەس بوو کە دوو هێمای > و < لە کتێبەکەیدا لەساڵی ١٦٣١ز بەکارهێنا. بەڵام بیاربوغیری فرەنسی یەکەمین کەس بوو لە ساڵی ١٧٣٤ ز کە دوو هێمای ≥ بچووکتر یان یەکسان و ≤ گەورەتر یان یەکسانی بەکارهێنا. دەتوانرێ دوو هێمای ≥ یان ≤ بۆ دەرخستنی پەیوەندییەکان بەکاربهێنرێت.

٥ ≥ ٥ دەخوێندرێتەوە ٥ بچووکتر یا یەکسانە بە ٥
٧ ≤ ٢ دەخوێندرێتەوە ٧ گەورەتر یا یەکسانە بە ٢
ن ≥ ٩ دەخوێندرێتەوە ن بچووکتر یا یەکسانە بە ٩

ئەگەر ن ≥ ٩، کەواتە بەهای ن ژمارەیەکە بچووکترە یا یەکسانە بە ٩ ئەگەر ن ژمارەیەکی سروشتی بێت. بەهاکەی ٠ یان ١ یان ٢ یان ٣ یان ٤ یان ٥ یان ٦ یان ٧ یان ٨ یان ٩ دەبێت.

▲ وتراوە کە چەمکی دوو هێمای > یان < بە بیری تۆماس هاریۆت داهاتووە، دوای بینینی ئەم وێنەیەی کە هاوڵاتییەکی ئەمریکی دروستی کردبوو لەکاتی جێبەجێکردنی ڕاپرسی لە ئەمریکای باکور.

ئەو ژمارە سروشتیانە بنووسە کە دەکرێ گۆڕاوەکان بنوێنێ.

١ ن ≥ ٥ ٢ س ≥ ٢ ٣ ت ≤ ٨ ٤ س < ١٠ ٥ س ≤ ٠

گۆڕاوێك و هێمای ≥ یان ≤ بەکاربهێنە بۆ نووسینی ڕستەیەکی بیرکاری کە ڕستەیەکی پیتی بنوێنێ.

٦ هەموو ژمارەکانی س بچووکترە یان یەکسانە بە ٧ ٧ هەموو ژمارەکانی س گەورەترە یا یەکسانە بە ١٢

وانەی ٤

بەهای بڕ

Expression Value

پێداچوونەوەی خێرا

١) ١٠٠ – ١

٢) ٢٥ + ١٠

٣) ٤٦ × ١٠

٤) ٢٠٠ ÷ ١٠

٥) ٢٠٠ – ١٩

فێربە

ڕیز بە ڕیز داستان ٤ ڕیز پارچە دۆمینەی ڕێکخست، لە هەر ڕیزێکدا هەمان ژمارەی لە پارچەکان دانا، دەتوانرێ بڕێك بنووسرێت ژمارەی گشت پارچەکان بنوێنێ. هەرچەندە ژمارەیان لەهەر ڕیزێکدا زانراو نیە.

گریمان ی = ژمارەی پارچە دۆمینەکان لەهەر ڕیزێکدا.

٤ ڕیز ← ٤ ، لێکدان ← × ، ژمارە لەهەر ڕیزێك ← ی

دەتوانرێ ٤ × ی بنووسرێت یا ٤(ی) یا ٤ی

▲ (ڕاڵف لاو) ٥٢٩ پارچە دۆمینەی خستە سەریەك بۆ دروستکردنی تەنێك کە خاڵی ڕاگرەکە تەنها یەك پارچە دۆمینە بوو.

لەبیرت نەچێ بۆ دۆزینەوەی بەهای بڕ کە گۆڕاوێکی تێدابێت، گۆڕاوەکە بە ژمارەیەك بگۆڕەوە. پاشان کرداری ئەژمێرکردن جێبەجێبکە.

نموونە ١ داستان لەهەر ڕیزێك ٦ پارچە دۆمینەی دانا ژمارەی هەموو پارچەکان چەندە؟ چی دەبێت ئەگەر لەهەر ڕیزێکدا ٩ پارچە هەبێت؟

أ ٤ × ی ئەژمێربکە کاتێك ی = ٦

٤ × ٦ ⟵ ٦ لە شوێنی ی دابنێ

٢٤

ئەگەر ژمارەی پارچەکان لەهەر ڕیزێکدا ٦ بێت ئەوا ژمارەی گشتی پارچەکان دەبێتە ٢٤ پارچە.

ب ٤ × ی ئەژمێربکە کاتێك ی = ٩

٤ × ٩ ⟵ ٩ لە شوێنی ی دابنێ

٣٦

ئەگەر ژمارەی پارچەکان لەهەر ڕیزێکدا ٩ بێت ئەوا ژمارەی گشتی پارچەکان دەبێتە ٣٦ پارچە.

نموونە٢ بڕێك بنووسە و پاشان بەهاکەی ئەژمێربکە.

أ شانیا دوو قەڵەمی دار و چەند پاکەتی لە قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگی کڕی. کە هەریەکەیان ٤ قەڵەمی تێدایە.

گریمان س = ژمارەی پاکەتەکان

ژمارەی قەڵەمە ڕەنگەکان کۆ دوو قەڵەمی دار

٤ س + ٢

بڕەکە ٤ س + ٢

ب ئەگەر ٤ پاکەت قەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ «بۆیە» و دوو قەڵەمی دارت کڕی ئەوا چەند قەڵەمت کڕیووە؟

بەهای ٤ س + ٢ ئەژمێربکە، ئەگەر س = ٤

٤ × ٤ + ٢

١٦ + ٢

کەواتە، ژمارەی قەڵەمەکان ١٨ قەڵەمە.

ئەگەر شانیا ٣ پاکەت قەڵەمی بۆیە و دوو قەڵەمی دار بکڕێت، ئایا چەند قەڵەمی کڕیووە؟

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە چۆن بەهای بڕی (٨ × س) − ٥ ئەژمێردەکەی ئەگەر س = ٣

بڕێك بنووسە ئەوەی هەر گۆڕاوێك دەینوێنێ ڕوونیبکەوە.

٢ شەونم ڕۆژی دووشەممە ماوەی دوو کیلۆمەتری بڕی و ئەمڕۆش ٣ کیلۆمەتر.

٣ مریەم هەفتانە هەمان ژمارە کتێب دەخوێنێتەوە. لەماوەی ٤ هەفتەدا.

هەر بڕێك ئەژمێربکە کاتێك س = ١٠، و س = ١١، و س = ١٢

٤ ٤ س

٥ (س + ٣) × ٤

٦ ٢× س × ٥

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بڕێك بنووسە. ئەوەی گۆڕاوەکە دەینوێنێ دیاربکە.

٧ کارزان چەند کتێبێکی لایە. لەسەر هەر ڕەفەیەك ٧ کتێبی دانا.

٨ هێمن ١٨ پارچە شیرینی لایە. هەمان ژمارە پارچە شیرینی دا بەهەر چوار هاوڕێکەی.

خشتەکە تەواوبکە.

٩

س	٢١ × س
٢	●
٣	●
٤	●

١٠

س	س+٢٨
١٢	●
١٤	●
٢٠	●

١١

س	٩س−٦
٦	●
٧	●
٨	●

١٢

س	(س−١)×٢
٨	●
١٠	●
١١	●

جەبر گریمان ن = ٦. > یان < یان = لە شوێنی ● دابنێ.

١٣ ٤ × ن ● ٤ + ن

١٤ ٢ × ن ● ١٠ + ٦ + ن

١٥ ٢٠ × ن ● ٥ × ٤ × ن

١٦ **پرسیار چییە؟** پشتیوان بە ئۆتۆمبیلەکەی ن کیلۆمەتری لە کاتژمێرێکدا بڕی، بۆ ماوەی ٣ کاتژمێر وەڵام بریتیە لە ٣ × ن

١٧ بەهای س چەندە کەوا لە بڕی ٧ × س دەکات یەکسان بێت بە ٤٩؟

١٨ **بنووسە** ڕستەیەك بنووسە کە دەنوێنرێ بە بڕی (٤ × ن) + ٥، و ڕستەیەکی تریش کە دەنوێنرێ بە بڕی ٤ (ن + ٥) بنوێنێ.

١٩ تەنێك پێکهاتووە لە ١ ٥٠٠ پارچە دۆمینۆ دوای کەوتنی پارچە دۆمینەکان یەك لەدوای یەك، ٥٧ پارچەی سور و دوو ئەوەندەی ئەویش لە پارچەی سەوز لە شوێنەکانی خۆیان مانەوە، چەند پارچە دۆمینە کەوتووە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٠ بەهای ڕەنووسی شین لە ٥٧ ٨٩٤ ٠٧٢ چەندە؟

٢١ ٣,١ + ١,٨ + ٤,٤

٢٢ ٦٦,٦٦٦ بە پیتی بنووسە.

٢٣ ٠٣٩ ٤٥٦ + ٢٨ ٤٠٣

٢٤ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە — چ ژمارەیەك بۆ شوێنی ■ دەبێ؟

٣٠٨ ■ ٥٢ > ٨٠٣ ٥٢٤

أ ١: ٢: ٣: ٤: ٥

ب ٠: ١: ٢: ٣: ٤

ج ٣: ٤: ٥: ٦: ٧

د ٢: ٣: ٤: ٥: ٦

وانەی
٥

سیفەتەکانی لێکدان

Multiplication properties

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٧ × ٦= ▢

٢ ٧٠ × ٦= ▢

٣ ٧٠٠ × ٦= ▢

٤ ٧٠٠٠ × ٦= ▢

٥ ٧٠٠٠٠ × ٦ = ▢

زاراوەکان

سیفەتی ئاڵوگۆڕ
commutative property

سیفەتی پێکەوەبەستن
associative property

لە بیرتبێ

بۆ شیکاری پرسیارەکان دەکرێ ئەژمێرکردنی هزری و سیفەتەکانی لێکدان بەکاربهێنێ

سیفەتی ئاڵوگۆڕ
٤×٣ = ٣×٤

سیفەتی پێکەوەبەستن
(٨×٢)×٦ = ٨×(٢×٦)

سیفەتی یەك «بێ لایەن»
٧ × ١ = ٧

سیفەتی سفر
٩ × ٠ = ٠

فێربە

تۆمارگەی سی دی شێرکۆ ٨ ڕەفەی هەیە لەسەر هەریەکەیان هەمان ژمارە پەپکەی دانا، هەڤاڵ ٥ ڕەفەی هەیە لەسەر هەر یەکەیان ٨ پەپکەی دانا، ژمارەی پەپکەکان لەلای هەریەکیان وەك یەکە ، شێرکۆ چەند پەپکەی لەسەر هەر ڕەفەیەك داناوە؟

دەتوانی هاوکێشەیەك بۆ نواندنی پرسیارەکە بنووسیت.

گریمان س = ژمارەی پەپکەکان لەسەر هەرڕەفەیەك لە ڕەفەکانی شێرکۆ

پەپکەکانی شێرکۆ				پەپکەکانی هەڤاڵ		
ژمارەی ڕەفەکان	×	ژمارەی پەپکە لەسەر هەرڕەفەیەك	=	ژمارەی ڕەفەکان	×	ژمارەی پەپکە لەسەر هەرڕەفەیەك
↓		↓		↓		↓
٨	×	س	=	٥	×	٨

٨ ×س = ٥ × ٨ بیر لە سیفەتی ئاڵوگۆڕ بکە

٨ × ٥ = ٥ × ٨ پێویستە کە س یەکسان بێت بە ٥

س = ٥

کەواتە، ٥ پەپکە لەسەر هەر ڕەفەیەك لە ڕەفەکانی شێرکۆ هەیە.

نموونەکان پرسیارەکە شیکاربکە.

أ (٨ × ٦) × ٥ = ٨ × (٦ ×س) سیفەتی پێکەوەبەستن

(٨ × ٦) × ٥ = ٨ × (٦ × ٥)

واتە، س = ٥

ب ١٦ × ت = ١٦ سیفەتی یەك « بێ لایەن»

١٦ × ١ = ١٦

واتە، ت = ١

• سیفەتی ئاڵوگۆڕ بەچی لە سیفەتی پێکەوەبەستن جیادەکرێتەوە؟

لەبیرت نەچێ سیفەتەکانی لێکدان یارمەتی شیکاری پرسیارەکان بەهزری دەدات.

ساغبکەوە

١ ئەو سیفەتەی بە ئاسانی یارمەتی دیاریکردنی بەهای س دەدات باسبکە.

(١٦ × ٧٢) × س = ٠

هاوکێشەکە شیکاربکە. سیفەتی بەکارهێنراو دیاری بکە

٢ (٧ ×د) × ٨ = ٧ × (٣ × ٨)

٣ ن × ٣ = ٣ × ٩

٤ م × ٧ = ٠

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

هاوکێشەکە شیکاربکە. سیفەتی بەکارهێنراو دیاری بکە

٥ ٤ × (٨ × م) = (٤ × ٨) × ٧

٦ ٩ × س = ٠

٧ ن × ٤٣ = ٤٣ × ٣

٨ (٦ × ٧) × ٢ = ٦ × (س × ٢)

٩ ٥ × س = ٥

١٠ ١ × ت = ١٦٥

١١ ٥ × (ن × ١٣) = (٥ × ٤) × ١٣

١٢ ١١٢ × ٩ = ن × ١١٢

١٣ س × ١ = س

چەبر **سیفەتێك یان چەند سیفەتێك كە بەكارهاتووە دیاریبكە.**

١٤ س × ی = ی× س

١٥ س × ٠ = ٠

١٦ ن × ١ = ن

١٧ س × (ب × ك) = (س × ب) × ك

١٨ (س × ب) × ك = ب × (س × ك)

بەکارهێنانی پێدراوەکان وێنە ڕوونکردنەوەییەکە بۆ شیکاری پرسیاری ١٩ و ٢٠ بەکاربێنە

١٩ ژمارەی پەیکە فرۆشراوەکان لە ساڵی ١٩٩٧ تا ساڵی ١٩٩٩ بخەمڵێنە.

٢٠ لەکام ساڵدا زۆرترین ژمارەی پەیکە فرۆشراوە؟

٢١ شوێنی کەوانەکان دیارییکە بەمەرجێك هاوکێشەکە ڕاست بێت.

٢٤×٣+٢٤×٧=٢٤٠

٢٢ سۆزان لەماوەی ٢٠ چرکەدا لێدانی دڵی ژمارد. ژمارەی لێدانەکان ٢٩ ترپە «لێدان»بوو. ژمارەی لێدانی دڵی لەخولەکێکدا چەندە؟

٢٣ کۆمەڵێك لەچێڵ و مراوی ژمارەی سەر و قاچیان ٩٩بوو. ئەگەر ژمارەی مراوییەکان دوو ئەوەندی چێڵەکان بێت. ئایا ژمارەی هەریەکەیان چەندە؟

٢٤ **بنووسە** نموونەیەك بێنە بەدیارییبخات چۆن سیفەتی پێکەوەبەستن لە لێکدانا یارمەتیت دەدا لەشیکاری پرسیارەکان بەهزری؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ژمارەی دەیی بەشێوەی کەرت بنووسە

٢٥ ٠,٠٢١

٢٦ ٠,٧٠٤

٢٧ ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیزبکە.

٣,٥٢؛ ٣,٢٥؛ ٢,٣٥

٢٨ ٢٣ + ٤٧ + ١٩ + ١٠ + ١١

٢٩ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە — تەمەنی هوما بە ٦ ساڵ لە تەمەنی هەنێ کەمترە. ئەگەر تەمەنی هەنێ ١٩ ساڵ بێت بۆ دۆزینەوەی تەمەنی هوما کام هاوکێشە بەکاردێت؟

أ ٦ + ن = ١٩

ب ١٩ + ٦ = ن

ج ٦ + ١٩ = ن

د ١٩ + ن = ٦

وانەی ٦

بەشینەوە لە لێکدان

Distribution in Multiplication

پێداچوونەوەی خێرا

١. ٨ + ٢٩
٢. ٢٣٩ − ١٥
٣. (٦ × ٢) × ٨
٤. ٨٥٠٠ ÷ ١٠
٥. ٩ × ٢٠ + (٩ × ٤)

زاراوەکان

سیفەتی بەشینەوە
distribution property

فێربە

پارچە پارچە سیفەتی بەشینەوە لەلێکداندا بریتییەلە لێکدانی ژمارەیەك لەسەرجەمی دوو ژمارە، واتە لێکدانی ئەو ژمارەیە لەهەر یەك لە دوو ژمارەکە و پاشان ئەنجامی دوو لێکدانەکە کۆبکرێتەوە.

چالاکی (بەدەست) سیفەتی بەشینەوە بۆ ئەژمێرکردنی ٥ × ١٦ چۆن بەکاردەهێنرێ؟

هەنگاوی ١
لاکێشەیەك لەسەر کاغەزی چوارگۆشەکان دیاربکە، پانیەکەی ٥ یەکە و درێژیەکەی ١٦ یەکە بێت. بیر لە ڕووبەرەکە بکەوە وەك ئەنجامی لێکدان.



٥ × ١٦

هەنگاوی ٢
١٠ یەکە لەلای ڕاستی لاکێشەکە بژمێرە. هێڵێك بۆ بەشکردنی لاکیشەکە بکێشە.



٥ × (١٠ + ٦)

هەنگاوی ٣
سیفەتی بەشینەوە بۆ ڕونکردنەوەی سەرجەمی ئەنجامی لێکدان بەکار بهێنە یەکەمجار ناو کەوانەکان لێکبدە پاشان ئەنجامی لێکدان کۆبکەرەوە



(٥ × ١٠) + (٥ × ٦)
٥٠ + ٣٠ = ٨٠

واتە ٥ × ١٦ = ٨٠

● کاغەزی چوارگۆشەیی بۆ ئەژمێرکردنی ن = ١٧ × ٢٠ بەکاربێنە.

دووبارە دەتوانی سیفەتی بەشینەوە بۆ دیاریکردنی بەهای بڕ لەگەڵ گۆڕاودا بەکاربهێنی.

نموونە بەهای ٦ × (ن + ٥) چەندە، ئەگەر ن = ١٠؟

٦ × (ن + ٥) = (٦ × ن) + (٦ × ٥)	سیفەتی بەشینەوە
= (٦ × ١٠) + (٦ × ٥)	لەشوێنی ن بەهای ١٠ دابنێن
= ٦٠ + ٣٠	
= ٩٠	

• سیفەتی بەشینەوە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی هاوکێشەی ٧ × (ن + ٢) = ٨٤ بەکاربهێنە، ئەگەر ن = ٥، پاشان ن = ١٠.

ساغبکەوە

١ ڕوونبکەوە چۆن سیفەتی بەشینەوە بۆ دۆزینەوەی ٧ × ٨٢ بەکاردەهێنرێت. هەنگاوەکان دیاربکە.

کاغەزی چوارگۆشەیی بەکاربهێنە بۆ ئەژمێرکردنی ئەنجامی لێکدان.

٢ ١٨ × ١٠ **٣** ١٥ × ٢٠ **٤** ٦ × ٢٣ **٥** ١٤ × ٣٠

سیفەتی بەشینەوە سەرلەنوێ بۆ نووسینی هەربڕێك بەکاربهێنە. پاشان ئەنجامی لێکدان ئەژمێربکە.

٦ ٢٦ × ٧ **٧** ٢٤ × ٩ **٨** ٣ × ٢٦ **٩** ١٥ × ٧

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

کاغەزی چوارگۆشەیی بۆ ئەژمێرکردنی ئەنجامی لێکدان بەکاربهێنە.

١٠ ١٧ × ٥ **١١** ١٦ × ٩ **١٢** ١٤ × ٢٠ **١٣** ٦ × ٣٣

سیفەتی بەشینەوە سەرلەنوێ بۆ نووسینی هەربڕێك بەکاربهێنە. پاشان ئەنجامی لێکدان ئەژمێربکە.

١٤ ٨ × ١٤ **١٥** ٣٤ × ٨ **١٦** ٣٧ × ٩ **١٧** ٣٥ × ٦

١٨ ٢٨ × ٩ **١٩** ٣٢ × ١٠ **٢٠** ٢٦ × ١٢ **٢١** ١٢ × ٥٠

جەبر دەقی بڕەکە سەرلەنوێ بەبەکارهێنانی سیفەتی بەشینەوە بنووسە. پاشان بەهای بڕەکە ئەژمێربکە

٢٢ ٩ × (ن + ٨)کاتێك ن = ١٠ **٢٣** ٨ × (٤ + س)کاتێك س = ٢٠

٢٤ ٣ × (٦ + ت)کاتێك ت = ٤٠ **٢٥** ٥ × (س + ٧)کاتێك س = ٨٠

٢٦ پاشا ٤ شەتڵ تەماتەی هەیە و هەر شتڵەی هەفتانە ٤ دانە دەگرێت. پاشا بەرهەمی سێ هەفتەی لەگەڵ ٣ لە هاوڕێکانی بەشکرد. هەریەکەیان چەند تەماتەی بەرکەوتووە؟

٢٧ **هەڵە لەکوێدایە؟** ئارام ٧ × (٣٠ + ٧) = ٢١٠ + ٧ = ٢١٧ی نووسی هەڵەکە دیاربکە و ڕاستی بکەوەو وەڵامە ڕاستەکە بنووسەوە.

٢٨ سیفەتی بەشینەوە بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی هاوکێشەکە بەکاربهێنە.

٥×(س+٦)=١٣٠، کاتێك س=٢٠.

٢٩ **بنووسە** سیفەتی بەشینەوە بە بۆچوونی خۆت ڕاڤەبکە، نموونە لەسەر جێبەجێکردنیان بهێنەوە.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٣٠ (١٧ – س) + ٢٧ ئەژمێربکە، کاتێك س = ٤.

٣١ بۆ نزیکترین دەیەك نزیکبکەوە، پاشان کۆیبکەوە ٧,٣٩ + ٢,٤٦.

٣٢ ٢,٥١ + ٠,٣٥

٣٣ ٩٠,٨ – ٥٦,٩

٣٤ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە بەهای ڕەنووسی ٨ لەژمارە ٢ ٨٠٥ ٧٠٤ بنووسە.

أ ٨٠٠ ج ٨٠ ٠٠٠

ب ٨ ٠٠٠ د ٨٠٠ ٠٠٠

وانەی ٧

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

هاوکێشەیەك بنووسە

Problem Solvin Strategies:

Write an Equation

پێداچوونەوەی خێرا

بڕەکە ئەژمێریکە، کاتێك س = ١٢

١ ٢ + س

٢ ٦٤ − س

٣ ٣٦ + س

٤ ١٤ − س

٥ س × ٧

پرسیار ڕووبەری ڕەشماڵێکی گەورە ٦٥ مەتر دووجایە، بارستاییەکەی ١٨ کگم. ڕەشماڵەکە لە ١٣ پارچە قوماشی ڕووبەر یەکسان پێکهاتووە. ڕووبەری هەر پارچەیەك چەندە؟

لە بیرتبێ

بڕەکان لەهەر دوولای هاوکێشەکە هەمیشە یەکسانن. نموونە

١٠ + ٥ = ١٥

↓ = ↓

١٥ = ١٥

تێبگە

- داواکراو چییە؟
- ئەو زانیاریانە چین کە بەکاریان دەهێنیت؟
- زانیاری هەیە کە بەکارت نەهێنابێت؟

پلاندانان

- چ ڕێگایەك بۆ شیکاری پرسیارەکە بەکاردەهێنیت؟

دەتوانی هاوکێشەیەك بنووسی و شیکاری بکەیت بۆ دۆزینەوەی ڕووبەری هەر پارچە قوماشێك.

شیکاربکە

چۆن ئەم ڕێگایە بەکاردەهێنیت بۆ شیکاری پرسیارەکە؟

هاوکێشە بنووسە. پاشان ئەژمێری هزری بۆشیکاری هاوکێشەکە بەکاربێنە؟ گریمان س = ڕووبەری هەر پارچە قوماشێك.

ڕووبەری ڕەشماڵەکە	=	ژمارەی پارچە قوماشەکان	×	ڕووبەری هەرپارچەیەك
↓		↓		↓
٦٥	=	١٣	×	س

س = ٥ **بیربکەوە:** ١٣ لێکدانی کام ژمارە یەکسانە بە ٦٥؟ کەواتە ڕووبەری هەر پارچە قوماشێك ٥ مەتر دووجایە.

ساغبکەوە

- چۆن لە ڕاستی وەڵامەکەت دڵنیادەبیت؟
- چ ڕێگەیەکی تر دەتوانی بەکاربهێنی؟

ڕاهێنان و شیكاری پرسیارەكان

هاوكێشە بۆ هەرپرسیارێك بنووسە وشیكاری بكە. ئەو گۆڕاوەی دەینوێنی ڕوونیبكەوە.

١ ئەگەر ڕووبەری ڕەشماڵەكە ١٣٠م دووجا بێت، ڕووبەری هەرپارچە قوماشێك چەندە؟ وە ئەگەر ڕووبەر ١٤٣م دووجا بێت، دەبێتە چەند؟

٢ ١٨ ڕەشماڵ بەژمارەی یەكسان لەچەند ڕیزێكدا دانراون، ئەگەر ژمارەی گشتی ڕەشماڵەكان ٣ ئەوەندی ژمارەی هەرڕیزێك بێت ئایا لەهەرڕیزێكدا چەند ڕەشماڵ هەیە؟

بەكارهێنانی پێدراوەكان خشتەكە بۆ شیكاری پرسیاری ٣، ٤ بەكاربهێنە، ئەم خشتەیە ژمارەی ئەو پیتانە نیشاندەدات كە هەر قوتابییەك بەشێوەی دروست لە تاقیكردنەوەدا دەریبڕیوە.

تاقیكردنەوە لەسەر دەربڕین			
ڕۆژان	بێژان	ژوان	ژیان
١٩	١٨	١٥	١٦

٣ بێژان ٩٠ نمرەی لە تاقیكردنەوەكە هێنا. كام هاوكێشە بۆ دیاریكردنی ژمارەی نمرەكان لەسەر هەرخشتەیەك كە بەشێوەی دروست دەریبڕیو.

أ ١٨ × س = ٩٠ ج ١٨ + س = ٩

ب ١٨ − س = ٩٠ د ٩٠ − س = ١٨

٤ لە كام هاوكێشەدا س بەكارهێنراوە بۆنواندنی ژمارەی پیتەكان كە ڕۆژان بە شێوەیەكی دروست زیاتر لە ژوان دەریبڕیوە؟

أ س = ١٩ + ١٥ ج ١٥ = ١٩ + س

ب ١٥ + س = ١٩ د ١٩ = س − ١٥

ڕێگاكانی شیكاری پرسیارەكان

- هێلكاری یان وێنەیەك بكێشە
- نموونەیەك دروستبكە یان كردارێك جێبەجێبكە.
- لیستێكی ڕێكخراو پێكبێنە
- بەدوای شێوازێكدا بگەڕێ
- خشتەیەك یان وێنەیەكی ڕوونكردنەوە پێكبێنە
- بخەملێنە و ساغبكەوە
- بەهەنگاوەكانتا بچۆوە
- پرسیارێكی سادەتر شیكاربكە
- **هاوكێشەیەك بنووسە**
- دەرئەنجامی ژێربێژی بەكاربهێنە

جێبەجێكردنە جیاوازەكان

٥ ئاریان كاتژمێر ١:١٥ی دوای نیوەڕۆ گەیشتە مەڵبەندی بازرگانی ، ٢٥ خولەكی لە دوكانی ئامێرە مۆسیقیەكان بەسەربرد، ٢٠ خولەكیش لە دوكانی جل و بەرگ و ٣٥ خولەكیش لە دوكانی كۆمپیوتەر. پاشان ڕۆیشت. ئاریان لە چ كاتێكدا لە مەڵبەندی بازرگانی ڕۆیشتە دەرەوە؟

٦ هەركاتێك ئۆتۆمبیلەكەی ئیبراهیم ١٢٠كم ببڕێت دەبەیەك سوتەمەنی پێویست دەبێت. ئەگەر بڕی سوتەمەنی لەناو تانكی ئۆتۆمبیلەكە ٣ دەبەبێت. ئایا بەشی بڕینی ماوەی ٤٠٠كم دەكات؟ وەڵامەكەت ڕوونبكەوە.

٧ **ڕێنوێنی** دوو ژمارە سەرجەمیان ٣٤ و جیاوازیان ٤، ئەو دوو ژمارەی كامانەن؟

٨ شاعیرێك ٢٣ نامەی لەلایەن خۆشەویستەكانیەوە لەڕۆژی دوو شەممە پێگەیشت هەروەها لە ڕۆژی سێشەممە ٥٤ نامە و ژمارەیەكی تریش لەڕۆژی هەینی پێگەیشت. ئەگەر ژمارەی گشتی نامەكان ١٢٧ نامە بێت. ئایا ڕۆژی هەینی چەند نامەی پێگەیشتبوو؟ هاوكێشەیەك بنووسە و شیكاری بكە. گۆڕاوەكە چی دەنوێنێ ڕوونیبكەوە.

٩ **پرسیار بنووسە** بتوانی بەهاوكێشەی س × ٣ = ٢١ شیكاری بكەی.

بەشی ٣

پێداچوونەوە
Review

هاوکێشە equation
هێمای یەکسان equal sign
بڕەکە expression
گۆڕاو variable
سیفەتی پێکەوەبەستن associative property
سیفەتی بەشینەوە distributive property
ئەژمێر بکەیت calculate

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ ـــ؟ـــ ڕستەیەکی ژمارەییە هێمای یەکسانی تێدا بەکاردەهێنرێ بۆ نیشاندانی دوو هێندەی یەکسان.

٢ ـــ؟ـــ پیت یان هێمایەکە ژمارەیەك دەنوێنێ.

٣ ـــ؟ـــ لێکدانی ژمارەیەك لەسەرجەمێك وەك ئەوە وایە کە هەر کۆلکەیەك لەسەرجەم لێکدانی ئەو ژمارەیە بدرێت پاشان ئەنجامی لێکدان کۆبکرێتەوە.

٤ بۆ ئەوەی بەهای بڕەکە ـــ؟ـــ گۆڕاوەکە بە ژمارەیەك دەگۆڕدرێت پاشان کردارەکان جێبەجێ دەکرێت.

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

بڕێك بنووسە ئەوەی هەرگۆڕاوێك دەینوێنێ ڕوونیبکەوە.

٥ لە قوتابخانەیەکدا ١٦ بژمێر هەیە لەساڵێ داهاتوو چەند دانەیەکی تری بۆ زیاددەکرێ.

٦ لەشەمەندەفەرێك ٥٣ نەفەر هەیە. هەندێکیان دابەزین.

بەهای بڕەکە ئەژمێربکە.

٧ $(٩٠ - ك) \times ٢$ کاتێك $ك = ٤٥$

٨ $س \times ١٠ \times ٤$ کاتێك $س = ٣$

٩ $(٠ \times ت) \times ٥$ کاتێك $ت = ٧$

١٠ $١٢ \times (٦ + ٤) + ٨$

١١ $٣٦ \div (٩ + ٣) - ٣$

١٢ $(٥ \times ٨) \div (٨ - ٦)$

هاوکێشەیەك بنووسە، ئەوەی گۆڕاوەکە دەینوێنێ ڕوونبکەوە. پاشان هاوکێشەکە شیکاربکە.

١٣ شاد ١٧ قەڵەمی هەیە، چەند دانەیەکی دابە دیار، ٩ دانەی لا مایەوە. چەند قەلەمی داوەتێ؟

١٤ عادل ١٧ پەپکەی هەبوو، چەند دانەیەکی تری کڕی. ژمارەکەی بوو بە ١٨ پەپکە عادل چەند پەپکەی کڕیوە؟

هاوکێشە شیکاربکە. ئەو سیفەتەی بەکارتهێناوە دیاریبکە.

١٥ $٠ = ١٩ \times س$

١٦ $(٥ \times ٤) \times ٩ = ٥ \times (س \times ٩)$

١٧ $١٦ = ت \times ١٦$

١٨ $٦ \times س = ١٣ \times ٦$

دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

شیکاربکە.

١٩ لازۆ ویستی باخچە لاکێشەکەی بەتەل پەرژین بکات کە درێژییەکەی ١٨م و پانیەکەی ١٢م . پێویستی بە چەند مەتر تەل هەیە؟

هاوکێشەیەك بنووسە و شیکاری بکە

٢٠ شازاد ویستی ٢٤ کتێب بەیەکسانی لەناو ٤ پاکەتدا دابنێ چەند کتێبی خستۆتە ناو هەر پاکەتێك؟

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
Standardized Test Prep

ئاگاداربە! CAUTION!

پرسیارەکە تێبگە

هاوکێشەی پرسیاری ٤ ئەوە دەگەیێنێ کە س − ٥ یەکسانە بە ٧ + ١٢ یان ١٩ لەبەرئەوەی ٥ لە س دەرکراوە، پێویستمان بەدیارکردنی ژمارەیەك هەیە کە ٥ی لە ١٩ زیاتربێت.

وەڵامی گونجاو بۆ پرسیاری ١ تا ٨ هەڵبژێرە.

١ کام ڕستە هاوکێشەی ١٠ − س = ٦ دەنوێنێ؟

أ ژمارەیەك ١٠ی کەمبێت یەکسانەبە ٦

ب ١٠ کەم ٦ یەکسانەبە ژمارەیەك

ج ١٠ کەم ژمارەیەك یەکسانەبە ٦

د ٦ کەم ژمارەیەك یەکسانەبە ١٠

٢ کام بڕ سیفەتی ئاڵوگۆڕ لەکۆکردنەوەدا دەنوێنێ؟

أ ٠ + ٧ + ١٦ = ٧ + ١٦

ب ١٦ + ٧ = ٧ + ١٦

ج ١٦ = ٠ + ١٦

د (٢ + ٧) + ١٦ = ٢ + (٧ + ١٦)

٣ کام ژمارە هاوتا نیە لەگەڵ ٧٥,١؟

أ ٧٥,١٠ ج ١٠,٠ + ٦٥,١

ب ٠,٩ − ٧٦,٠ د ٠,٠١ + ٧٥,٠

٤ بەهای س لە س − ٥ = ٧ + ١٢ کامەیە؟

أ ٢٤ ب ١٩ ج ١٤ د جگە لەوان

٥ بەهای ١٠ × س × ٣ چەندە، ئەگەر س = ٢؟

أ ٢٣ ب ٣٠ ج ٣٦ د جگە لەوان

خشتەکە بەکاربهێنە بۆ شیکاری پرسیاری ٦ تا ٨.



٦ کام گیانەوەر خێراییەکەی نزیکەی دووئەوەندی خێرایی ووشترە؟

أ کەنغەر ج بەور (پڵنگ)

ب کەری کێوی د جگە لەوان

٧ ئەگەر کەنغەر ٦ خولەك ڕابکات، دەبێ ووشتر چەند ڕابکات بۆ ئەوەی هەمان ماوە ببڕێت؟

أ ٦ خولەك ج ٨ خولەك

ب ٧,٥ خولەك د ١٢ خولەك

٨ کام هاوکێشە ئەو ماوەیە بەمەتر دیاریدەکات کە بەورەکە لەماوەی ١٤ خولەکدا بڕیویەتی؟

أ ١٢ ٦٠٠ = ٩٠٠ × ١٤ ج ٩١٤ = ٩٠٠ + ١٤

ب ٩٠٠ = ٤ × ١٤ د ١١ ٩٠٠ = ٨٥٠ × ١٤

ئەوەی دەیزانی بینووسە Write What You Know

٩ بارێك باسبکە بتوانی بە هاوکێشەی ١٠ − س = ٦ بینوێنی. پاشان هاوکێشەکە شیکار بکە.

١٠ بۆئەم پرسیارەی دێت هاوکێشەیەك بنووسە و شیکاری بکە. پاشان نواندنی گۆڕاوەکە ڕوونبکەوە. شاباز ١٠٨ هەزار دینار لەبڕی نرخی ٩ فەرهەنگ داوە، نرخی یەك فەرهەنگ چەندە؟

بەشی ٤

چارەسەرکردنی پێدراوەکان

Data Processing

زریان گەردەلوولێکی گەورەیە، ڕەشەبای لەگەڵدایە کە خێراییەکەی دەگاتە ١٢٠کم/کاتژمێر یان زیاتر. زریانی فلۆریدا لە ساڵی ١٩٩٩ هەڵیکردە سەر کارۆلینای باکور و باهاما، بووە هۆی زیان و پەکخستنێکی زۆر. هێلکاری ڕوونکردنەوەی خوارەوە خێرایی ڕەشەبای زریانی فلۆریدا لەماوەی هەڵکردنی لەسەر کارۆلینای باکور دەنوێنێ.

پرسیار بۆ شیکار لەکام ماوە لە دوو ڕۆژدا خێرایی ڕەشەباکە زۆرتربووە؟

خێرایی ڕەشەبای زریانی فلۆریدا



زانیارییەکانت ساغبکەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەکار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیاریانەی کەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

زاراوەکان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

ئەستوونەکانی ڕوونکردنەوەیی barcharts
هێڵی ڕوونکردنەوەیی graphical line
وێنەکراوەکان diagram

١ ئەگەر چەند پێدراوێکی جیاوازت هەبوو، بە ئاسانی دەتوانی ئەو پێدراوانەبە بەکارهێنانی ___؟___ بەراوردبکەیت.

٢ وێنەی ڕوونکردنەوەیی کە گۆڕانی پێدراوەکانی تێدا دەردەکەوێت بەپێی کات بریتییە لە ___؟___ .

خشتە دووبارەبووەکان

خشتە دووبارەبووەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٣ تا ٦ بەکاربهێنە.

نمرەی تاقیکردنەوەکان

نمرەی	دووبارە
٧٠	١٢
٨٠	١٥
٩٠	١٧
١٠٠	١٢

٣ لە تاقیکردنەوەکەدا چەند قوتابی نمرەی ٩٠ی بەدەست هێنا؟

٤ چەند قوتابی نمرەی ٩٠ یان ١٠٠ی بەدەست هێنا؟

٥ چەند قوتابی لەتاقیکردنەوەکەدا بەشداربوو؟

٦ چەند قوتابی کەمتر لە ٩٠ نمرەیان بەدەست هێنا؟

خوێندنەوەی وێنەی ڕوونکردنەوەیی

ئەستوونی ڕوونکردنەوەیی بۆ شیکاری پرسیاری ٧ تا ١٢ بەکاربهێنە.



٧ چەند جۆر پێداویستی لەم وێنە ڕوونکردنەوەییە دەردەکەوێت؟

٨ چەند قەڵەم لە گەنجینەکەدا هەیە؟

٩ سەرجەمی ژمارەی کەرەستەکان لە کۆگای چەندە؟

١٠ ژمارەی ئامێرە ئەندازەییەکان چەندی لەژمارەی ڕاستەکان زیاترە؟

١١ کام کەرەستە لە کۆگاکەدا زۆرترین ژمارەی هەیە؟

١٢ ئەگەر نرخی قەڵەمێك ٢٠٠٠ دینار بێت. نرخی هەمووی چەندە؟

جووتە ڕێکخراوەکان

بۆ ناولێنانی خاڵەکانی سەر تۆڕی چوارگۆشەکان لە
پرسیارەکانی ١٣ تا ٢٢ جووتە ڕێکخراوەکان بەکاربهێنە.



١٣ (١; ٣)　　**١٤** (٢; ٦)

١٥ (٥; ٤)　　**١٦** (٤; ١)

١٧ (٦; ٨)　　**١٨** (٠; ٥)

١٩ (٧; ٥)　　**٢٠** (٢; ٩)

٢١ (٩; ١٠)　　**٢٢** (٨; ٠)

وانەی
١

کۆکردنەوە و ڕێکخستنی زانیارییەکان

Collecting and organising Data

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٢٤ + ٩

٢ ٢٤ + ١٣

٣ ١٨ + ٤٠

٤ ٢٢٠ + ١٥

٥ ١٦٠ + ٢٤٠

زاراوەکان

دووبارەبوونەوەی کەڵەکەبوو
cumulative ferquency

فێربە

خشتەی سەرژمێری خوارەوە ژمارەی فایلە فرۆشراوەکان لە پێنج هەفتەی یەکەم لەساڵی خوێندندا دەنوێنێ. چۆن دەتوانی ژمارەی گشتی فایلە فرۆشراوەکان بدۆزیتەوە؟ دەتوانی خشتەیەکی دووبارەبوونەوە بۆ ڕێکخستنی پێدراوە نیشاندراوەکان لەخشتەی سەرژمێری پێکبێنی.

چالاکی

بەدەست

ئەم خشتەی سەرژمێریە کۆپیبکە

هەنگاوی ١

هێمای سەرژمێری هەر هەفتەیەك بژمێرە. ئەم سەرجەمە لەئەستوونی دووبارەبوونەوە لە خشتەی دووبارەبوونەوەی بەرامبەر بنوسە

فایلە فرۆشراوەکان

هەفتەکان	ژمارەی فایلەکان
هەفتەی ١	𝍸 𝍸 𝍸 𝍸
هەفتەی ٢	𝍸 𝍸 𝍸
هەفتەی ٣	𝍸 𝍸 ||||
هەفتەی ٤	𝍸 𝍸 ||
هەفتەی ٥	𝍸 𝍸	

هەنگاوی ٢

ئەم **دووبارەبوونەوەی کەڵەکەبوو** سەرجەمی فایلە فرۆشراوەکان دەنوێنێ

فایلە فرۆشراوەکان

هەفتەکان	دووبارە بوونەوەی فایلە فرۆشراوەکان	دووبارە بوونەوەی کەڵەکە بوو
هەفتەی ١	٢٠	٢٠
هەفتەی ٢	١٥	٣٥ = ١٥ + ٢٠
هەفتەی ٣		
هەفتەی ٤		
هەفتەی ٥		

ڕەنووسی کۆتایی لە ئەستوونی دووبارەبوونەوەی کەڵەکەبوو ژمارەی گشتی فایلە فرۆشراوەکان دیاریدەکات

کەواتە، ژمارەی فایلە فرۆشراوەکان ٧٢

• ژمارەی فایلە فرۆشراوەکان تا کۆتایی هەفتەی سێیەم چەندە؟

ساغبکەوە

١ خشتەی دووبارەبونەوە و خشتەی سەرژمێری بەچی لێك جیادەکرێنەوە و لەچیدا جیاوازن.

دەفتەرەکان کە قوتابیان کریان		
ژمارەی دەفتەر لەبەستەیەکدا	دووبارەبوونەوەی ژمارەی قوتابیان	دووبارەبوونەوەی کەڵەکەبوو
١	٣١	٣١
٢	٢٢	٥٣
٣	١٦	٦٩
٤	١٥	٨٤
٥	١٢	٩٦

خشتەی دووبارەبوونەوە بۆ شیکاری پرسیاری ٢ تا ٥ بەکاربهێنە.

٢ کام بەستە زۆرترین قوتابی کڕیویانە؟

٣ کام بەستە کەمترین قوتابی کڕیویانە؟

٤ ژمارەی ئەو قوتابیانەی کەمتر لە ٤ بەستە دەفتەریان کڕیوە چەندە؟

٥ ژمارەی ئەو قوتابیانەی کە دەفتەریان کڕیوە چەندە؟

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بەشداربوو لە یانە		
هەفتەکان	دووبارە بوونەوە	دووبارەبونەوەی کەڵەکەبوو
هەفتەی ١	٧	٧
هەفتەی ٢	١٣	٢٠
هەفتەی ٣	٥	٢٥
هەفتەی ٤	١٤	٣٩

خشتەی دووبارەبوونەوە، بۆ شیکاری پرسیاری ٦ تا ٩ بەکاربهێنە.

٦ چەند قوتابی لەهەفتەی یەکەم و هەفتەی سێیەم بەشداربوون؟

٧ چەند قوتابی تاکۆتایی هەفتەی دووەم بەشداربوون؟

٨ لەچوار هەفتەکەدا چەند قوتابی بەشداربوون؟

٩ ژمارەی بەشداربوو لە هەفتەی یەکەم و دووەم چەندی زیاتربوو لەژمارەی بەشداربوو لە هەفتەی سێیەم و چوارەم؟

بەشداربوون لەچالاکیە وەرزشیەکان	
کاتی چالاکی	ژمارەی قوتابیان
٩:٣٠ پێش ن.	𝍸𝍸𝍸 |
١٠:٣٠ پێش ن.	𝍸𝍸 |||
١:٣٠ پاش ن.	𝍸𝍸𝍸 ||
٢:٣٠ پاش ن.	𝍸𝍸𝍸 |||

خشتەی سەرژمێری بۆ شیکاری پرسیاری ١٠ تا ١٣ بەکاربهێنە.

١٠ خشتەی دووبارەبوونەوە بۆ پێدراوەکان دروستبکە.

١١ زۆرترین قوتابی کام کاتیان هەڵبژاردووە؟

١٢ چەند قوتابی هاوبەشیان لەچالاکییەکانی پێش نیوەڕۆدا کردوە؟

١٣ ئەگەر هەرقوتابیەك تەنها لەیەك چالاکییدا بەشداری کردبێت، ژمارەی ئەو قوتابیانەی لەچالاکی وەرزشی هاوبەشیانکردووە چەندە؟

١٤ **پرسیار چییە؟** لە ڕاپرسێك لەسەر ڕەنگە پەسندکراوەکان، ١١ قوتابی ڕەنگی شین و ٧ قوتابی ڕەنگی سوریان هەڵبژارد. ئەوانەی مانەوە سەوزیان هەڵبژارد. ٢٤ قوتابی تێیدا بەشداربوو. وەڵام ٦.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

١٥ بڕێك بنووسە ئەم ڕووداوەی دێت بنوێنێ:

کوێستان ٤ لاپەڕەی کەمتر لە بوستان خوێندەوە، بوستان س لاپەڕەی خوێندەوە.

١٦ شیکاربکە. ن − ٩ = ٢١

١٧ نزیکبکەوە. ٢ ٤٩٧ ٦٢٩ بۆ نزیکترین ملیۆن.

١٨ ٦,٠٥٨ بۆ نزیکترین دەیەك نزیکبکەوە.

ئەو پیتە هەڵبژێرە کە نووسینی ژمارەکە بە ڕەنووس ڕوونەدەکاتەوە.

١٩ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە پێنج و نۆ دەیەکی.

أ ٥,٠٩   ج ٩,٥

ب ٥,٩   د ٥٠٩

٢٠ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە بیست و شەشە بەش لەسەد.

أ ٠,٠٢٦   ج ١,٢٦

ب ٠,٢٦   د ٢,٦

وانەی ٢

ناوەند

Mean

فێربە

سالانە قوتابخانەیەك پێشبڕكێ بۆ قوتابیان ڕێكدەخات بۆ باسكردنی زاراوەكان. قوتابیە بەشداربووەكانی پۆلی پێنجەم لە پێشبڕكێكەدا ئەو ئەنجامانەیان تۆماركرد كە لەخشتەی بەرامبەردا هاتووە. ناوەند ئەنجامەكانیان چەندە؟

ناوەند (تێكڕا) ژمارەیەكە پێدراوەكان دەنوێنێ، دەتوانی ناوەند دیاریكەین بەكۆكردنەوەی گشت پێدراوەكان. پاشان سەرجەم دابەشی ژمارە پێدراوەكان بكەیت.

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٩٠ ÷ ٣

٢) ١٨٠ ÷ ٣ ٣) ٥٦ ÷ ٨

٤) ٧٥ ÷ ٣ ٥) ٨٨ ÷ ٤

زاراوەکان

ناوەند mean

پێشبڕكێی باسكردنی زاراوەكان

ناو	ژمارەی زاراوە ڕاستەكان
دارۆ	٥٨
داریا	٥٨
دلێر	٥١
دۆستی	٦٢
دارا	٦١

نموونەكان

هەنگاوی ١ هەموو پێدراوەكان كۆبكەوە

٥٨
٥٨
٥١
٦٢
٦١ +
٢٩٠

هەنگاوی ٢ سەرجەم دابەشی ژمارەی پێدراوەكان بكە.

٢٩٠ ÷ ٥ = ٥٨
٢٩٠
٢٥ −
٤٠
٤٠ −
٠

كەواتە، ناوەند ٥٨.

● ئەگەر دانا ٧٠ زاراوەی ڕاست بێت و بۆ خشتەكە زیادبكەی، چ كاریگەرییەكی لەسەر ناوەند دەبێت؟

نموونەكان

ناوەند بۆ هەر كۆمەڵەیەك لە پێدراوەكان دیاریبكە.

أ ٧٤، ٩١، ٦٣، ٩٢، ٨٥

٧٤
٩١
٦٣
٩٢
٨٥ +
٤٠٥

٤٠٥ ÷ ٥ = ٨١ ← ژمارەی پێدراوەكان (٥)
٤٠٥
٤٠ −
٠٥
٥ −
٠

ب ٣٥٧، ٥٦٢، ٤١١، ٥٨٤، ٢٩٤، ٣٧٢

٣٥٧
٥٦٢
٤١١
٥٨٤
٢٩٤
٣٧٢ +
٢ ٥٨٠

٢٥٨٠ ÷ ٦ = ٤٣٠ ← ژمارەی پێدراوەكان (٦)
٢٥٨٠
٢٤ −
١٨
١٨ −
٠٠
٠ −
٠

هەروەها بۆ ئەژمێركردنی ناوەند دەتوانی ئامێری بژمێر بەكاربهێنی.

(٣٥٧ + ٥٦٢ + ٤١١ + ٥٨٤ + ٢٩٤ + ٣٧٢) ÷ ٦ = ٤٣٠

ساغبکەوە

١ ئەم کۆمەڵە پێدراوانە بخوێنەرەوە. ٥؛ ١٦؛ ١٧؛ ١٧؛ ١٧؛ ١٨، ئایا گومان دەکەیت کە ناوەند نزیکتربێت لە ٥ یان لە ١٦؟ ئەمە لێکبدەرەوە.

ناوەندی هەر کۆمەڵێك لەم پێدراوانە دیاریبکە.

٢ ١٨؛ ٢٢؛ ١٤
٣ ٥٨؛ ١٠٥؛ ١٧٢؛ ٤٥
٤ ٣٣؛ ٣٦؛ ٣٥؛ ٣٧؛ ٣٩

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

ناوەندی هەر کۆمەڵەیەك لەم پێدراوانە دیاریبکە.

٥ ٩؛ ٦؛ ٥؛ ٩؛ ١١
٦ ٦؛ ٧؛ ٩؛ ١٠
٧ ١٩؛ ٢٥؛ ٢٨؛ ٣٢
٨ ١ ٢٥٠؛ ٩٨٠؛ ٣٥٠
٩ ١١٠؛ ٧٥؛ ١٣٥؛ ١٦٠
١٠ ١٤٧؛ ١١٦؛ ١٤٨؛ ١٢٨؛ ١١٦
١١ ٩٥؛ ٨٤؛ ٧٢؛ ٧٣؛ ٧٦
١٢ ١٢٤؛ ١٣٠؛ ١٠٠؛ ١٢٢؛ ١٢٤
١٣ ٢٠٢؛ ٢١٣؛ ٣١٥؛ ٢٨٥؛ ٢٨٥
١٤ ١٠٠؛ ١٥٠؛ ٢٠٠؛ ١٧٠؛ ٢٥٠؛ ٣٠٠
١٥ ١ ٢٠٠؛ ٢ ٤٠٠؛ ١ ٣٢٠؛ ٢ ٥٦٠

ناوەندەی دراو بۆ دیاریکردنی ژمارەی نادیار لەهەر کۆمەڵەیەك لە پێدراوەکان بەکاربهێنە.

١٦ ١؛ ٣؛ ٥؛ ▢ ناوەند: ٤
١٧ ٥؛ ٧؛ ١٠؛ ١٣؛ ▢ ناوەند: ١٠
١٨ ١٢؛ ١٥؛ ١٨؛ ١٠؛ ▢ ناوەند: ١٣
١٩ ٢٠؛ ٢٥؛ ٣٠؛ ▢؛ ٣٢؛ ١٨ ناوەند: ٢٥

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیارەکانی ٢٠تا ٢٤ بەکاربهێنە.

تۆماری نمرەکان

ناو	تاقیکردنەوە ١	تاقیکردنەوە ٢	تاقیکردنەوە ٣	تاقیکردنەوە ٤
کاردۆ	٨٧	٩٣	١٠٠	٨١
کاروان	٩٥	٩٢	٨٩	٧٦
کارزان	٨١	٨٦	٨٢	نەهاتوو
کاربین	٨٥	٨٥	٨٥	٨٥

٢٠ تێکڕایی نمرەکانی کاروان چەندە؟

٢١ چۆن تێکڕایی نمرەکانی کاربین بەبێ ئەژمێرکردن دەدۆزیتەوە؟

٢٢ کامیان بەرزترین ناوەند یان تێکڕای نمرەکانی بە دەستهێناوە، کاردۆ یان کاروان یان کاربین؟

٢٣ **دەرئەنجام** کارزان پێویستی بەچەند نمرە هەیە لە تاقیکردنەوەی ٤دا تاکو تێکڕای نمرەکان بکاتە ٨٥؟

٢٤ **بنووسە** پرسیارێك بنووسە بە بەکارهێنانی پێدراوەکانی خشتەکە پاشان پرسیارەکە شیکاربکە

٢٥ هەموویان لە ڕیزێکدا دانیشتبوون کاردۆ لەپێش کارزان و لەدوای کاربینەوە بوو کاروان یەکەمی ڕیزەکە بوو. کێ ڕاستەوخۆ لەدوای کارزان دانیشبوو؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٦ بەهای ٥ + م چەندە؟ کاتێك م = ١٢.

٢٧
٨٥ ٩٤١
+ ٥ ٣٥٧

٢٨
٣ ١٠٥ ٥٦٨
− ١ ٣٨٧ ٥٥٥

٢٩ ٣٢,٥ ٨٧٦ بۆ نزیکترین بەش لەهەزار نزیکبکەوە.

٣٠ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە — شیکاری هاوکێشەی ١٣ + ن = ٢٩ کامەیە؟

أ ن = ١٣
ب ن = ١٦
ج ن = ٢٩
د ن = ٤٢

پێداچوونەوەی خێرا

ژمارەی نادیار لەشێوازەکەدا کامەیە؟

1. ١٦؛ ١٧؛ ١٨؛ ▢
2. ٠؛ ٢؛ ٤؛ ٦؛ ▢
3. ٧؛ ١٠؛ ١٣؛ ▢
4. ٤؛ ٨؛ ١٢؛ ١٦؛ ▢
5. ٨٠؛ ٨٤؛ ٨٨؛ ▢

زاراوەکان

وێنەدار diagram

ئەستونە رونکردنەوەییەکان barchart

هێڵی روونکردنەوەیی graphical line

مەودا range

شیکردنەوەی ڕوونکردنەوەییەکان
Analyze Data

فێربە

ئەم **وێنەدارە** ژمارەیەك پێدراو بەهۆی کۆمەڵێك هێما و وێنەوە دەخاتەڕوو بۆهەر وێنەدارێك کلیلێك هەیە، ئەویش ئەو ژمارەیە ڕوون دەکاتەوە کە هێماکە دەینوێنێ.



بڕوانە وێنەداری ژمارەی قوتابیان لەوانەی وەرزشدا ژمارەی گشتی قوتابیان کە لە هەردوو دوو وانەی کاتژمێری ٣,٠٠ و ٤,٠٠ بەشداربوون چەندە؟

لە ڕیزی دوو وانەکەدا ٨ هێما ونیو هەیە.

واتە، (٨ × ٢) + ١ = ١٧

ئەستوونە ڕوونکردنەوەییەکان پێدراوە ژماردراوەکان بەهۆی ئەستوونی ئاسۆیی و شاوڵی دەخاتەڕوو. ئەم جۆرە وێنە ڕوونکردنەوەییە یارمەتی بەراوردکردنی ڕاستیەکانی پەیوەند بە کۆمەڵێك لە پێدراوەکان دەدات.



ئەستوونە ڕوونکردنەوەییەکانی لای چەپ بخوێنەوە.

کام گیانەوەر لە ڕاکردندا خێراترە، شێر یان کەروێشك؟

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکە سەرنج لە ئەستوونی شێرەکە بدە.

خێرایی شێر چەندی لە خێرایی کەروێشك زیاترە؟

خێرایی شێر ٥٠ کم/ك و خێرایی کەروێشك ٣٥ کم/ك

٥٠ − ٣٥ = ١٥ کەواتە، خێرایی شێر ١٥ کم/ك لە خێرایی کەروێشك زیاترە.

هێڵی ڕوونکردنەوەیی چۆنێتی گۆڕانی پێدراوەکان بەپێی کات ڕوون دەکاتەوە. تەماشای هێڵی ڕوونکردنەوەیی بۆ ناوەندە ماوەی ڕاهێنانە وەرزشییەکانی دلێر بکە. ماوەی ڕاهێنانە وەرزشییەکان کە چاوەڕوان دەکرێ دلێر لە هەفتەی حەوتەمدا چەندە جێبەجێی بکا؟ دلێر ماوەی ڕاهێنانە وەرزشییەکەی هەرهەفتەیەك ٥ خولەك درێژدەکاتەوە. لەبەر ئەوەی ناوەندە ماوەی ڕاهێنانی لە هەفتەی شەشەمدا ٤٥ خولەك بوو، ناوەندە ڕاهێنانی لە هەفتەی حەوتەمدا دەبێتە ٥٠ خولەك.

مەودا بریتییە لە جیاوازی نێوان گەورەترین و بچووکترین ژمارە لە پێدراوەکان.

ساغبکەوە

١ کام جۆر لە وێنە ڕوونکردنەوەییەکان باشترە بۆ بەراوردکردنی تێکڕای پلەکانی گەرما لە هەفتەیەکدا؟ وبۆچی؟

وێنەی ڕوونکردنەوەی پێشوو بۆ شیکاری پرسیاری ٢، ٣ بەکاربهێنە.

٢ ناوەندەی کاتی ڕاهێنانە وەرزشیەکانی دلێر چەندە؟ مەودای دەگاتە چەند؟

٣ لەکام هەفتەدا پێشبینی دەکەیت کە ناوەندە ماوەی ڕاهێنانی دلێر ١ کاتژمێر بێت؟

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان



وێنەدارەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٤ تا ٧ بەکاربهێنە.

٤ کام پیشە پێویستی بەپێ ڕۆیشتنی زیاتر هەیە؟

٥ کام دوو پیشە ناوەندەی ڕۆیشتن بەپێ تیایاندا نزیکەی هەمان ڕۆشتنە؟

٦ هەر هێمای شوێن پێیەك چی دەنوێنێ؟

٧ پزیشك ساڵانە نزیکەی چەند کم دەبڕێت؟

ئەم هێڵی ڕوونکردنەوەیە بۆشیکاری پرسیاری ٨تا ١١ بەکاربێنە

٨ سازان خشتەیەکی بۆ خواردەمەنی ڕێکخست تابارستاییەکەی کەم بکاتەوە. لەکام هەفتەدا بارستایی سازان بەشێوەیەکی زۆر کەمدەکات؟

٩ سازان لەنێوان هەفتەی یەکەم و سێیەمدا چەند بارستایی دابەزی؟

١٠ ئەگەر سازان دوای هەفتەی چوارەم هیچ لە بارستایی دانەبەزی. هێڵی ڕوونکردنەوەیی لەنێوان هەفتەی چوار و پێنج چۆن دەبێت؟

١١ مەودای کەمکردنەوەی بارستایی سازان چەندە؟

١٢ عەلی لەکێڵگەیەکدا کاردەکا، هەرڕۆژێك ٠.٢ کگم دانەوێڵە دەدات بە مریشکێك، چەند کگم دانەوێڵەی پێویستە بۆ ٥ مریشك لەدووهەفتەدا؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

١٣
```
  ١ ٣٦٩ ٥٠١
+ ٣ ٦٩٥ ٢٢٤
```

١٤
```
  ٨٢ ٩٥٤
- ٦٠ ٣٨٧
```

١٥ ١١ + س = ٥٧

١٦ س − ١٦ = ٣٨

١٧ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) ناوەندە، ئەم ژمارانە ئەژمێربکە:
٢٦؛ ٣٥؛ ٨٧؛ ١٣؛ ٤؛ ٢٥؛ ٢٠

أ ٨٣ ج ٣٠
ب ٣٨ د ٢٥

١٨
```
  ١٢,٧٩٤٥
- ١,٦٨
```

١٩
```
  ٠,٦٩
+ ١,٥٧٧
```

٢٠ ٤٢ − س = ٢٨

٢١ ن + ٨ = ٢٥

٢٢ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) ٣٦ ٥٨٢ ٣٦٧ بۆنزیکترین سەدهەزار نزیکبکەوە.

أ ٣٦ ٥٠٠ ٠٠٠ ج ٣٦ ٦٠٠ ٠٠٠
ب ٣٦ ٥٨٠ ٠٠٠ د ٣٧ ٠٠٠ ٠٠٠

وانەی
٤

هێڵی ڕوونکردنەوەیی

graphical line

فێربە

پەیژە و هەنگاو ئەم خشتەیە تێکڕای مانگانە بۆ پلەکانی گەرمی لەشاری پێنجوین دەنوێنێ.

تێکڕای مانگانە بۆ پلەکانی گەرمی لەشاری پێنجوین						
مانگ	شوبات	ئادار	نیسان	ئایار	حوزەیران	تەمووز
تێکڕای	°١٠	°١٢	°١٥	°٢٠	°٢٨	°٣٣

دەتوانی هێڵی ڕوونکردنەوەیی بکێشی بۆ ئەوەی بزانی چۆن پێدراوەکان بە درێژایی کات دەنوێنێ، لەبەرئەوە پێویستە یەکەمجار پەیژە و هەنگاو دیاریبکەی.

پەیژەی ژمارەکان زنجیرە ژمارەیەکە لە سفرەوە دەستپێدەکات و بەدوورییەکی یەکسان لەسەر تەوەرەی ستوونی دادەنرێت لەوێنەی ڕوونکردنەوەیی.

هەنگاو بریتییە لە جیاوازی نێوان ژمارەیەك و ئەو ژمارەیەی کە ڕاستەوخۆ لە پەیژەکەدا بەدوایدادێت.

پێداچوونەوەی خێرا

چ پەیژەیەکی ژمارەیی بۆ نواندنی کۆمەڵێك لەپێدراوەکان بەکاردێنی.

١ ٢٤، ١٠، ١٥، ٨، ١٩

٢ ٢، ٥، ٧، ٨، ١١

٣ ٥٠، ٤٨، ٥١، ٥٤، ٥١

٤ ٧٥، ٧٨، ٧٠، ٦٦، ٧١

٥ ٩٥، ٨٠، ١٠١، ٨٧، ٩٩

زاراوەکان

پەیژەی ژمارەیی numerical dgree

هەنگاو Step

چالاکی

بەدەست

هەنگاوی ١

پەیژەیەکی ژمارەیی بۆ پێدراوەکان دیاریبکە کاتێك پلەی گەرمایی دەگاتە نێوان ١٠ و ٣٣. پلە لە ٠ بۆ ٣٥.

ئەو هەنگاوە کە گونجاوە بۆ پێدراوەکان هەڵبژێرە. هەنگاوەکە ٥.

هەنگاوی ٢

هەمیشە پەیژەی ژمارەیی بۆ وێنەی ڕوونکردنەوەیی بە سفر دەستپێدەکات.

لەبەرئەوەی پێدراوەکان لە نێوان °٠ و °١٠ دا نیە، پچڕان لە پەیژەی ژمارەییدا بە بەکارهێنانی هێڵی شکاوە دەردەکەوێت.

ماوە یەکسانەکان لەسەر تەوەرەی ستوونی دیاربکە و ژمارەکان لەسەری بە پەیژە دابنێ.



هەنگاوی ٣

ماوە یەکسانەکان لەسەر تەوەرەی ئاسۆیی دیاربکە. مانگەکان لە خوارەوە بنووسە بەمەرجێك لەگەڵ تەوەرەکەدا تەریب بێت.

ناونیشانێك بۆ هەریەکە لە وێنە ڕوونکردنەوەیی و تەوەرەی ئاسۆیی و ستوونی بنووسە.

هەنگاوی ٤

جووتە ڕێکخراو بۆ پێدراوەکانی (شوبات، ١٠) (ئازار، ١٢) (نیسان، ١٥) (ئایار، ٢٠) (حوزەیران، ٢٨) (تەمووز، ٣٣) بنووسە.

لەسەر وێنەی ڕوونکردنەوەیی، خاڵە گونجاوەکان بۆ ئەم جووتە ڕێکخراوانە دیاریبکە.

ئەم خاڵانە بە هێڵە ڕاستەکان پێکەوەببەستە.

- وێنە ڕوونکردنەوەییەکە لەسەر گۆڕانی پلەکانی گەرما لە شاری پێنجوین چی دەردەخات؟

ساغبکەوە

١ مەبەست لە نووسینی ناونیشانەکان بۆ هەریەك لە وێنە ڕوونکرەوەکە و دوو تەوەرەکە چیە؟

بەکارهێنانی پێدراوەکان. هێڵی ڕوونکردنەوەی پێشوو بۆ شیکاری پرسیاری ٢ تا ٥ بەکاربهێنە.

٢ کام مانگ پلەی گەرما تێیدا بەرزترینە؟

٣ کام مانگ پلەی گەرما تێیدا نزمترینە؟

٤ ئایا پلەی گەرما لە مانگی شوبات تا مانگی تەمووز بەرز دەبێتەوە یان نزم دەبێتەوە؟ چۆن ئەمە دەزانیت؟

٥ ئەگەر لەسەر تەوەرەی ستوونی ماوەکان بەکاربێت کە درێژی هەر یەکەیان ١ بێت شوێنی خاڵەکانی کە جووتە ڕێکخراوەکە دەینوێنێ چۆن دەبێت؟

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٦ تا ٨ بەکاربهێنە.

پلەکانی گەرما لە شاری دۆکان

ڕۆژ	دوو شەممە	سێ شەممە	چوار شەممە	پێنج شەممە
پلەی گەرمی	٣٨	٣٦	٣٤	٣٦

٦ ئەگەر ویستت هێڵی ڕوونکردنەوەیی بۆ ئەم پێدراوانە دروستبکەی، چ ناونیشانێکی بۆ هەڵدەبژێری؟ ناونیشان بۆ هەردوو تەوەرکە چیە؟

٧ پەیژەیەك لە تەوەرەی ستوونی هەڵدەبژێری؟ هەنگاوەکە چیە؟

٨ ڕۆژەکان کە لە خوارەوەی وێنە ڕوونکردنەوەییەکە دەردەکەون کامانەن؟

هێڵی ڕوونکردنەوەیی بۆ هەرکۆمەڵێك لە پێدراوەکان بکێشە، پێدراوە دیارەکان لە وێنە ڕوونکردنەوەییەکەتدا پێناسە بکە.

٩

تێکڕای باران بارین بە (سنتیمتر)

مانگ	ك ٢	شوبات	ئازار	نیسان
تێکڕای بارین	٢ سم	٣ سم	٢ سم	١,٥ سم

١٠

ئۆتۆمبیلە فرۆشراوەکان لەمانگێکدا

مانگ	ت١	ت٢	ك١	ك٢
ئۆتۆمبیلە فرۆشراوەکان	١٨	٢٧	٣٥	٢٥

١١

ئامادەبووانی یاری خلیسکێنە

هەفتە	١	٢	٣	٤	٥
ژمارەی کەسەکان	١٥٠	١٥٥	١٦٥	١٨٠	١٨٥

١٢

خەرجی مانگانەی مۆبایل بەهەزار دینار

مانگ	نیسان	ئایار	حوزەیران	تەممووز	ئاب
گوژمەکە	٨٠	١٠٠	٩٥	٩٠	١٠٥

بەکارهێنانی پێدراوەکان هێڵی ڕوونکردنەوەیی بۆ شیکاری پرسیاری ١٣ تا ١٩ بەکاربهێنە.

١٣ جووتە ڕیکخراوی (کانوونی یەکەم، ٣,٢) لەلای تۆ چی دەگەیەنی؟



١٤ ناوەندە باران بارین لەشاری دۆکان لەمانگی ئازار تامانگی ئایار زیاد دەکات یان کەم دەکات. چۆن ئەوە دەزانیت.

١٥ ئەگەر پێدراوەکان ناوەندی ٢,٢ لەمانگی حوزەیران تێدابێت. ئایا وێنە ڕوونکردنەوەییەکە دەگۆڕێ؟ چۆن هێڵەکە لە وێنە ڕوونکردنەوەییەکە دەگۆڕێت؟

١٦ جیاوازی نێوان ناوەندە باران بارین لە دوو مانگی کانونی دووەم و نیسان چەندە؟

١٧ باران بارین لە شاری دۆکان لەمانگی کانونی دووەم تا مانگی ئایار ڕیزبکە.

١٨ **بنووسە** هێڵی شکاوە لەژێر تەوەرەی ستوونی چی دەنوێنێ. ڕوونیبکەوە.

١٩ **پرسیارێك بنووسە** پێدراوەکان لەوێنە ڕوونکردنەوەییەکان بەکاربهێنە.

٢٠ باوکی سوارە ١٧٥ ٠٠٠ دیناری دا لەبڕی نرخی دوو کارتی ئامادەبوون لە ئاهەنگی ڤیستیڤاڵی هونەر لە شاری هەولێر. نرخی کارتی سوارە ٢٥ ٠٠٠ دیناری لە نرخی کارتی باوکی کەمترە. نرخی هەر کارتێك چەندە؟

٢١ پلەی گەرمی لە چۆمان لە نیوەڕۆدا ٢٧پلەیە. لە نیوەی شەودا ٢٣پلە دابەزی بەهۆی بای ساردەوە. لەنیوەی شەودا پلەی گەرمی بووبە چەند؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٢ لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین ڕیزبکە.
٥,٠٢، ٥,٢٢، ٥,٠٢٢، ٥,٠٠٢.

٢٣ ناوەند و ناوەڕاستە و مۆد دیاربکە بۆ:
١٧؛ ١٤؛ ١٠؛ ١٧؛ ١٨؛ ٢٢؛ ١٤

٢٤ نەسرین لەسەر کاری دەستی بۆماوەی ٦٥ خولەك خۆی ڕاهێنا، واتە بە ٢٠ خولەك زیاتر لەماوەی ڕاهێنانی لەڕۆژێکی ئاساییدا چەند خولەك ڕاهێنان دەکات؟

٢٥
٨٥ ٥٠٦
+٥ ٥٠٦

٢٦
٣٥ ٢٢١
−٧ ٢٦١

٢٧ ٢٥ + ن ئەژمێربکە کاتێك ن = ٣٦

٢٨ ك − ٥ = ٢٣شیکاربکە.

٢٩ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) ٣,٤ ٥٠٦ بۆ نزیکترین بەش لەسەد نزیکبکەوە.

أ ٣,٤٥ ج ٣,٤٥٦
ب ٣,٤٥١ د ٣,٥

٣٠ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) ٨ ٧٤٥ ١٢٣ بۆ نزیکترین هەزار نزیکبکەوە.

أ ٨ ٧٠٠ ٠٠٠ ج ٨ ٧٥٠ ٠٠٠
ب ٨ ٧٤٥ ٠٠٠ د ٩ ٠٠٠ ٠٠٠

شیکاری پرسیارەکان

گۆشەی ڕوونا کبیران



پوختەی ئەنجامەکان ئەم هێڵە ڕوونکردنەوەییە ژمارەی هێلانەی هەڵۆ سەرسپییەکان لە کارولینای خواروو لەماوەی ٨ ساڵدا دەنوێنێ.

پێدراوە هاتووەکانی ناو ئەم وێنە ڕوونکردنەوەییە بۆ پوختەکردنی ئەنجامەکان بەکاربهێنە.

١ چۆن ژمارەی هێلانەی هەڵۆکان لە ساڵی ١٩٩٠ تا ١٩٩٨ دەگۆڕێ؟

٢ ڕوونیبکەوە کام دوو ساڵ ژمارەی هێلانەکان نزیکەی هەمان ژمارەیە؟

٣ بە پشت بەستن بەپێدراوە هاتووەکانی سەر هێڵە ڕوونکردنەوەییەکە. ئایا مەزندە دەکەیت ژمارەی هێلانەکان لەساڵی ٢٠٠٥ زیادبکات یان کەم؟

وانەی ٥

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان
وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی پێکبهێنە

Problem Solvin Strategies:
make a graph

پێداچوونەوەی خێرا

مەودا لەکۆمەڵەی ژمارەکان بدۆزەوە.

١) ٨، ٦، ١٥، ١٢، ٩، ١١

٢) ٢٤، ١١، ٢١، ٢٤، ١٣، ١٨

٣) ٥٨، ٤٦، ٥٥، ٥٤، ٥١

٤) ٨١، ٧٨، ٨٤، ٨٠، ٨٢

٥) ١١٠، ١٠٥، ١١١، ٩٧، ١٠٠

پرسیار میران ڕای هەندێك قوتابی لەسەر باشترین هۆكار بۆیارمەتی نەداران وەرگرت. خشتەیەکی ڕێکخست بۆ نیشاندانی پێدراوەکان.

هۆکارە باشەکان بۆ یارمەتیدانی نەداران			
	ناندان	پارە بەخشین	پۆشاك بەخشین
کچان	٤	٦	٥
کوڕان	٤	٨	٣

ئەم پێدراوانە بە ڕێگەیەکی تر بنوێنە تا یارمەتیت بدات لەسەر بەراوردکردن .

تێبگــە

- داواکار چییە؟
- پێدراوەکان کە بەکاری دەهێنی کامەیە؟
- ئایا پێدراوی تر هەیە کە بەکاری نەهێنی؟ ئەگەر وەڵامت بە بەڵێ بوو، ئەو پێدراوە چییە؟

پلاندانان

- کام ڕێگا بەکاردەهێنیت بۆ شیکاری پرسیارەکە؟

دەتوانی وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی پێکبهێنی بۆ خستنە ڕووی پێدراوەکان.



شیکاریکە

- کام وێنەی ڕوونکردنەوەیی بەکاردەهێنی؟

دەتوانی ئەستوونی ڕوونکردنەوەیی جووتەنی بۆ بەراوردکردنی هۆکاری کچان و کوڕان پێکبهێنی. ئەو ئەستوونە ڕوونکردنەوەییە جووتەییە یارمەتیتدەدات لە بەراوردکردنی دوو کۆمەڵە لە پێدراوەکان لەناو یەك وێنەی ڕوونکردنەوەییدا.

ئەم ئەستوونە ڕوونکردنەوەییە جووتەنیە ئەوە نیشاندەدات کە ژمارە زۆرەکە لە کوڕان و کچان پارە بەخشینیان پێ پەسندترە.

ساغبکەوە

- ئەو ڕێگایەی تر کە دەتوانی بەکاریبهێنی کامەیە؟

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

١ ئەگەر دوو کچ و چوار کوڕ چوونە پاڵ ئەو قوتابیانەی کە پارە بەخشینیان پێ پەسندترە. ئایا پەیژەی ژمارەیی و هەنگاوەکە لە وێنەی ڕوونکردنەوەیی دەگۆڕێ؟

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٢ تا ٤ بەکاربهێنە. بەرپرسی کتێبخانە ڕای هەندێك قوتابی لەسەر کتێبە نوێیەکان وەرگرت، کە دەیانەوێت بیخوێننەوە. پێدراوەکان لەم خشتەیە تۆمارکرا؟

کتێبە نوێیەکان	چیرۆك	شیعر	زانست
کوڕان	٢٠	١٤	٢٥
کچان	٣١	١٠	٢٨

٢ ئەستوونی ڕوونکردنەوەیی جووتەنی پێکبهێنە بۆ بەراوردکردنی هەڵبژاردنەکانی کوڕان و کچان.

٣ پەیژەی ژمارەیی و هەنگاو بۆ وێنەی ڕوونکردنەوەیی دیارییکە.

أ پەیژە: لە ٠ تا ٦٠ هەنگاو: ١٠

ب پەیژە: لە ٠ تا ٣٥ هەنگاو: ٥

ج پەیژە: لە ٠ تا ١٠٠ هەنگاو: ١٠

د پەیژە: لە ٠ تا ١٠٠ هەنگاو: ٥

٤ کام لەم پێدراوانەی خوارەوە ڕاست نیە؟

أ چیرۆکەکان زۆرترین خواستیان هەیە لەنێوان قوتابیاندا.

ب کوڕان کتێبی شیعریان زۆرتر لە کچان هەڵبژاردووە.

ج کوڕان کتێبی زانستیان زۆرتر لەکچان هەڵبژاردووە.

د ژمارەی ئەو کوڕانەی کە هاوبەشیان لە ڕاوەرگرتنەکاندا کردووە کەمتربوون لەکچان.

ڕێگاکانی شیکاری پرسیارەکان

- هێلکارییەك یان وێنەیەك بکێشە
- نموونەیەك پێکبهێنە یان کردارێك جێبەجێبکە.
- لیستێکی ڕێکخراو پێکبهێنە بەدوای شێوازێکدا بگەڕێ.
- خشتەیەك یان وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی پێکبهێنە
- بخەمڵێنە و ساغبکەوە
- بەهەنگاوەکانتا بچۆوە
- پرسیارێکی ئاسان شیکاربکە
- هاوکێشەیەك بنووسە

جێبەجێکردنە جیاوازەکان

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٥، ٦ بەکاربێنە.

میوە پەسندکراوەکان		
میوە	کەسوکار	قوتابیان
سێو	٦٠	٧٢
کاڵەك	٨٤	٦٥
پرتەقاڵ	٧٨	٧٥
مۆز	٥٠	٤٢

٥ ڕای هەندێ قوتابی و کەسوکار لەسەر جۆری میوەی پەسندکراو وەرگیرا. ئەستوونی ڕوونکردنەوەیی جووتەنی پێکبهێنە بۆ پیشاندانی ئەنجامی وەرگرتنی ڕاکان. کام میوە پەسندکراوە لەلای قوتابیان. لای کەسوکار؟

٦ چەند کەس هاوبەشیان کرد لە ڕاپرسیەکەدا؟

٧ تیپی باسکەی دهۆك ٥ یاریان ئەنجامدا. ١٠١٨ کارتیان لەیەکەم یاریدا فرۆشت و ٦٥٠ کارتیش لە دووەمدا و لە یارییەکانی تریشدا ٨٣٥ کارت، ١١٨٦ کارت، ٩٤٦ کارت. ناوەندی ئەم پێدراوانە چەند؟

٨ **ڕێنوێنی** ڕاوێژ ژمارەی کارتی بەئەندامبوونی بۆ یانە وەرزشیەکە لە بیرچووە، بەڵام بە بیری هاتەوە کە ژمارەکە کەوتۆتە نێوان ١ و ١٢٠، وەرنووسی هەموویان تاکن وسەرجەمیشیان ١١یە، ژمارەی کارتی ڕاوێژ چەندە؟

پێداچوونەوە
Review

خشتەی سەرژمێری computation table
دووباوەبونەوەی کەلەکەبوو cumulative frequency
ناوەند mean
مۆد mode
هێڵی ڕوونکردنەوەیی graphical line
پلەی ژمارەیی numerical degree
مەودا range

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستی بەرامبەردا هەڵبژێرە.

١ ئەگەر پێدراوەکانت کۆکردەوە و سەرجەمەکەت بەسەر ژمارەی پێکهاتەکانی کۆکراوە دابەشکرد ـــ؟ــ بەدەست دەهێنی.

٢ ـــ؟ــ ژمارەیەکە یان چەند ژمارەیەك لە خشتەی پێدراوەکاندا لەهەموویان زیاتر دەردەکەوێت.

٣ ئەژمێرکردنی ـــ؟ــ بۆ کۆمەڵێك لە پێدراو. بچووکترین بەها لە گەورەترین بەها لە کۆمەڵەکە دەربکە؟

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

پەیوەندییەکانی ڕێکار	
ڕۆژ	ژمارە
دووشەممە	‖‖ 𝍸
سێشەممە	‖‖
چوارشەممە	𝍸 𝍸
پێنجشەممە	‖‖ 𝍸 𝍸
هەینی	‖‖ 𝍸

خشتەی سەرژمێری بۆ شیکاری پرسیاری ٤ تا ٦ بەکاربهێنە.

٤ خشتەی دووبارەبوونەوەی کەڵەکەبوو بۆ پێدراوەکان پێکبهێنە؟

٥ لە چ ڕۆژێکدا ژمارەی پەیوەندییەکانی ڕێکار زۆرتربوو؟ کەمتربوو؟

٦ ژمارەی گشتی پەیوەندییەکانی ڕێکار چەندە؟

مەودا و ناوەند و ناوەڕاستە و مۆد بۆ هەریەك لە کۆمەڵە پێدراوەکان دیاریبکە.

٧ ٨؛ ٩؛ ١١؛ ٤؛ ٨

٨ ١٥؛ ١١؛ ٢٠؛ ١٢؛ ١٢

٩ ٦٣٥؛ ٤٩٩؛ ٧١٧

پەیژەیەکی ژمارەی شیاو بۆ پێدراوەکان دیارییکە.

١٠ جوان ٤ ئامێری کارەبایی کڕی نرخەکانیان:
٣٠٠ هەزار دینار؛ ٤٥٠ هەزار دینار
٤٨٠ هەزار دینار؛ ٥٣٠ هەزار دینار

١١ تێکڕای کیلۆمەتر بۆ یەك دەبە بەنزین بۆ هەندێك ئۆتۆمبیل. ٢٦٠، ١٧٠، ٢٣٠، ١٢٠، ٢٨٠

باشترین وێنە ڕوونکردنەوەیی بۆ نواندنی پێدراوەکان هەڵبژێرە.

١٢ پارەی بەدەستهاتوو لە ٥ هەفتەدا.

١٣ ژمارەی ئۆتۆمبیلەکان لە ٤ شاردا.

دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

باشترین جۆری فلیمەکان		
جۆر	کچان	کوران
کۆمیدی	١٠	١٦
کۆمەلایەتی	١٥	٢٠
زانستی	٣	٢٥
مێژووی	١٥	١٥

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ١٤ و ١٥ بەکاربهێنە.

١٤ باشترین وێنەی ڕوونکردنەوەیی بۆ پیشاندانی پێدراوەکان دروستبکە.

١٥ لەکام جۆریان جیاوازای نێوان ژمارەی کچان و کوران زۆرترە؟

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
Standardized Test Prep

ئاگاداربە! CAUTION!

لابردنی هەڵبژاردنەکان

براونە وێنەی ڕوونکردنەوەیی پرسیاری ٥ بۆ دیاریکردنی دوو ڕۆژ کە زۆرترین پلەی گەرمی لەنێوانیاندا دەرکەوێت. دەتوانی هەر هەڵبژاردنێك لاببەی لەگەڵ خواستەکەدا نەگونجێت.

وەڵامی ڕاست بۆ شیکاری پرسیارەکانی ١ تا ٦ هەڵبژێرە.

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ١ تا ٣ بەکاربهێنە.

وەرزشە پەسندکراوەکان	
وەرزش	ژمارەی دەنگەکان
تۆپی باڵە	٣٠
تۆپی باسکە	٢٠
تۆپی تێنسی سەرزەوی	١٥
تۆپی تێنس	١٠

١ کام وێنەی ڕوونکردنەوەیی گونجاوترە بۆ پیشاندانی پێدراوەکانی وەرزشە پەسندکراوەکان لە خشتەکەدا ؟

أ ئەستوونە ڕوونکردنەوەیی

ب خشتەی دووبارەبون

ج هێڵی ڕوونکردنەوەیی

د ئەستوونی ڕوونکردنەوە جووتەنی

٢ کام هەنگاو گونجاوترە بۆ نواندنی پێدراوەکان بە ڕوونکردنەوەیی.

أ ١ ب ٥ ج ١٥ د ٢٠

٣ مەودای دەنگەکانی وەرزشی پەسندکراو کامەیە؟

أ ١٠ ب ١٥ ج ٢٠ د ٣٠

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٤ تا ٦ بەکاربهێنە.



٤ ڕۆژی هەینی پلەی گەرمی چەندبووە؟

أ °٣٠ ب °٢٨ ج °٢٦ د °٢٤

٥ کام دووڕۆژ پلەی گەرمی لەنێوانیاندا زۆربەرزە؟

أ شەممە و یەکشەممە

ب دووشەممە و سێشەممە

ج سێشەممە و چوارشەممە

د چوارشەممە و پێنجشەممە

٦ لەنێوان کام دوو ڕۆژ پلەی گەرمی گۆڕانی بەسەردانەهات؟

أ هەینی و شەممە ج چوارشەممە و پێنجشەممە

ب شەممەو یەکشەممە د دووشەممە وسێشەممە

ئەوەی دەیزانی بینووسە Write What You Know

٧ لەسەر تۆڕی چوارگۆشەکان خاڵەکانی (١،١)، (٤،١)، (٧،٤)، (٧،١) دیاریبکە. نێوان خاڵەکان بەیەکبگەیێنە. چ شێوە ئەندازەیەکت دەستکەوت؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

٨ شادمان وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی دروستکرد گۆڕانی ژمارەی دانیشتوان لەهەرێمی کوردستان بەدرێژایی ٥٠ ساڵ دەنوێنێ. شاد وێنەیەکی ڕوونکردنەوەیی دروستکرد گۆڕانی ژمارەی قوتابیان لە قوتابخانەکەی بەدرێژایی ٥٠ ساڵ دەنوێنێ. هۆکاری جیاوازی دوویەیژە لەو دوو وێنە ڕوونکردنەوەییە ڕوونبکەوە.

بەشی ٥

لێکدانی ژمارەکان

Multiply Numbers

درێژی باڵندەی بەزرنگە ٦٠ ملم

نزیکەی ١٠ ملیۆن جۆر لە گیانەوەران هەیە. گیانەوەران لە بارستایی و قەبارەدا جیاوازی گەورەیان هەیە چۆلەکەی بەزرنگە نزیکەی هەمان قەبارەی تۆپی گۆڵفی هەیە، بەڵام بارستایی تۆپی گۆڵف بە ٢٨ جار لە بارستیای چۆلەکەی بەزرنگە قورسترە.

پرسیار بۆ شیکار: ئەم خشتەیە بارستایی هەندێك لە گیانەوەرە قورس و سوکەکان دەردەخات. بارستایی تۆپی گۆڵف نزیکەی چەند کیلۆگرام دەبێت؟

بارستایی گیانەوەران

باڵندە	گیانەوەر	بارستایی بەکیلۆگرام
سوکترین باڵندە	چۆلەکە بەزرنگە	٠,٠٠١٦
سوکترین مەمکداری دەشتی	شەمشەمەکوێرە	٠,٠٠٢
قورسترین مێروو	قاڵۆچەی غولیا	٠,٠٩٩
قورسترین باڵندە	وشترمل «نەعامە»	١٤٨,٥
قورسترین ماسی	ماسی خۆر	١٩٨٠
قورسترین مەمکداری دەشتی	فیلی ئەفریقی	٧ ٠٠٠

زانیارییەکانت ساغبکەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەکار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

زاراوەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

ژمارە دەیییە هاوتاکان equivalent decimal
بەشێك لەسەد hundredth
دە ten
دەیەك tenths
بەشێك لەهەزار thousandth

١ ___؟___ بەشێك لە ١٠ بەشی یەکسان لەیەك.

٢ ___؟___ بەشێك لە ١٠٠ بەشی یەکسان لەیەك.

٣ ژمارە دەییەکان کەهەمان هێند نیشان دەدەن پێیان دەوترێ ___؟___

کۆکردنەوەی دووبارەبوونەوە بۆ ژمارە دەییەکان

کۆبکەوە.

٤ ٠,١ + ٠,١ + ٠,١ + ٠,١

٥ ٠,٦ + ٠,٦ + ٠,٦

٦ ٠,٣ + ٠,٣ + ٠,٣ + ٠,٣

٧ ١,١ + ١,١ + ١,١

٨ ٠,٩ + ٠,٩ + ٠,٩

٩ ١,٢ + ١,٢

١٠ ٠,٢ + ٠,٢

١١ ٠,٣ + ٠,٣ + ٠,٣

١٢ ٠,٥ + ٠,٥ + ٠,٥ + ٠,٥

لێکدان لەژمارەی دوو ڕەنووسی

١٣ ١٢ × ٦

١٤ ١٩ × ٩

١٥ ١٤ × ١٢

١٦ ١٧ × ٤

١٧ ٢٩ × ٢٤

١٨ ٣٤ × ٢٧

١٩ ٧٢ × ٣١

٢٠ ٩٣ × ٤٥

لێکدانی ژمارەیەکی ٣ ڕەنووسی لە ژمارەیەکی ١ ڕەنووسی.

٢١ ١٣٠ × ٦

٢٢ ١٣٤ × ٤

٢٣ ١٠٤ × ٥

٢٤ ٢٦٠ × ٩

٢٥ ٢٥٠ × ٢

٢٦ ١١١ × ٣

٢٧ ٢١٤ × ٣

٢٨ ٧٧٦ × ٤

پێداچوونەوەی خێرا

١	٤ × ٢٢		
٢	٤٠ × ٦	٣	٥ × ١١
٤	٧٠ × ٦٠٠	٥	٣٠ × ٣٢

١ لێكدانی ژمارەی سروشتی

Multiply Natural Numbers

پێشبڕكێ زۆراب لە بەرنامەی ڕاهێنانی پاسكیل سواری بەشداربوو، بۆ خۆئامادەكردن بۆ پێشبڕكێكە. هەفتەی ٣٣٥ خولەك بۆ ماوەی ٢٦ هەفتە ڕاهێنانی كرد.
زۆراب چەند خولەك ڕاهێنانی كردووە؟

نموونە

لێكبدە ٢٦ × ٣٣٥

بخەملێنە ٣٠ × ٣٠٠ = ٩ ٠٠٠

هەنگاوی ١: لەیەكان بدە

$$\begin{array}{r} \overset{٣}{٣٣٥} \\ ٢٦ \times \\ \hline ٢\,٠١٠ \end{array}$$

٣٣٥ × ٦ ⟵ ٢ ٠١٠

هەنگاوی ٢: لە دەیان بدە

$$\begin{array}{r} \overset{١}{\overset{٣}{٣٣٥}} \\ ٢٦ \times \\ \hline ٢\,٠١٠ \\ ٦\,٧٠٠ \\ \hline \end{array}$$

٣٣٥ × ٢٠ ⟵ ٦ ٧٠٠

هەنگاوی ٣: هەردوو ئەنجامی لێكدان كۆبكەوە

$$\begin{array}{r} \overset{١}{\overset{٣}{٣٣٥}} \\ ٢٦ \times \\ \hline ٢\,٠١٠ \\ ٦\,٧٠٠ + \\ \hline ٨\,٧١٠ \end{array}$$

ئەنجامی لێكدانی هەردوو بەشەكە

كەواتە زۆراب ٨ ٧١٠ خولەك ڕاهێنانی ئەنجامدا لەبەرئەوەی ٨ ٧١٠ نزیكە لە خەملاندنی ٩ ٠٠٠
كەواتە، وەڵامەكە شیاوە.

نموونەی زیاتر

أ

$$\begin{array}{r} \overset{٧}{٢٩} \\ ١٨ \times \\ \hline ٢٣٢ \\ ٢٩٠ + \\ \hline ٥٢٢ \end{array}$$

٢٩ × ٨ ⟵ ٢٣٢
٢٩ × ١٠ ⟵ ٢٩٠

ب

$$\begin{array}{r} \overset{١}{٧٠٤} \\ ٢٣ \times \\ \hline ٢\,١١٢ \\ ١٤\,٠٨٠ + \\ \hline ١٦\,١٩٢ \end{array}$$

٧٠٤ × ٣ ⟵ ٢ ١١٢
٧٠٤ × ٢٠ ⟵ ١٤ ٠٨٠

ج

$$\begin{array}{r} ٢\,٢١ \\ ١\,١ \\ ٢\,٣٤٢ \\ ٦٤ \times \\ \hline ٩\,٣٦٨ \\ ١٤٠\,٥٢٠ + \\ \hline ١٤٩\,٨٨٨ \end{array}$$

٢٣٤٢ × ٤ ⟵ ٩ ٣٦٨
٢٣٤٢ × ٦٠ ⟵ ١٤٠ ٥٢٠

▲ ساڵی ١٩٩٢ میغیل ئەندۆران لە پێشبڕكێی فەرەنسا بۆ پایسكیل سواری بەرزترین تێكڕای خێرایی بەدەستهێنا كە گەیشتە ٣٩,٣٥كم/ك.

• سەیری نموونەی ب بكە. سفر لەیەكێك لەكۆڵكەكاندا هەیە. چی بۆ ڕەنووسی كۆكراوەی ١ ڕوویداوە؟

لەبیرت نەچێ بۆئەوەی ژمارەیەك لە ژمارەیەكی دوو ڕەنووسی بدەی، یەكەمجار لە یەكان بدە، پاشان لە دەیان. دوای ئەوە ئەنجامی لێكدانی ئەو دوو بەشە كۆبكەوە.

ساغبکەوە

١ **ڕێنوێنی** ڕوونیبکەوە بۆچی ئەنجامی لێکدانی بەشی دووەم گەورەترە لەئەنجامی لێکدانی بەشی یەکەم لەکرداری لێکدانی ژمارەیەك لە ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی.

لێکبدە. بخەملێنە بۆ ساغکردنەوە

٢ ٩١ × ٤٣

٣ ٣٤٨ × ١٥

٤ ٢٤ × ١٦

٥ ١٩٢٤ × ٢١

٦ ٧١٠ × ١٣

٧ ٨٠١ × ٦١

٨ ٥٠٦ ٤ × ٩٤

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

لێکبدە. بخەملێنە بۆ ساغکردنەوە

٩ ٨٧ × ٥٣

١٠ ١٥٩ × ٢٦

١١ ٥٠٠ × ٤٣

١٢ ٢٣٩١ × ٦٢

١٣ ٨٧٠٥ × ٩٨

١٤ ١٦ × ٥٢

١٥ ١١٩ × ٥٤

١٦ ٢٦١٠ × ٦٣

١٧ ٣٠٥٩ × ١٢

جەبر بەهای هەریەك بدۆزەوە کاتێك ن = ١٠، ٢٠، ٣٠.

١٨ ١١ ن

١٩ ٢٣ × ن

٢٠ ن × ٢٠٠

٢١ ٣٢ ن

٢٢ ١٤ × ن

پێدراوەکانی خشتەکە کۆیبکە و لە شیکاری پرسیاری ٢٣ تا ٢٦ بەکاریبێنە.

لێدانی باڵەکان

	گیانەوەر	لەخولەکێك	لەکاتژمێرێك
٢٣	پاساری بەزرنگە	٥ ٤٠٠	
٢٤	شەمشەمەکوێرەی بەزرنگە	١ ٢٠٠	
٢٥	پەپوولە	٦٤٠	
٢٦	لەقلەق	١٨٠	

٢٧ **ڕێنوێنی** باڵندەی پەرەسێلکە باڵەکانی دووئەوەندە خێراتر لە لەقلەق دەجوڵێنی. تیکڕای ژمارەی جوڵانی باڵەکانی لەهەفتەیەکدا چەندە؟

٢٨ **پرسیارێك بنووسە** بتوانرێ شیکار بکرێ بە بەکارهێنانی لێکدان لە پێدراو لە بارەی جوڵانی لێدانی باڵەکان.

٢٩ ئەگەر لەقلەق باڵەکانی بە ٣٠ جار خێراتر لەوەی کە هەیەتی بجولێنی، چۆن ئەوکاتە دەتوانی بەراوردی بکەیت لەگەڵ چۆلەکەی بەزرنگە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ژمارەیەکی دەیی هاوتا بنووسە.

٣٠ ٠,٢٣

٣١ ٨,٠٢٠

٣٢ (٣٦٥ × ن) – ١٢ئەژمێربکە، کە ن = ٨

٣٣ ٦٩ ٥٢١ + ٨٧ ٥٦٤

٣٤ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە قوتابیان لە گەشتێکتدا لە شاری سلێمانی بۆ شاری هەولێر ماوەی ٢٢٠کم بە خێرایی ٥٥کم/ك بڕی. گەشتەکە چەند کاتژمێری خایاند؟ کام هاوکێشە پرسیارەکە دەنوێنێ؟

أ ٥٥ + س = ٢٢٠   ج س × ٤ = ٥٥

ب ٥٥ × س = ٢٢٠   د ٥٥ – س = ٢٢٠

وانەی
٢

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٩ × ٥٠
٢ ٨ × ٦٠ ٣ ٤ × ٧٥
٤ ٥ × ١٢ ٥ ٨ × ٥٠

لێکدانی ژمارەیەکی سروشتی لە ژمارەی دەیی

بەدەست

Multiply Nattural Number by decimal

بدۆزەرەوە

کەنغەر کلکی بۆ هاوسەنگی لە بازداندا بەکاردەهێنێ. درێژی کلکی ٠,٥٣ی درێژی جەستەی «لەشیەتی» دەبێت. درێژی جەستەی نزیکەی ٢م دەبێت. درێژی کلکی چەند دەبێت؟

چالاکی ١ نموونەیەك دروستبکە بۆ نیشاندانی کرداری لێکدانی ٠,٥٣ لە ٢.

هەنگاوی ١

نموونەی بەشەکان لەسەد بەکاربهێنە ٠,٥٣ بەش لەسەد دووجار ڕەنگبکە. لەهەر جارێکدا ڕەنگی جیاواز بەکاربهێنە.



هەنگاوی ٢

ژمارەی بەشە ڕەنگکراوەکان لەسەد ئەژمێربکە ١٠٦ بەشی ڕەنگکراو لەسەدداندا هەیە. واتە ١ و ٦ بەش لەسەد کەواتە ٢ × ٠,٥٣ = ١,٠٦.

کەواتە درێژی کلکی کەنغەر نزیکەی ١,٠٦ مەترە.

- ڕستەی لێکدانی ٢ × ٠,٥٣ لەگەڵ ڕستەی لێکدانی ٢ × ٥٣ بەچی لێکدەچن؟
- ئایا ئەنجامی لێکدانی ٣ لە ٠,٥٣ گەورەترە لە ٣ یان بچووکترە؟ بۆچی؟

هەوڵبدە

بۆئەوەی لێکبدەی نموونەیەك دروستبکە.

أ ٤ × ٠,١٢
ب ٣ × ٠,٠٣
ج ٥ × ٠,٥
د ٣ × ٠,٣

◄ بـبـەسـتـەوە

دەتوانی ڕستەی لێکدان بنووسی کە بگونجێت لەگەڵ ئەو نموونەی لەلاتە.

چالاکی ٢

٣ × ٠,٦ ئەژمێربکە

نموونە

نموونەی دەییەکی بەکاربهێنە. ٠,٦ یان ٦ دەیەکی

سێ جار ڕەنگبکە، لەهەر

جارێکدا ڕەنگی جیا

بەکاربهێنە. ژمارە

دەیەکیە ڕەنگکراوەکان



ئەژمێربکە. ١٨ دەیەکی هەیە، واتە ١ و ٨ دەیەکی.

تۆمارکردن

تۆماربکە ٠,٦

× ٣

١,٨

ئەم نموونەیە بەکاربهێنە بۆ

دانانی فاریزەکە

کەواتە ٣ × ٠,٦ = ١,٨

◄ ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

نموونەیەك پێکبهێنە بۆئەوەی لێکبدەی

١ ٣ × ٠,٨ ٢ ٦ × ٠,٤ ٣ ٥ × ٠,٦ ٤ ٢ × ٠,٨٢

٥ ٧ × ٠,٠٣ ٦ ٢ × ٠,١٢ ٧ ٤ × ٠,١٩ ٨ ٩ × ٠,١٨

براکەم لە کەنەدا نامەیەکی بۆ ناردم و لەنرخی میوەکان ئاگادارمی کردەوە. کە چۆن بە دانە دەیکڕن. خشتەی بەرامبەر بەکاربهێنە بۆ ئەژمێرکردنی هەردانەیەك بەدۆلاری کەنەدی لە پرسیارەکانی ٩ تا ١٣.

٩ ٣ سێو و ٢ مۆز.

١٠ ٢ پرتەقاڵ و ٣ مۆز.

١١ ٤ مۆز و ٢ پرتەقاڵ و قۆخێك.

١٢ ٥ مۆز و ٣ پرتەقاڵ و ٢ هەڵوژە.

١٣ ٨ سێو، ٦ مۆز و ١ پرتەقاڵ.

بەرهەمەکانی میوە	
میوە	نرخی دانەیەك
سێو	٠,٣٥ دۆلاری کەنەدی
مۆز	٠,٢٠ دۆلاری کەنەدی
پرتەقاڵ	٠,٢٨ دۆلاری کەنەدی
هەڵوژە	٠,٢٤ دۆلاری کەنەدی
قۆخ	٠,٣٩ دۆلاری کەنەدی



١٤ **بنووسە** ڕوونیبکەوە چۆن نموونەیەك بۆ لێکدانی ٣ × ٠,٩ دەکێشی.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

١٥ هاوڕێ ئەم پلە گەرمیانەی تۆمارکرد: ٤٥، ٤١، ٣٥، ٣٨، ٣٨، ٤٣. ناوەندیان چەندە؟

١٦ بەهای ئەم برە چەندە؟
٩ × (٥ + ن)، کاتێك ن = ٦

١٧ ٨٢ ٣٩٤ ٠٢١ بۆ نزیکترین ملیۆن نزیکبکەوە.

١٨ ژمارە دەییەکی هاوتا بۆ ژمارە ٨,٠٢ بنووسە.

١٩ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) کام ژمارە بچووکترە لەئەنجامی لێکدانی ٢١٧ لە ٥٠٨؟

أ ١١٠ ٢٣٠ ج ١١٠ ٣٢٦

ب ١١٠ ٣٢٠ د ١٢٠ ٢٣٠

وانەی ٣

شێوازەکان لە لێکداندا

Patterns in Multiplication

پێداچوونەوەی خێرا

١ ١٠ × ١٢

٢ ١٠٠ × ١٢

٣ ١ ٠٠٠ × ١٢

٤ ١٠ ٠٠٠ × ١٢

٥ ١٠٠ ٠٠٠ × ١٢

فێربە

بۆقە بچووکەکان بچووکترین بۆق لە نیوەگۆی باکوری زەوی لەکوبا دۆزاریەوە. درێژییەکەی ٠,٩٨سم. دوو وێنەکە پێوانی ڕاستەقینە و پێوانەی گەورەکراو بە ٥ ئەوەندە دەنوێنێ. درێژی بۆقەکە لە وێنەیەکدا ١ ٠٠٠ جار گەورە بێت چەندە؟

▲ وێنەی بۆقەکە کە ٥ ئەوەندە گەورەکراوە

▲ پێوانەی ڕاستەقینەی بۆقەکە

نموونە

لێکبدە ٠,٩٨ × ١ ٠٠٠

بەدوای شێوازێ بگەڕێ

٠,٩٨ × ١ = ٠,٩٨

٠,٩٨ × ١٠ = ٩,٨٠ ⟵ فاریزەکە یەك خانە بۆلای ڕاست بگوێزەوە

٠,٩٨ × ١٠٠ = ٩٨,٠٠ ⟵ فاریزەکە دووخانە بۆلای ڕاست بگوێزەوە

٠,٩٨ × ١ ٠٠٠ = ٩٨٠,٠٠ ⟵ فاریزەکە سێ خانە بۆلای ڕاست بگوێزەوە

کەواتە، دریژی بۆقەکە ٩٨٠سم لە وێنەکەدا کە ١ ٠٠٠ جار گەورەکراوە

• **ئەگەر** وێنەی بۆقەکە ١٠٠ جار گەورە بکرێت. درێژی بۆقەکە دەبێتە چەند؟

لەبیرت نەچێ لەکاتی لێکدانی ژمارەیەکی دەیی لە ١٠، یان ١٠٠، یان ١ ٠٠٠ فاریزەکە بۆلای ڕاست دەگوێزرێتەوە کە یەکسان بێت بە ژمارەی سفرەکان لە خانەکاندا.

نموونەی زیاتر

أ	ب	ج
٣,٢٥ × ١ = ٣,٢٥	٠,٤٧٨ × ١ = ٠,٤٧٨	٠,٠٠٠٩ × ١ = ٠,٠٠٠٩
٣,٢٥ × ١٠ = ٣٢,٥٠	٠,٤٧٨ × ١٠ = ٤,٧٨	٠,٠٠٠٩ × ١٠ = ٠,٠٠٩
٣,٢٥ × ١٠٠ = ٣٢٥,٠٠	٠,٤٧٨ × ١٠٠ = ٤٧,٨	٠,٠٠٠٩ × ١٠٠ = ٠,٠٩
٣,٢٥ × ١٠٠٠ = ٣ ٢٥٠,٠٠	٠,٤٧٨ × ١٠٠٠ = ٤٧٨	٠,٠٠٠٩ × ١٠٠٠ = ٠,٩

ڕێنوێنی چۆن شێواز بەکاردەهێنیت بۆ دانانی فاریزە لە ئەنجامی لێکدان لە نموونەی أ.

ساغبکەوە

١ بڕوانە شێوازی فاریزەکان لە ئەنجامی لێکدان لە نموونەکانی أ و ب و ج.
ڕێسایەك بنووسە بۆ دانانی فاریزە بەخێرایی لە وەڵامەکەتدا.

ئەژمێرکردنی هزری بەکاربهێنە و تەواویبکە.

٢
١ × ٠,٣ = ٠,٣
١٠ × ٠,٣ = ٣
١٠٠ × ٠,٣ = ■
١ ٠٠٠ × ٠,٣ = ■

٣
١ × ٢,٨٤٥ = ٢,٨٤٥
١٠ × ٢,٨٤٥ = ٢٨,٤٥
١٠٠ × ٢,٨٤٥ = ■
١ ٠٠٠ × ٢,٨٤٥ = ■

٤
١ × ٠,٣٤٥٩ = ٠,٣٤٥٩
١٠ × ٠,٣٤٥٩ = ■
١٠٠ × ٠,٣٤٥٩ = ٣٤,٥٩
١ ٠٠٠ × ٠,٣٤٥٩ = ٣٤٥,٩

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

ئەژمێرکردنی هزری بەکاربهێنە، تەواویبکە.

٥
١ × ٠,٠٠٥ = ٠,٠٠٥
١٠ × ٠,٠٠٥ = ■
١٠٠ × ٠,٠٠٥ = ٠,٥
١ ٠٠٠ × ٠,٠٠٥ = ٥

٦
١ × ٠,٣٤٥٦ = ٠,٣٤٥٦
١٠ × ٠,٣٤٥٦ = ٣,٤٥٦
١٠٠ × ٠,٣٤٥٦ = ■
١ ٠٠٠ × ٠,٣٤٥٦ = ■

٧
١ × ٠,٤٥ = ٠,٤٥
١٠ × ٠,٤٥ = ■
١٠٠ × ٠,٤٥ = ■
١ ٠٠٠ × ٠,٤٥ = ■

هەر ژمارەیەك لە ١٠ و لە ١٠٠ و لە ١ ٠٠٠ بدە.

٨ ٠,٩ — ٩ ٠,٥١ — ١٠ ٠,٠٠٧ — ١١ ٠,٠١٥

١٢ ٠,٢١٧٨ — ١٣ ٠,٢٥ — ١٤ ٤٥,٦٩ — ١٥ ١,٠٦٠٨

جەبر **بەهای س ئەژمێربکە**

١٦ ١٠ × س = ٠,٠٩ — ١٧ س × ٠,٠٨ = ٠,٨ — ١٨ ١٠٠ × س = ٤,٥

١٩ ١,٥ × س = ١٥ — ٢٠ س × ١٠٠ = ١,٩ — ٢١ س × ١ ٠٠٠ = ٣,١

٢٢ نیوکیلۆگرام بریتیە لە ٠,٥ کیلۆگرام. بەهای ١٠٠ نیو کیلۆگرام، ١ ٠٠٠ نیوکیلۆگرام چەندە؟

٢٣ کرمە لیقە لە خولەکێکدا ٨ سم دەبڕێت. بۆ بڕینی ماوەی ٨م چەند خولەکی پێویستە؟

٢٤ **بنووسە** بۆچی ئەژمێرکردنی هزری لێکدانی ژمارەیەکی دەیی لە ١٠ و ١٠٠ و ١ ٠٠٠ ئاسان دەکات؟

٢٥ کاتێ ٦,٧ لە ١٠ ٠٠٠ دەدەیت فاریزەکە لە کوێ دادەنێیت؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٦ ١ ٤٥٦ × ٨ — ٢٧ ٣٤٥ × ٢٣

< یان > یان = لەناو ● دابنێ.

٢٨ ٠,٨٩ ● ٠,٩٨ — ٢٩ ٣,٩ ● ٣,٠٩

٣٠ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە بەهای ن لەهاوکێشەکەدا ئەژمێربکە.

٩٠ = ن + ٣٢ + ٢٨

أ ن = ٢٠ — ب ن = ٣٠ — ج ن = ٢٨ — د ن = ٣٢

وانەی
٤

نواندنی لێکدان

Multiply Representation

پێداچوونەوەی خێرا

١ ‏٠,٤ + ٠,٤

٢ ‏٠,٦ + ٠,٦

٣ ‏٠,٧ + ٠,٧

٤ ‏٠,٤ + ٠,٤ + ٠,٤

٥ ‏٠,١ + ٠,١ + ٠,١

فێربە

چۆلەکە (پاساری) بچووک چیا کۆمەڵەیەك چۆلەکەی بەزرنگەی بەخێوکرد. بارستاییان نزیکەی ٠,٢کگم بوو. ئەم کۆمەڵە ڕۆژانە پێویستیان بە نزیکەی نیوەی بارستایی خۆیان بە خواردن هەیە. چیا ڕۆژانە پێویستی بەچەند کگم خواردەنە بۆ چۆلەکەکانی؟

نموونە

لێکبدە ٠,٢ × ٠,٥ ⟵ بیربکەوە: نیوە یەکسانە بە ٠,٥

هەنگاوی ١

چوارگۆشەیەك بۆ ١٠ ئەستوونی یەکسان بەشبکە، ٥ لەو ئەستوونانە ڕەنگبکە بۆ نواندنی ٠,٥



هەنگاوی ٢

چوارگۆشەکە بۆ ١٠ ڕیزی یەکسان ڕەنگبکە بۆ دروستکردنی ١٠٠ بەشی یەکسان. دوو ڕیز بە ڕەنگی جیاواز لە ڕەنگەکانی تر بۆ نواندنی ٠,٢ ڕەنگبکە.



هەنگاوی ٣

ئەو ڕووبەرەی کە ڕەنگەکان تیایدا دەچنە ناویەکەوە. ئەنجامی لێکدانی ٠,٢ × ٠,٥ دەنوێنێ.



کەواتە، ٠,٢ × ٠,٥ = ٠,١٠

کەواتە، کۆمەڵە چۆلەکە بەزرنگەکان هەر ڕۆژێ پێویستیان بە ٠,١ کگم خواردن هەیە، بۆئەوەی بژین.

چۆلەکەی بەزرنگە دەتوانێ بۆ دواوە بفرێ. بە دەوری خۆیدا وەك هەلیکۆپتەر بسوڕێتەوە دەتوانێ باڵەکانی بە شێوەی ٨ بسوڕێنێ.

ڕێنوێنی ئەو پەیوەندییە چیە کە ئەنجامی لێکدانی دوو ژمارەی دەیی هەریەکەیان بچوکتر لە ١ بە دوو ژمارەکەوە دەبەستێت.

ساغبکەوە

١ ئایا ئەنجامی لێکدانی ٠,٢ × ٠,٤ بچووکترە لە ١ یان گەورەترە؟ وەڵامەکەت لێکبدەوە.

ڕستەی لێکدان لەهەر نموونەیەك تەواوبکە

٢

٠,٥ × ٠,٧ = س

٣

ك × ٠,٨ = ٠,٢٤

٤

٠,٣ × ٠,٥ = س

٥

٠,٩ × ن = ٠,٢٧

نموونەیەك پێکبهێنە و ئەنجامی لێکدان ئەژمێربکە.

٦ ‏٠,٥ × ٠,٩ ‏ ٧ ‏٠,٧ × ٠,٤ ‏ ٨ ‏٠,٣ × ٠,٣ ‏ ٩ ‏٠,٤ × ٠,٨

ڕستەی لێکدان لەهەر نموونەیەك تەواوبکە.

١٠ 
٠,٤ × ٠,٦ = ن

١١ 
٠,٥ × ك = ٠,٢٥

١٢ 
س × ٠,٩ = ٠,١٨

١٣ 
٠,١ × ٠,٤ = ت

نموونەیەك پێکبهێنە و ئەنجامی لێکدان ئەژمێربکە.

١٤ ‏٠,٨ × ٠,٨ ‏ ١٥ ‏٠,١ × ٠,٩ ‏ ١٦ ‏٠,٦ × ٠,٢ ‏ ١٧ ‏٠,٨ × ٠,٣

لێکبدە.

١٨ ‏٠,٧ × ٠,٨ ‏ ١٩ ‏٠,٢ × ٠,٨ ‏ ٢٠ ‏٠,٩ × ٠,٦ ‏ ٢١ ‏٠,٦ × ٠,٧

٢٢ ‏٠,٥ × ٠,٦ ‏ ٢٣ ‏٠,٨ × ٠,٩ ‏ ٢٤ ‏٠,٥ × ٠,٤ ‏ ٢٥ ‏٠,٣ × ٠,٦

جەبر

بەهای س لە پرسیارەکانی ٢٦ تا ٢٩ ئەژمێربکە.

٢٦ س × ٠,٢ = ٠,١٤ ‏ ٢٧ ‏٠,٦ × س = ٠,٤٨ ‏ ٢٨ ‏٠,٩ × س =٠,٦٣ ‏ ٢٩ س × ٠,٧ = ٠,٣٥

٣٠ درێژترین بۆق، بۆقی فولیاتە، کاتێك قاچەکانی درێژ دەکات، درێژیەکەی دەبێتە ٠,٨م، درێژی دەبێتە ٠,٥ی ئەو درێژییە کاتێك قاچەکانی درێژنەکات درێژی ئەو بۆقە چەندە کاتێك قاچەکانی درێژنەکات؟

٣١ ڕەنێو دوو قوتووی هەڵگرت کە بارستایی هەر یەکەیان ١,٢٩٨ کگم بوو. ٥ قوتووی تریش کە بارستایی هەریەکەیان ٠,٣٤٩ کگم، ڕەنێو چەند کیلۆگرام زیاتر یان کەمترلە ١٠ کگم هەڵدەگرێت؟



٣٢ هەڵە لەکوێیە؟ هەوراز ووتی ٠,١ × ٠,٦ = ٠,٦ هەڵەکەی دیاریبکە و نموونەیەك بکێشە.

٣٣ کوللە نزیکەی ٠,٨م بازدەدات و کێچ ٠,٥ی بازدانی کوللە بازدەدات. کێچ چەند بازدەدات؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

بۆ نزیکترین ملیۆن نزیکبکەوە

٣٤ ‏٤ ٠٩٩ ٩٩٩ ‏ ٣٥ ‏١٦ ٣٩٩ ٩٩٩

ژمارەکان لە بچووکترینەوە بۆ گەورەترین ڕیزبکە.

٣٦ ‏٨٧ ٣١٤؛ ٨٧ ٤١٣؛ ٨١ ٣٤١

٣٧ ‏١٠٩ ٧٢١؛ ١٩٠ ٢٧١؛ ١٠٩ ٢٧١

٣٨ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ژمارە سێ و بیست لەسەر شێوەی ژمارەی دەیی وشێوەی کەرت کامەیە؟

أ ٣,٢ ؛ ٣٢/١٠ ‏ ج ٣,١٢؛ ٣١٢/١٠٠

ب ٢,٣ ؛ ٢٣/١٠ ‏ د ٣,٠٢؛ ٣٠٢/١٠٠

وانەی ٥

دانانی فاریزە

Place decimal point

پێداچوونەوەی خێرا

بۆ خانەی یەکان نزیکبکەوە.

١ ٣,٤
٢ ٩٩,٢
٣ ٠,٣٨
٤ ٠,٦٨
٥ ٥,٣

فێربە

بچووکترین مەمکدار درێژی مشکە گرگنە لە لوتیەوە تا کۆتایی کلکی ٦,١ سم ە. مشکی ماڵ بە ٢,٩ جار لە مشکە گرگنە درێژترە. درێژی مشکی ماڵ چەندە؟ بۆ بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە وەڵامەکە شیاوە. دەتوانی خەمڵاندن بەکاربهێنی بۆ دیاریکردنی شوێنی فاریزەکە لە ئەنجامی لێکدانی ژمارە دەییەکاندا.

نموونە ١ لێکبدە ٢,٩ × ٦,١

هەنگاوی ١

ئەنجامی لێکدان بخەمڵێنە هەر ژمارەیەك نزیکبکەوە.

٢,٩ × ٦,١
↓ ↓
٣ × ٦ = ١٨

هەنگاوی ٢

لێکبدە وەك ئەوەی کە فاریزەکە نەبێ.

٦,١
× ٢,٩
٥٤٩
+ ١٢٢٠
١٧٦٩

هەنگاوی ٣

خەمڵاندن بۆ دانانی فاریزە لە ئەنجامی لێکداندا بەکاربهێنە

٦,١
× ٢,٩
٥٤٩
+ ١٢٢٠
١٧,٦٩

لەبەر ئەوەی خەمڵاندن بریتیە لە ١٨، فاریزەکە دابنێ تا ژمارە تەواوەکە لە ئەنجامی لێکدانەکە لە دوو ڕەنووس پێکهاتبێ.

کەواتە درێژی مشکی ماڵ ١٦,٤٧ سم.

مشکی گرگنە بچووکترین مەمکدارە لە جیهاندا، دەتوانێ لەناو کەوچکێکی چێشتدا بخەوێت، بارستاییەکەی یەکسانە بە بارستایی تۆێکی سەرمێز ▼

نموونەی زیاتر

أ لێکبدە ١١ × ٠,٤٨

١٠ × ٠,٥ = ٥ ⟵ بخەمڵێنە

٠,٤٨
× ١١
٤٨
+ ٤٨٠
٥,٢٨

لەبەرئەوەی خەمڵاندنەکە ٥. فاریزەکە دابنێ تا ژمارە تەواوەکە لەئەنجامی لێکدانەکە لەیەك ڕەنووس پێکهاتبێ.

ب لێکبدە ٠,٧٥ × ١,٢٥

٠,٨ × ١ = ٠,٨ أو ٠,٨٠ ⟵ بخەمڵێنە

١,٢٥
× ٠,٧٥
٦٢٥
+ ٨٧٥٠
٠,٩٣٧٥

لەبەرئەوەی خەمڵاندنەکە ٠,٨٠ فاریزەکە دابنێ تا ئەنجامی لێکدانەکە لە ١ بچووکتربێت.

ژماردنی خانە دەیییەکان

دووبارە دەتوانیت فاریزەکە بەرەچاو کردنی ئەم تێبینیە دابنێت. ژمارەی خانە دەیییەکان لە کۆلکەکاندا پێویستە یەکسان بێت بە ژمارەیان لە ئەنجامی لێکداندا.

نموونە ٢ لێکبدە ٠,٧ × ٠,٢

هەنگاوی ١

لێکبدە وەك ئەوەی فاریزەکە نەبێ.

٠,٧
× ٠,٢
١٤

هەنگاوی ٢

سەرجەمی خانە دەیییەکان لە دوو ژمارەکە دیاریبکە. فاریزەکە دابنێ، دوای ئەوەی کە خانە دەیییەکان دەژمێری، لەلای راستی لە ئەنجامی لێکدانەوە دەستپێبکە.

٠,٧ ⟵ خانەیەکی دەیی لەم کۆلکەیەدا هەیە
× ٠,٢ ⟵ خانەیەکی دەیی لەم کۆلکەیەدا هەیە
٠,١٤ ⟵ ١ + ١ واتە دوو خانەی دەیی لە ئەنجامی لێکداندا دەبێت.

لێکبدە ٠,٧ × ٠,٢ = ٠,١٤

نموونەی زیاتر

ج

٢٣ ⟵ خانەی دەیی لەم کۆلکەیەدا سفرە
× ٠,٠٤ ⟵ دوو خانەی دەیی لەم کۆلکەیە هەیە
٠,٩٢ ⟵ ٠ + ٢ واتە دوو خانەی دەیی لە ئەنجامی لێکداندا دەبێت.

د

٧,٥٢ ⟵ دوو خانەی دەیی لەم کۆلکەیەدا هەیە
× ٠,٢٣ ⟵ دوو خانەی دەیی لەم کۆلکەیەدا هەیە
٢٢٥٦
+ ١٥٠٤٠
١,٧٢٩٦ ⟵ ٢ + ٢ واتە ٤ خانەی دەیی لە ئەنجامی لێکداندا دەبێت.

لەبیرت نەچێ دەتوانی خەملاندن یان سەرجەمی ژمارەی خانە دەیییەکان لە کۆلکەکاندا بەکاربهێنی بۆ دیارکردنی شوێنی فاریزکە لەئەنجامی لێکداندا.

▼ مشکی ماڵ

ساغبکەوە

١ لە نموونەی د چۆن دڵنیا دەبیت کە وەڵامەکەت شیاوە.

باشترین خەملاندن هەڵبژێرە، أ یان ب دەووربدە.

٢ ٣٤ × ٠,٦   أ ٢٤   ب ٢,٤

٣ ٤,٢ × ٣,٩   أ ١٦   ب ١,٦

هەر راهێنانێك كۆپی بكە. پاشان فاریزە لە ئەنجامی لێکداندا دابنێ.

٤ ٢٩ × ٠,٧ = ٢٠٣

٥ ٢,٩٨ × ٠,٧ = ٢٠٨٦

٦ ١,٨ × ٠,٢ = ٣٦

٧ ٠,٣٧ × ٠,٦٤ = ٢٣٦٨

ئەنجامی لێکدان ئەژمێرکە.

٨ ٩ × ٠,٧   **٩** ٠,٢ × ١٢   **١٠** ٩٥ × ٠,٦٤   **١١** ١,٢٥ × ٠,٥

١٢ ٠,٩ × ٠,٤   **١٣** ٠,٣٧ × ٠,٦   **١٤** ٠,٢١١ × ١٨

باشترین خەملاندن هەڵبژێرە، أ یان ب دەوربدە.

١٥ ٠,٦ × ٢٢ أ ١٢ ب ١,٢

١٦ ٤,٨ × ٢,٣ أ ١٠ ب ١,٠

١٧ ٦ × ٠,٨٢ أ ٠,٤٨ ب ٤,٨

١٨ ٠,٥ × ٤٢ أ ٢٠ ب ٢,٠

هەر ڕاهێنانێك كۆپی بكە، پاشان فاریزەكە لە ئەنجامی لێكداندا دابنێ.

١٩ ٣,٤ × ٥ = ١٧٠

٢٠ ٠,٥٨ × ٢ = ١١٦

٢١ ٥,٤٨ × ٠,٧٢٦ = ٣٩٧ ٨٤٨

٢٢ ٢,٣٢ × ٤,٦٨ = ١٠٨ ٥٧٦

ئەنجامی لێكدان ئەژمێربكە. بخەملێنە بۆ ساغكردنەوە.

٢٣ ١٤ × ٠,٣
٢٤ ١٢٠٦ × ٠,٥
٢٥ ٤,٥ × ٦,٨
٢٦ ٣,٨ × ٧,٢٥

٢٧ ٢,٧ × ٥,١
٢٨ ٧,٢ × ١٢,٩٢
٢٩ ٠,٢١ × ١٩
٣٠ ٤,٦٢ × ٣٨,٨

٣١ ٠,٨ × ٠,٧
٣٢ ٣,١ × ٦,٩
٣٣ ٠,٩ × ٠,١٢
٣٤ ٨٢ × ٠,٣٢٥

٣٥ ٠,٤ × ٠,٦٨
٣٦ ٠,٩ × ٢,٣٦
٣٧ ٠,٩١٨ × ٠,٣
٣٨ ٠,٠٧ × ٩,٢

٣٩ ٠,٧٥ × ٠,٢٥
٤٠ ٠,٢٠١ × ٠,٨
٤١ ٥,٦ × ٢,٧
٤٢ ٦,٢ × ٤٣,٣

٤٣ ٠,٨ × ٢٤,٣٧
٤٤ ٣,٢ × ٠,٨٤٨١
٤٥ ٠,٤٢×٩,٧٤٨
٤٦ ٠,١٨١ × ٤٣٦,٣

٤٧ كام ئەنجامی لێكدان ٦ خانەی دەیی لەخۆ دەگرێت؟

أ ٠,٠٤٥٦ × ٠,١٢ ب ٠,٠٤٥٦ × ١,٢ ج ٠,٠٤٥٦ × ١٢

٤٨ كام ئەنجامی لێكدان ٥ خانە دەیەكی لەخۆدەگرێت؟

أ ١,٠٧٨ × ٠,٢٨٣ ب ١,٠٧٨ × ٢,٨٣ ج ١,٠٧٨ × ٢٨,٣

٤٩ **بنووسە** چۆن خەملاندن بۆ دانانی فاریزە لە ئەنجامی لێكداندا بەكاردەهێنی. نموونەی لەسەر بێنەوە.

بەكارهێنانی پێدراوەكان وێنە ڕوونكردنەوەییەكە بۆ شیكاری پرسیاری ٥٠ تا ٥٣ بەكاربهێنە.

٥٠ ژمارەی چۆلەكە چەندی زیاترە لەژمارەی كەروێشك لەكێڵگەكەدا؟

٥١ ٠,٢٥ی ژمارەی كام گیانەوەر یەكسانە بە ژمارەی بزنەكان لە كێڵگەكەدا؟

٥٢ كام جۆر لە گیانەوەران كەمترین ژمارەیان هەیە لە كێڵگەكەدا؟

٥٣ ژمارەی مریشك چەندی زیاترە لە سەرجەمی ژمارەی مانگا و بزن لە كێڵگەكەدا؟



٥٤ ٤ قوتابی ٦ پاکەت قەڵەمیان بەیەکسانی بەسەر خۆیان دابەشکرد، هەر پاکەتەی هەمان ژمارەی قەڵەمی تێدابوو. هەر قوتابیەك ٦ قەڵەمی بەرکەوت. ژمارەی قەڵەمەکان لە هەر پاکەتێکدا چەندبوو؟

٥٥ کێچ ماوەی ١٣٠ ئەوەندەی درێژی خۆی باز دەدات، ئەگەر درێژییەکەی ٠,١٦سم بێت. ئەوا ماوەیە چەندە کە بازدەدات؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٥٦ ٢ ٥٧٤ + ٦ ٩٠٩ + ٧ ٩٨١

٥٧ ٨٧ + س = ١٤٧شیکاربکە

٥٨ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە ژمارەی دەیی هەشت بەش لە هەزار کامەیە.

أ ٧,٠٤٩٢ ج ٠,٠٠٨

ب ٧,٠٤٩٢ د ٠,٠٠٠٨

٥٩ هاوکێشە شیکاربکە. سیفەتی بەکارهاتوو بۆ ١٧ × س = ٠ دیاربکە

٦٠ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە لە کام ژمارەدا بەهای ڕەنووسی ٤ بچووکترینیانە؟

أ ٧,٠٤٩٢ ج ٧,٤٩٠٢

ب ٧,٢٠٤٩ د ٧,٩٢٠٤

شیکاری پرسیارەکان

دەروازەیەك لەسەر خوێندنەوە

Link Up to Reading

پوختەی بکە واتە هەمان زانیاری بە کورتکراوەیی بنووسیتەوە. بە مەرجێك زانیارییە زۆر گرنگەکان بەبیر بخەیتەوە. سازان ٥ ڕۆژ لەهەفتەیەکدا بەتێکڕای ٨ کاتژمێر لە هەر ڕۆژێکدا لەسەر کۆمپیوتەر کار دەکات. دەزانی کە ١٥٠ دینار بۆهەر (کیلۆوات کاتژمێر) (ك و ك) لە بری بەکارهێنانی کارەبا دەدات. سازان پێویستە چەند پارە بدات ئەگەر ٤ هەفتە لەسەر کۆمپیوتەر کاربکات؟

پوختەکە	شیکارەکە
بەکارهێنانی لەکاتژمێرێکدا	٠,١
ڕۆژانە ٨ کاتژمێر	٨ × ٠,١ = ٠,٨
٥ ڕۆژ لە هەفتەدا	٥ × ٠,٨ = ٤
٤ هەفتە	٤ × ٤ = ١٦
تێچوون لە ٤ هەفتەدا	١٦ × ١٥٠ = ٢٤ ٠٠٠

کەواتە، ٢٤ ٠٠٠ دینار دەدات.

کارەبای بەکارهاتوو لەکاتژمێرێکدا (ك وات/ك)

جۆر	سەرفکردن
کۆمپیوتەر	٠,١
گڵۆپی ئاسایی	٠,١
قژ ووشك کەرەوە	١,٥
تەلەفزیۆن	٠,٢
ساردکەرەوە	٠,٦٥
گیزەر	٤,٥

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆشیکاری پرسیاری ١، ٢ بەکاربێنە.

١ خێزانی سازان ڕۆژانە ٣ کاتژمێر گیزەر بەکاردەهێنن، لە هەفتەیەدا پارەی کارەباکەی چەندە؟ وەڵامەکەت بۆ نزیکترین دینار نزیکبکەوە.

٢ گڵۆپی گازی ٠,٤ (ك و ك) لەهەر کاتژمێرێك بەکاردێنێت، تێچوونی گڵۆپێکی ئاسایی چەند زیاتر لە گڵۆپێکی گازی بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر.

وانەی ٦

سفر لە لێکداندا

Zeros in Multiplication

پێداچوونەوەی خێرا

١. ٠,٤ × ١
٢. ٠,٤ × ٢
٣. ٠,٤ × ١٠
٤. ٠,٤ × ٢٠
٥. ٠,٥ × ١٢٥

فێربە

هەندێجار لە ئەنجامی لێکداندا یان یەکێك لەکۆلکەکانی چەند سفرێك لەخۆدەگرێ.

مێروولە جۆرێك لە مێروولەی کارکەر هەیە زۆر زۆر بچووکە. بارستایی هەر مێروولەیەك لەوانە ٠,٠٠٤گرامە، ئەم مێروولەیە دەتوانێ ٥ ئەوەندی بارستایی خۆی هەڵبگرێ لە رۆیشتندا؟ بارستایی ئەوەی هەڵیدەگرێت چەند گرامە؟

٠,٠٠٤ ⟵ لەبەرئەوەی لەم کۆلکەیەدا ٣ خانەی دەیی هەیە بۆیە
٥ × پێویستی بە ٣ خانەی دەیی هەیە لە ئەنجامی لێکداندا.
٠,٠٢٠
سفرێك لە لای چەپی ئەنجامی لێکداندا بنووسە بۆ دانانی فاریزەکە.

کەواتە، مێروولەی کارکەر دەتوانێ ٠,٠٢٠ واتە ٠,٠٢گرام هەڵبگرێت.

نموونەکان

أ لێکبدە ١٨ × ٠,٠٠٣

١٨
٠,٠٠٣ ×
٠,٠٥٤

لەبەرئەوەی پێویستی بە ٣ خانەی دەیی لەئەنجامی لێکداندا هەیە سفر لەو خانەیەدا دابنێ.

ب لێکبدە ٠,٠٧ × ٠,٠٩

٠,٠٧
٠,٠٩ ×
٠,٠٠٦٣

لەبەرئەوەی پێویستی بە ٤ خانەی دەیی لە ئەنجامی لێکداندا هەیە. سفر لەهەر یەکێك لەو دوو خانەیەدا دابنێ.

ج لێکبدە ٩,٢٧ × ٠,٠٠٢

٩,٢٧
٠,٠٠٢ ×
٠,٠١٨٥٤

لەبەرئەوەی پێویستی بە ٥ خانەی دەیی لەئەنجامی لێکداندا هەیە. ٠ لەو خانەیەدا دابنێ.

د دەتوانی ئامێری بژمێر بۆ لێکدانی ژمارە دەییەکان بەکاربهێنیت.

٠,٣٤ × ٠,٠٦ بدۆزەوە.

٦ . ٠ . ٠ . ٠ . × . ٤ . ٣ . ٠ . ٠ . Enter =

٠,٠٦×٠,٣٤ =
٠,٠٢٠٤

- ئەنجامی لێکدانی بۆ نزیکترین بەش لەسەد لە نموونەی أ چەندە؟

لەبیرت نەچێ لەلای چەپی ئەنجامی لێکداندا پێویستیت بە سفری زیادە هەیە تا ژمارەی خانە دەییەکان یەکسان بێت بەژمارەی خانە دەییەکان لە کۆلکەکاندا.

ساغبکەوە

١ بڵێ، چ کاتێك سفرەکان لە ئەنجامی لێکداندا زیاددەکەیت بۆ دانانی فاریزەکە.

لێکبدە.

٢ ٠,٠٠٣ × ٨   ٣ ٠,٤ × ٠,٠٤   ٤ ٩ × ٠,٠١٨   ٥ ٠,٠٠٠٦ × ٦

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

ئەنجامی لێکدان ئەژمێربکە.

٦ ٠,٠٠٧ × ٩   ٧ ٠,٠٢ × ٢   ٨ ٠,٠١٦ × ٠,٥   ٩ ٠,٠٣ × ٠,٨

١٠ ٠,٠٠٦ × ٩   ١١ ٠,٠٨ × ٠,٠٢   ١٢ ٠,٠٠٤ × ٢٤   ١٣ ٠,١٢ × ٠,٠٩

١٤ ٥٤,٠٧ × ٠,٠٤   ١٥ ٠,٠٠٧ × ٨   ١٦ ٠,٠٣٢ × ١٧   ١٧ ٠,٠١٤ × ٠,٠٦

ئەنجامی لێکدان ئەژمێربکە. بۆ نزیکترین بەش لەسەد نزیکبکەوە.

١٨ ٠,٠٨ × ٠,٨٩   ١٩ ٠,٠٥ × ٠,٩٥   ٢٠ ٠,٠٥ × ٣,٠٩   ٢١ ٠,٠٦ × ٥,٠٥

< یان > = لە شوێنی ● دابنێ.

٢٢ ٩ × ٠,٠٠٨ ● ٨ × ٠,٠٠٩   ٢٣ ٠,٠٢٥ × ٣ ● ٠,٠٢ × ٣,٠١

٢٤ **پرسیارێك بنووسە** ئەم پێدراوانە لەخۆ بگرێت. دووری نێوان ماڵی جوامێر و دەرمانخانەیەك ٠,٧٨کم. وە ماوەی نێوان دەرمانخانەکە و شوێنی کاری باوکی ١,٠٣ کم و نێوان ماڵەکەی و قوتابخانەکەی ٠,٣٦کم.

٢٥ دایکی ڕەوەز ٢٨ کگم زەردەلوی بۆ دروستکردنی مرەبا کڕی. دایکی ڕەوەز بارستایی زەردەلوەکەی جارانی ١,٠٧ کرد، بۆئەوەی بارستایی مرەباکە دوای کوڵاندن و شەکر تێکردن بزانێ. بارستایی ئەو مرەبایەی کە بەدەستی دەهێنێ چەندی لە ٥٠ کگم کەمترە؟

٢٦ مزگەوتێك ٣,٨کم لەماڵی سەرکۆوە دوورە، ئەو ماوەیەی سەرکۆ ڕۆژانە بۆ بەجێگەیاندنی نوێژی بەیانی و نوێژی ئێوارە دەیبڕێ چەندە؟

٢٧ **بنووسە** ئەو هەنگاوانەی کە بۆ لێکدانی ٠,٠٦ × ٠,٠٥ بەکاریدەهێنی بنووسە.

٢٨ **پرسیار چییە؟** چالاك دوو پاکەت چکلێتی کڕی بارستایی یەکەمیان ٣,٠٢ کگم و ئەویتریان ٠,٩٩ کگم. وەڵام ٤,٠١ کگم.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٩ ٩ ١٢٦ ٥٤٣ – ٣ ٩٧٢ ٦٤٥

٣٠ ١٩ ٢٨٢ ٤٤٣ + ٧٢٣ ٤٥١

٣١ ٤٥٦ – ٣٠٩   ٣٢ ١٣ × ١,٢٥

٣٣ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە: ژمارە ٢,٢١٧٨ بۆخانەی ڕەنووسی شین نزیکبکەوە.

أ ٢   ب ٢,٢   ج ٢,٢٢   د ٢,٢١٨

وانەی ٧

کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان

بڕیاردان

Problem Solving Skills: Taking Decision

پێداچوونەوەی خێرا

< یان > یان = لەشوێنی ● دابنێ.

١ ٣٦,٥٢ ● ٣٦,٢٥

٢ ٤٩ ● ٥١

٣ ٧,٨١ ● ٧,٨٤

٤ ٠,٩٨ ● ٠,٨٩

٥ ٤ × ١,٥ ● ٦ × ١,٢٥

تێبگە | پلاندانان | شیکاربکە | ساغبکەوە

دیاری ڕەنگا و ڕەنگ زێڕینگەرێك ملوانکە و بازنە بە بەکارهێنانی مووروو لە شەش ڕەنگی جیاواز دروست دەکات. ئەگەر ویستت ملوانکەیەك بە دیاری بۆ خوشکت بکڕی و سێ جۆر ملوانکە لە دوکانەکەدا هەبێ هـ، ن، د. پێش ئەوەی بڕیاربدەی کام جۆریان بکڕیت پێویستە بیر لەچەند شتێك بکەیتەوە.

ژمارەی مورووەکان			
ڕەنگەکان	ملوانکە هـ	ملوانکە ن	ملوانکە د
سوور	٠	٤	٤
شین	١٢	٨	٨
سەوز	١٢	٦	٨
زەرد	١٢	١٠	١٢
پرتەقاڵی	٠	٤	١
وەنەوشەیی	١٢	٨	٨

دریژی مورووەکان	
ڕەنگ	دریژی (سم)
سوور	١,٢
شین	٠,٥
سەوز	٠,٧
زەرد	٠,٤
پرتەقاڵی	١,٣
وەنەوشەیی	٠,٦

زانیاریە هاتووەکان لە دوو خشتەکە بەکاربهێنە بۆ ئەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەیتەوە.

أ دریژی مۆرووەکان لە هەریەکە لە ملوانکەکاندا چەندە؟ کامیان دریژترە ؟

ب ئەگەر زانیت خوشکت پێکهاتەکانی ڕەنگی (سور، پرتەقاڵی، وەنەوشەیی)، کام ملوانکە هەڵدەبژێری؟

ج ئەگەر زانیت خوشکت بە ژمارە تاکەکان گەشبینە کام ملوانکە هەڵدەبژێریت؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

د دوکاندارەکە هەر سەنتیمەترێك لە ملوانکەی هـ بە ١ ١٥٠ دینار و ملوانکەی ن بە ١ ٢٠٠ دینار و ملوانکەی د بە ١ ٢٥٠ دینار دەفرۆشێت ئەگەر بتەوێت گرانترین دیاری بکڕی کام ملوانکە هەڵدەبژێری، وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

باسبکە

- چەند لایەنی تر دەتوانی ڕەچاوی بکەیت پێش بڕیاردان لە کڕینی هەر ملوانکەیەك کە هەڵیدەبژێری. باسبکە.

لەبیرت نەچێ بەراورد لەنێوان ڕاستیەکان و پێدراوەکان بکە بۆئەوەی بڕیاربدەی.

◀ ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

پێدراوەکان بەکاربهێنە بۆ شیکاری پرسیاری ١ و ٢

١ ئەگەرویستت ١٢ بەستە تەلی دڕکاوی جووتانە و ١٠ بەستەش لە تەلی لوسی جووتانە بکڕیت لەکام دوکانی أ و ب ئەوەی دەتەوێ بیکڕی درێژترە؟

خەسڵەتی تەلەکان			
جۆری تەل	دوکانی أ	دوکانی ب	دوکانی ج
دڕکاوی	درێژی دوو بەستە ٠,٧٥ کم	درێژی یەك بەستە ٠,٣٣ کم	درێژی چوار بەستە ١,٤٠ کم
لوس	درێژی یەك بەستە ٠,٤٧ کم	درێژی سێ بەستە ١,٥٠ کم	درێژی یەك بەستە ٠,٥١ کم
دڕکاوی جووتانە	درێژی سێ بەستە ١,٨٩ کم	درێژی یەك بەستە ٠,٧٥ کم	درێژی دوو بەستە ١,٣٦ کم
لوسی جووتانە	درێژی یەك بەستە ٠,٨٩ کم	درێژی دوو بەستە ١,٨٠ کم	درێژی یەك بەستە ٠٩٢ کم

٢ ئەگەر ویستت ٤ بەستە تەلی دڕکاوی و ٣ بەستە تەلی لوس لە دوکانێك بکڕی، لەکام دوکان ئەوەی دەتەوێ بیکڕی کورتترە؟

أ دوکانی أ

ب دوکانی ب

ج دوکانی ج

د درێژیەکان لەهەرسێ دوکان وەکیەکن

٣ ٢م لە بەرامبەر کڕینی ١٠م لە دوکانی ج بەخۆڕایی وەردەگری. ٤ بەستە تەلی دڕکاویت لە دوکانی ج کڕی. چەند مەتر بەخۆڕایی وەردەگری؟

أ ١٨٤ م　　ج ٥٤٤ م

ب ٢٨٠ م　　د ٦٨٠ م

جێبەجێکردنە جیاوازەکان

٤ تێکڕای ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ڕۆژانە پردی ژاراوە لە قەڵادزێ دەبڕن ٤٥٠ ئۆتۆمبیلە، فریاد ووتی ژمارەی ئەو ئۆتۆمبیلانەی کە ساڵانە بەسەر ئەو پردەدا دەڕۆن ١٦٤ ٢٥٠ ئۆتۆمبیلە. بەڵام فەرمان ووتی ٤٢ ٧٥٠ ئۆتۆمبیلە کامیان وەڵامەکەیان شیاوە؟ ئەمە لێکبدەوە.

٥ **پرسیارێك بنووسە** پێویستیت بە بڕیاردانە پێدراوە هاتووەکانی ناو خشتەکەی سەرەوە بەکاربهێنە.

٦ وێنەی فودانەکان «میزڵدان» بەکاربهێنە. فودانەکانی هیوا و هێدی بەتەنیشت یەکەوەن فودانەی هاوار لەفودانەی هێدی گەورەترە. کێ فودانەی خەتداری هەیە؟

بەشی ٥

پێداچوونەوە
Review

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

یەکسانە equal
دەیەک tenth
بەشێك لەسەد hundredth
بەشێك لەهەزار thousandth
خەملاندن estimate
چەندجارە multiply
کۆلکە factor

١ ٠,١ ___؟___ دەنوێنێ.

٢ ٠,٠١ ___؟___ دەنوێنێ.

٣ دەتوانی ___؟___ بەکاربهێنی بۆ دیاریکردنی تاچەند وەڵامەکە شیاوە.

٤ ___؟___ بریتییە لە ئەنجامی لێکدانی ژمارەیەکی دراو لە ژمارەیەکی سروشتی.

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

هەر ژمارەیەك لە ١٠، لە ١٠٠، لە ١ ٠٠٠ بدە.

٥ ٠,٣   ٦ ٠,٦٤   ٧ ٠,٠٠٢   ٨ ٠,٠٢٢٥

هەر پرسیارێك کۆپی بکە. فاریزەی دەیی لەهەریەك لە ئەنجامی لێکداندا دابنێ.

٩ ٠,٥ × ٠,٥ = ٢٥   ١٠ ١,٦ × ٣,٣٤ = ٥ ٣٤٤   ١١ ٠,١٥٢ × ٠,٧٨ = ١١ ٨٥٦

لێکبدە.

١٢ ٦ × ١ ٢٣٩   ١٣ ١ ٢٦٥ × ٨٨   ١٤ ٨٦ ٦٨٥ × ٧

لێکبدە. بخەمڵێنە بۆ ساغکردنەوە.

١٥ ٦,٥٠ × ٠,٨   ١٦ ٢,٨٥ × ٢٢   ١٧ ٤,١٥ × ٠,٦   ١٨ ٩,٨ × ٢,٣

١٩ ٠,٩٦ × ٥   ٢٠ ٧,٦٢ × ٠,٠٨   ٢١ ٠,٩ × ٠,٠٩   ٢٢ ٣,٩٦ × ٢٨

دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

٢٣ ئاکۆ دەڵێ ئەنجامی لێکدانی ٨٢ ٦٥٤٧ لە ٢٦٩ دەکاتە ٢٢٢ ٣٤١ ١٤٣ ئایا ئەم وەڵامە شیاوە؟ لێکبدەوە.

٢٤ لازۆ دەڵێ ئەنجامی لێکدانی ٦ ٧٠٤ لە ٤٣ دەکاتە ٤٦ ٩٢٨. ئایا وەڵامەکە شیاوە؟ لێکبدەوە.

٢٥ ئەنجامی لێکدانی ٦٠ لە ٩٠٠ سێ سفری تێدایە. لەئەنجامی لێکدانی ٦٠ لە ٩ ٠٠٠ ٠٠٠ چەند سفری تێدایە؟

٢٦ ڕاز ماوەی ٢٤,٦٥کم لە ڕۆژێکدا دەبڕێ لە ١٢ ڕۆژدا چەند کیلۆمەتر دەبڕێت؟

بەشی ٥

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
Standardized Test Prep

ئاگاداربە! CAUTION!

بەدوای ووشە گرنگەکاندا بگەڕێ
لە پرسیاری ١ خەملاندن ووشەیەکی گرنگە. نزیککردنەوەی کۆلکەکان بۆ خەملاندن دەگەیەنێت جگەلە وەلامێکی تەواو.

وەلامی ڕاست بۆ شیکاری پرسیاری ١ تا ٨ هەڵبژێرە.

١ کام خەملاندن بۆ ٦٢٥ × ٢٩ شیاوترە؟

أ ١٨٠٠٠ ج ١٨٠٠

ب ١٨٥٠ د ١٢٠٠

٢ کام سیفەت بەکارهاتووە لە ١,٢٥ × ٠ = ٠

أ سیفەتی پێکەوەبەستن

ب سیفەتی سفر

ج سیفەتی ئاڵوگۆڕ

د سیفەتی بەشینەوە

٣ نووسین بە پیتی بۆ ژمارە ١,٢٩ کامەیە؟

أ سەد و بیست و نۆ

ب سەد و بیست و نۆ دەییەك

ج یەك و بیست و نۆ دەییەك

د یەك و بیست و نۆ بەش لەسەد

٤ ساکار ١٦ پاکەت موورووی کڕی هەر پاکەتێك ٢٥ موورووی تێدابوو ساکار چەند مووروی کڕیوە؟

أ ٤٠ ج ١٧٥

ب ١٥٠ د ٤٠٠

٥ محمد بە خێرایی ٩کم/ك دەڕوات. ماوەی پێشبڕکێکەی بە ٢,٩١ك بڕی، نزیککراوەی ماوەکەی کە بڕیویەتی بۆ نزیکترین دەیی چەندە؟

أ ٢,٦ کم ج ٢٦,٢ کم

ب ٢٦ کم د ٢٦١,٩ کم

٦ لە ئەنجامی لێکدانی ٠,٠٠٣ × ٠,٠٦ ژمارەی خانە دەییەکان کامایە؟ .

أ ٢ ب ٤ ج ٥ د تیایدا نیە

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٧ تا ٨ بەکاربهێنە.

خێرایی مێرووەکان	
مێروو	خێرایی (م/چ)
هەنگ	٣,١٥
زەردەواڵە	٥,٨٨
شاهەنگ	٧,٨٣
مێش	٣,٩٦

٧ کام ڕیز کردن لە بچووکەوە بۆ گەورەیە.

أ ٣,١٥؛ ٣,٩٦؛ ٥,٨٨؛ ٧,٨٣

ب ٣,١٥؛ ٣,٩٦؛ ٧,٨٣؛ ٥,٨٨

ج ٧,٨٣؛ ٣,٩٦؛ ٥,٨٨؛ ٣,١٥

د ٧,٨٣؛ ٥,٨٨؛ ٣,٩٦؛ ٣,١٥

٨ زەردەواڵەیەك لە ٦ چرکەدا چەند مەتر دەبڕێ؟

أ ٤٦,٩٨ م ج ٢٣,٧٦ م

ب ٣٥,٢٨ م د ١٨,٩ م

ئەوەی دەیزانی بینووسە
Write What You Know

٩ هەنگێك و مێشێك لە خاڵێکەوە بۆ ماوەی ٢١ چرکە بەرەو ئاراستەیەك فڕین، یەکێکیان بە چەند پێش ئەوەی تریان دەکەوێت؟ ڕوونیبکەوە.

١٠ ڕوونبکەوە. چۆن ژمارەیەکی سروشتی لە ١٠ ٠٠٠ دەدەی، و ژمارەیەکی دەیی لە ١٠ ٠٠٠؟ بۆهەر یەکیان نموونەیەك بهێنەوە.

بەشی ٦

دابەشکردنی ژمارە سروشتییەکان

Divide the Natural Numbers

لەسەرەتایی مێژووە موورو بەکارهاتووە لە گۆڕینەوە و نەخش و جوانکاری.

پرسیارێك بۆ شیکار

خشتەکە ژمارەی مورووەکان لە پێوانەی جیاوازدا نیشان دەدات بۆ دروستکردنی بازنێك لە ٧ پارچەی یەکسان لە درێژیدا. بۆ هەر پێوانەیەك لە موروو، ژمارەی مورووەکان لەهەر پارچەیەك وە درێژی هەر پارچەیەك دیاریبکە.

ژمارەی مورووەکان لە بازنێکی ٧ پارچەییدا

پێوانەی مورووەکان	ژمارەی مورووەکان
٢ ملم	٩١
٣ ملم	٥٦
٤ ملم	٤٢
٦ ملم	٢٨
٨ ملم	٢١

زانیارییەکانت ساغبکەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەکار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیاریانەی کەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

بەشکراو dividend
بەشدراو divisor
کۆڵکە factor
ئەنجامی دابەشکردن «بەرکەوت» quotient
ماوە remainder
پێچەوانە inverse
بەها ئەژمێربکە calculate value

زاراوەکان

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ ئەو ژمارەی کەدابەشکراو بەسەریا دابەشدەکرێ پێی دەووترێت ___؟___ .

٢ کاتێك ___؟___ کە بڕی گۆڕاوەکە بە ژمارەیەك بگۆڕێتەوە و پاشان کردارەکە جێبەجێبکە.

٣ ___؟___ ئەو ژمارەیە کە لە کرداری دابەشکردندا دابەشیدەکەین.

٤ لەپرسیارەکەی لای چەپدا ___؟___ بریتییە لە ٧ و ___؟___ بریتییە لە ٣.



دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی

دابەشبکە.

٥ ٣⟌٨٥ ٦ ٧⟌٩٣ ٧ ٢⟌٦١ ٨ ٦⟌٩٢ ٩ ٦⟌٢٩

١٠ ٧⟌٨٤ ١١ ٢⟌٥٨ ١٢ ٦⟌٤٤ ١٣ ٨⟌٩٧ ١٤ ٥⟌٥٢

١٥ ٣١٢ ÷ ٢ ١٦ ٤٥ ÷ ٥ ١٧ ٢٦٤ ÷ ٨ ١٨ ٨٩٧ ÷ ٧ ١٩ ٩٦٨٤ ÷ ٤

دابەشکردن بەسەر ١٠ دا

دابەشبکە.

٢٠ ٦٧٠ ÷ ١٠ ٢١ ٤٠٠ ÷ ١٠ ٢٢ ٦٧٠٠ ÷ ١٠ ٢٣ ٧٠٠ ÷ ١٠

٢٤ ١٠⟌٦٠ ٢٥ ١٠⟌٦٠٠ ٢٦ ١٠⟌٨٥٠ ٢٧ ١٠⟌٨٥٥٠

دڵنیابوون لە دابەشکردنەکە

دڵنیابوون لە دابەشکردن بە بەکارهێنانی لێکدان

٢٨ ٢⟌٤٦ = ٢٣
٢٩ ٨⟌٩٣ = ١١ م٥
٣٠ ٧⟌٨٧٤ = ١٢٤ م٦
٣١ ٦⟌٣٧٢ = ٦٢

٣٢ ٧⟌٩١ = ١٣
٣٣ ٨⟌٢٥٥ = ٣١ م٧
٣٤ ٤⟌٧٥٤ = ١٨٨ م٢
٣٥ ٥⟌٨٥ = ١٧

وانەی ١

دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی یەك ڕەنووسی

Divide dy 1-digit number

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٧٠ × ٤
٢) ٤٠٠ × ٢ ٣) ٩٠ × ٨
٤) ٩٠ × ٦ ٥) ٣٠٠ × ٣

گەشتیارە ئاسمانیەکان لە ماوەی ساڵەکانی ١٩٦٩ تا ١٩٧٢ دا ٣٨٢کگم بەرد و گڵیان لەسەر ڕووی مانگ هێنایەوە.

فێربە

لەسەر مانگ هێزی ڕاکێشانی مانگ بە ٦ جار لە هێزی ڕاکێشانی زەوی کەمترە. تەنێك لەسەر مانگ $\frac{1}{6}$ ی کێشکەیەتی لەسەر زەوی، ئەگەر بەردێك کێشەکەی لەسەر زەوی ١٠٢ نیوتن بێت. ئایا کێشەکەی لەسەر مانگ چەندە؟

ڕێگای یەکەم بۆ دیارکردنی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردندا خەمڵاندن بەکاربێنە. دابەشبکە ١٠٢÷٦

هەنگاوی ١

بخەمڵێنە

بیربکەوە

٦⟌٦٠ = ١٠ یان ٦⟌١٢٠ = ٢٠

٦⟌١٠٢ کەواتە، ڕەنووسی یەکەم لەخانەی دەیان دابنێ.

هەنگاوی ٢

١٠ دەیی دابەشبکە

٦⟌١٠٢: ١، − ٦، ٤ — دابەشبکە ٦⟌١٠ = ١

لێکبدە ١ × ٦

لێدەربکە ١٠ − ٦

بەراوردبکە ٤ < ٦

هەنگاوی ٣

٢ یەکان دابگرە

٦⟌١٠٢: ١٧، − ٦↓، ٤٢، − ٤٢، ٠ — دابەشبکە ٦⟌٤٢

لێکبدە ٧ × ٦

لێدەربکە ٤٢ − ٤٢

بەراوردبکە ٠ < ٦

کەواتە کێشی بەردەکە لەسەر ڕووی مانگ دەکاتە ١٧ نیوتن

ڕێگای دووەم بەهای خانەیی بۆ دانانی ڕەنووسی یەکەم بەکاربهێنە. دابەشبکە ٨٩٣ ÷ ٩

هەنگاوی ١

بڕوانە سەدان

٩⟌٨٩٣ ٨ < ٩، کەواتە بڕوانە دەیان.

٩⟌٨٩٣ ٨٩ > ٩

٨٩ دەیی بەکاربهێنە ڕەنووسی یەکەم لە خانەی دەیان دابنێ

هەنگاوی ٢

٨٩ دەیی دابەشبکە

٩⟌٨٩٣: ٩، − ٨١، ٨

دابەشبکە

لێکبدە

لێدەربکە

بەراوردبکە

هەنگاوی ٣

٣ یەکان دابگرە

٨٣ یەکی دابەشبکە

٩⟌٨٩٣: ٩٩، − ٨١↓، ٨٣، − ٨١، ٢

دابەشبکە

لێکبدە

لێدەربکە

بەراوردبکە

وەڵام ٩٩، ماوە ٢

ساغبکەوە√

ئەنجامی دابەشکردن لە بەشدراو بدە پاشان ماوەکەی بۆ زیادبکە.

$$99 \times 9 = 891$$
$$891 + 2 = 893$$

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەرەوە چۆن دەتوانی بەبێ ئەنجامدانی کرداری دابەشکردن، دیاریبکەیت کە ئەنجامی دابەشکردن لە ٥٣٩ ÷ ٦ لەدوو یان سێ ڕەنووس پێکدێت.

خانەی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردنەکەدا دیاریبکە.

٢ ٩⟌١١٧ **٣** ٥⟌٢١٣ **٤** ٤⟌٤٧٢ **٥** ٦⟌٩١٧ **٦** ٩⟌٥٢٦

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

خانەی ڕەنووسی یەکەم لەئەنجامی دابەشکردنەکەدا دیاریبکە.

٧ ٨⟌٥٠٤ **٨** ٢⟌٧٢٤ **٩** ٤⟌١٨٣ **١٠** ٧⟌٨٥٧ **١١** ٦⟌١٧٦

دابەشبکە.

١٢ ٢⟌٤٠٨ **١٣** ٧⟌٤٨٩ **١٤** ٥⟌٥١٦ **١٥** ٤⟌٨٤٤ **١٦** ٨⟌٢٤٦

١٧ ٨⟌١١٣ **١٨** ٩⟌٩١٢ **١٩** ٣⟌٦٠٧ **٢٠** ٢⟌٥٢٦ **٢١** ٤⟌٢٢٣

٢٢ ٨ ÷ ٣٤٨ **٢٣** ٥ ÷ ٩٠٥ **٢٤** ٦ ÷ ١٢٤ **٢٥** ٥ ÷ ٤١٤ **٢٦** ٤ ÷ ٨٠٧

جەبر **بەهای ن بدۆزەوە.**

٢٧ ن = ٣ ÷ ٣٥٧ **٢٨** ن ÷ ٥ = ٣٥ م٤ **٢٩** ن ÷ ٧ = ٤٧ م٣ **٣٠** ٢٦٩ ÷ ن = ١٣٤ م١

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٣١ و ٣٢ بەکاربێنە.

٣١ تیمی گەشتێکی ئاسمانی کە پێکهاتووە لە ٧ گەشتیار، چەند ژەمێکی خواردن لەهەر جۆرێك بۆ هەر گەشتیارێك ئامادەکراوە؟ خشتەکە کۆپی بکە و تەواوی بکە.

٣٢ بارستایی خواردەمەنی ڕێگا پێدراو بۆهەر گەشتیارێکی تیمەکە دەگاتە ٣,٨ کیلۆ لە ڕۆژێکدا. جیاوازی نێوان بارستایی تیمێکی ٧ کەسی لە ٦ ڕۆژ و ٦ کەسی لە ٧ ڕۆژدا چەندە؟

ژەمە ئاسمانییەکان

جۆر	ژمارەی ژەمەکان	ژمارەی ژەمەکان بۆهەر یەکێك
شلەمەنی خەست کە ئاوی تێبکرێت.	٢٠٣	
خواردەمەنی نەکولاو	١٧٥	
خواردەمەنی خەست کە ئاوی تێبکرێت	٢٣٨	

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٣٣ ٦,٨ + ٠,٨

٣٤ ٣,٤٧ – ٦,١٦

٣٥ ژمارەیەك بۆ شێوازەکە زیادبکە:
٢٤، ٣٦، ٤٨، ٦٠، .... شێوازەکە باسبکە.

٣٦ ٤ × ن ئەژمێربکە کە ن = ١٦,٥

٣٧ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە بخەملێنە، بەبێ ئەنجامدانی لێکدان، کام ئەنجامی لێکدان بچووکترینە.

أ ١٠ × ٠,٩ ج ٠,١ × ٠,٩

ب ١ × ٠,٩ د ٠,٠١ × ٠,٩

وانەی ٢

دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی

Divide by 2 - Digit numbers

پێداچوونەوەی خێرا

1. ١٠ × ٤٣
2. ٩ × ٢٥
3. ٣٠ × ٢٠
4. ١٢ × ٥٠
5. ٨٠ × ٥٠

فێربە

کاتژمێر و نیویك لە کاتژمێریێکدا کارگەیەکی دروستکردنی کاتژمێر لە وولاتی چین ٧٥٥ کاتژمێری لەماوەی ٢٣ ڕۆژدا دروستکرد، ناوەندی بەرهەم هێنان بۆ کاتژمێر لە ڕۆژێکدا چەندە؟

نموونە

دابەشبکە ٧٥٥ ÷ ٢٣   ٢٣⟌٧٥٥

هەنگاوی ١

بخەملێنە، بۆدانانی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردندا، **بیربکەوە**

٢٥⟌٧٥٠ = ٣٠ یان ٢٠⟌٨٠٠ = ٤٠

کەواتە، ڕەنووسی یەکەم لە خانەی دەیان دابنێ.   ٢٣⟌٧٥٥

هەنگاوی ٢

٧٥ دەیی دابەشبکە

دابەشبکە ٢٣⟌٧٥ → ٣

لێکبدە ٢٣ × ٣

لێدەربکە ٧٥ – ٦٩

بەراوردبکە ٦ < ٢٣

(٢٣⟌٧٥٥: ٣، – ٦٩، ٦)

هەنگاوی ٣

٥ یەکان دابگرە، ٦٥ یەکان دابەشبکە

دابەشبکە ٢٣⟌٦٥

لێکبدە ٢٣ × ٣

لێدەربکە ٦٥ – ٤٦

بەراوردبکە ١٩ < ٢٣

(٢٣⟌٧٥٥: ٣٢، – ٦٩↓، ٦٥، – ٤٦، ١٩)

کەواتە، ناوەندە بەرهەم هێنانی کاتژمێرەکان لەنێوان ٣٢، ٣٣ کاتژمێرە لە ڕۆژێکدا.

- **ڕوونبکە** چۆن لێکدان بەکاردێنی بۆساغکردنەوەی ٧٥٥ ÷ ٢٣ = ٣٢ ماوە ١٩

لەبیرت نەچێ بۆ دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی. یەکەمجار بخەملێنە بۆ دانانی ڕەنووسی یەکەم. پاشان هەنگاوەکانی دابەشکردن پەیڕەو بکە. دابەشبکە لێکبدە، لێدەربکە، بەراوردبکە. هەنگاوەکان دووبارە بکەوە تا ماوەکە دەبێتە سفر یان کەمتر لە بەشدراو.

نموونەی زیاتر

أ

دابەشبکە

```
      ٩٥
١٦ ⟌ ١ ٥٣٥
    ١ ٤٤  −
    ------
      ٩٥
      ٨٠ −
    ------
      ١٥
```

ساغبکەوە √

```
     ٩٥
     ١٦ ×
   -----
    ٥٧٠
    ٩٥٠
   -----
  ١ ٥٢٠
     ١٥ +
   -----
√ ١ ٥٣٥
```

ب

دابەشبکە

```
      ١ ٣٠٣
٢٤ ⟌ ٣١ ٢٩٤
     ٢٤     −
     ------
      ٧٢
      ٧٢    −
     ------
       ٠٩
        ٠   −
     ------
        ٩٤
        ٧٢  −
     ------
        ٢٢
```

ساغبکەوە√

```
   ١ ٣٠٣
      ٢٤ ×
  -------
   ٥ ٢١٢
  ٢٦ ٠٦٠ +
  -------
  ٣١ ٢٧٢
      ٢٢ +
  -------
√ ٣١ ٢٩٤
```

- لە نموونەی ب، لە ئەنجامی دابەشکردنەکە سفرەکە چی دەگەینێ

شێوازەکان لە دابەشکردندا

ج

٨ ÷ ٢ = ٤ ⟵ ڕاستی بنەڕەتی

٨٠ ÷ ٢٠ = ٤

٨٠٠ ÷ ٢٠ = ٤٠

٨ ٠٠٠ ÷ ٢٠ = ٤٠٠

٨٠ ٠٠٠ ÷ ٢٠ = ٤ ٠٠٠

د

١٢ ÷ ٦ = ٢ ⟵ ڕاستی بنەڕەتی

١٢٠ ÷ ٦٠ = ٢

١ ٢٠٠ ÷ ٦٠ = ٢٠

١٢ ٠٠٠ ÷ ٦٠ = ٢٠٠

١٢٠ ٠٠٠ ÷ ٦٠ = ٢ ٠٠٠

هـ

٣٠ ÷ ٦ = ٥ ⟵ ڕاستی بنەڕەتی

٣٠٠ ÷ ٦٠ = ٥

٣ ٠٠٠ ÷ ٦٠ = ٥٠

٣٠ ٠٠٠ ÷ ٦٠ = ٥٠٠

٣٠٠ ٠٠٠ ÷ ٦٠ = ٥ ٠٠٠

لەبیرت نەچێ ڕاستیە بنەڕەتیەکان و شێوازەکان بۆ دابەشکردن بەسەر چەندجارەکانی ١٠ بەکاربهێنە.

ساغبکەوە

١ ڕوونبکەوە بۆچی خەملاندن بۆ دابەشکردن بەکاردەهێنی؟

خانەی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردندا دیاریبکە.

٢ ٣٦⟌٢٠٩   ٣ ١٤⟌١ ٦٢٤   ٤ ٥٣⟌٢ ٣٦٩   ٥ ٤٧⟌٧ ٣٩٥

٦ ٨٩⟌٨ ٩٦٩   ٧ ٤٣⟌٢٠٥   ٨ ٣٨⟌٧ ٢٦٨   ٩ ٢٣⟌٢٤ ٦١٣

دابەشبکە بە لێکدان ساغیبکەوە.

١٠ ٨٣١ ÷ ٣٨   ١١ ٢ ٨١٦ ÷ ٥٦   ١٢ ٣ ٩٧٤ ÷ ٢٣   ١٣ ٦٩٤ ÷ ٨١

١٤ ٤٢⟌٣٦٥   ١٥ ٣٨⟌٤ ٠٣١   ١٦ ٧٤⟌٣ ٥٦٨   ١٧ ٥٤⟌٣٤ ٠٧٨

ئەژمێرکردنی هزری بۆ تەواوکردن بەکاربهێنە. ئەو ڕاستییە بنەڕەتیانەی بەکاریدەهێنیت بینووسە.

١٨
٣٢٠ ÷ ٤٠ = ٨
٣ ٢٠٠ ÷ ٤٠ = ٨٠
٣٢ ٠٠٠ ÷ ٤٠ = ▢

١٩
٤٢٠ ÷ ٦٠ = ٧
٤ ٢٠٠ ÷ ٦٠ = ٧٠
٤٢ ٠٠٠ ÷ ٦٠ = ▢

٢٠
٤٠٠ ÷ ٥٠ = ▢
٤ ٠٠٠ ÷ ٥٠ = ٨٠
٤٠ ٠٠٠ ÷ ٥٠ = ٨٠٠

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

خانەی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردنەکەدا دیاریبکە.

٢١ ٤٧⟌٣١٠   **٢٢** ٢٥⟌٣ ٢٠٥   **٢٣** ٦٣⟌١ ٨٢٤   **٢٤** ٧١⟌٩ ٥٤٦

٢٥ ٤٢⟌٤٢ ٧٨٥   **٢٦** ٦٨⟌٥٤ ٣٣٠   **٢٧** ٢١⟌٤٥٨   **٢٨** ٣٤⟌٣ ٨٩٤

دابەشبکە: بە کرداری لێکدان ساغیبکەوە.

٢٩ ٩٤٢ ÷ ٤٩   **٣٠** ٥ ٦٩٠ ÷ ٧٨   **٣١** ٤٥٨ ÷ ٤٥   **٣٢** ١٠ ٦٧٥ ÷ ١١

٣٣ ٤ ٣٦٩ ÷ ٧٤   **٣٤** ١٢ ٣٦٢ ÷ ٣٥   **٣٥** ٨ ١٤٩ ÷ ٤١   **٣٦** ٣٠ ٣٦٢ ÷ ٦٢

ئەژمێرکردنی هزری بۆ تەواوکردن بەکاربهێنە. ئەو ڕاستیە بنەڕەتیەی بەکاریدەهێنیت بنووسە.

٣٧	٣٨	٣٩
٩٠ ÷ ٣٠ = ▢	١٠٠ ÷ ٥٠ = ٢	٤٥٠ ÷ ٩٠ = ٥
٩٠٠ ÷ ٣٠ = ٣٠	١ ٠٠٠ ÷ ٥٠ = ٢٠	٤ ٥٠٠ ÷ ٩٠ = ▢
٩ ٠٠٠ ÷ ٣٠ = ٣٠٠	١٠ ٠٠٠ ÷ ٥٠ = ▢	٤٥ ٠٠٠ ÷ ٩٠ = ▢

هەر کردارێکی ساغکردنەوە بە پرسیاری دابەشکردنی گونجاو ببەستەوە.

٤٠ ساغبکەوە (٦٦ × ١٤) + ٦٠ = ٩٨٤   أ ٧ ٩٨٢ ÷ ٦٩ = ١١٥ ماوە ٤٧

٤١ ساغبکەوە (٨٢ × ١١٨) + ٧١ = ٩ ٧٤٧   ب ٩٨٤ ÷ ٦٦ = ١٤ ماوە ٦٠

٤٢ ساغبکەوە (٩١ × ٢١٢) + ٩ = ١٩ ٣٠١   ج ٩ ٧٤٧ ÷ ٨٢ = ١١٨ ماوە ٧١

٤٣ ساغبکەوە (٦٩ × ١١٥) + ٤٧ = ٧ ٩٨٢   د ١٩ ٣٠١ ÷ ٩١ = ٢١٢ ماوە ٩

جەبر ژمارەی نادیار بدۆزەوە.

٤٤ ١ ٢٨٨ ÷ ٢٣ = ▢٥   **٤٥** ٣ ٥٨٠ ÷ (▢ × ١٠) = ٨٩ ب ٢٠

ڕاستیە بنەڕەتیەکان و شێوازەکان بۆ دۆزینەوەی بەهای ن بەکاربهێنە.

٤٦ ٩٠ ÷ ٣ = ن   **٤٧** ١٦٠ ÷ ٤٠ = ن   **٤٨** ٣٦ ٠٠٠ ÷ ٩٠ = ن   **٤٩** ن ÷ ٨٠ = ٣٠

٥٠ **هەڵە لە کوێدایە؟** هەڵە لەو کاغەزەی لە وێنەکەدایە، ئایا لە شیکارەکەدایە یان لە ساغکردنەوە؟ لێکیبدەوە هەڵەکەش ڕاست بکەوە.



٥١ **هەڵە لەکوێدایە؟** جوتیار وتی ئەنجامی ٢٠٠ ٠٠٠ ÷ ٤٠ چوار سفری تێدایە، هەڵەی جوتیار دەربخە و وەڵامی ڕاست بنووسە.

٥٢ **مانای ژمارە** دوو ژمارە ئەنجامی دابەشکردنەکەیان ٧، و سەرجەمیان ٦٤. ئەو دوو ژمارەیە کامانەن؟

٥٣ **ڕێنوێنی** گەورەترین ماوە لەکاتی دابەشکردنی ژمارەیەك بەسەر ٤٥ دا کامەیە؟ ئەمە ڕوونبکەوە.

٥٤ نرخی بلیتی شانۆ ٩ هەزار دینار بۆ مامۆستایەك و ٦ هەزار دیناریش بۆ قوتابیەك. بەرپرسی قوتابخانە ١١ بلیتی بۆ مامۆستایان کڕی و بڕی ١٥٣ هەزار دیناری دا، ئایا لەو پارەیە چەند بلیتی بۆ قوتابیان کڕیوە؟

٥٥ ٢ کچ و ٤ کوڕ زەوییەکیان بۆ بەجێما کە ڕووبەرەکەی ١ ٦٢٥ مەتر چوارگۆشە بوو. بەشی هەر کچ و هەر کوڕێك چەندە؟ بۆ زانین میراتەکە بەپێی یاسای ئاینی ئیسلام دابەشدەکرێت.

٥٦ لەمانگی ڕەمەزاندا کوێخا ١ ٠٩٠ کیلۆگرام گەنمی بەسەر نەداراندا دابەشکرد. دوو لەوان هەریەکەیان ٥٠ کیلۆگرام دانێ. ماوەکەی بەسەر ١١ نەداری تردا دابەشکرد هەریەکەیان چەندی بەرکەوتووە؟

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٥٧ تا ٥٩ بەکاربهێنە.

ئەنجامەکانی یانەی تۆپی باسکە		
تیپ	ژمارەی یاری	ژمارەی خاڵ
سیروان	١٢	٨١٦
ئاسۆ	١١	٧٢٠
سەنحاریب	٩	٦٢٥
ئاراس	٨	٤١٥

٥٧ ناوەندە ژمارەی خاڵەکان کە تیپی سیروان لەهەموو یاریەکاندا تۆماری کردووە بخەملێنە؟

٥٨ **پرسیای چییە؟** تیپی ئاراس ٢١٠ خاڵ کەمتری تۆمارکردووە.

٥٩ **ڕێنوێنی** کام لەم دوو تیپە، ئاسۆ یان سەنحاریب ناوەندی ژمارەی خاڵەکانی لە یاریەکدا گەورەترە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

سیفەتی لێکدانی بەکارهاتوو لە پرسیارەکانی ٦٠ تا ٦٣ دیاریکە.

٦٠ $٢ \times (٣ \times ٥) = (٢ \times ٣) \times ٥$

٦١ $٢ \times ٧ = ٧ \times ٢$

٦٢ $٨ \times ١ = ٨$

٦٣ $٢ \times ٠ = ٠$

٦٤ لە ئەنجامی ئەم دابەشکردنە چەند سفر هەیە؟ $٧٢٠٠٠ \div ٩٠$

أ سفر نیە
ب ٢ سفر
ج ٣ سفر
د ٤ سفر

شیکاری پرسیارەکان

گۆشەی ڕوونا کبیران

نزیککردنەوە

کەرەستەکان: کاغەز، قەلەم، دوو خشتەکی ڕەنووسکراو لە ٠ بۆ ٥ ، وە سێ خشتەکی ڕەنووسکراو لە ٤ بۆ ٩.

بۆئەوەی یاری بکەین !

- یاریزانێك خشتەکان هەڵدەدا وئەو ڕەنووسانەی دەستی دەکەوێ بەکاریان دێنێ بۆ نوسینی پرسیارێکی دابەشکردنی ژمارەیەکی سێ ڕەنووسی بەسەر ژمارەیەکی دوو ڕەنووسی.
- یاریزانی دووەم لەئەنجامی دابەشکردنەکە و ماوەکە خۆی دڵنیا دەکا. ئەگەر وەڵامەکە ڕاستبوو ئەوا ماوەکە تۆماردەکا، وەئەگەر هەڵەبوو ئەوا تۆماری ناکا.
- دوو یاریزانەکە یاریەکە تەواودەکەن و ڕۆڵەکانیان دەگۆڕنەوە و پرسیارەکانی دابەشکردن و تۆمارکردنی ماوە ڕاستەکە دەنووسنەوە. ئەو یاریزانەی زۆرترین ژمارەی وەڵامی ڕاستە سەرکەوتووە.



وانەی ٣

سفر لە دابەشکردندا

Zeros in Division

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦٠ ÷ ٣

٢ ٨٠ ÷ ٢

٣ ٨٠ ÷ ٤

٤ ١٠٠ ÷ ١٠

٥ ٩٠ ÷ ٩

فێربە

چالاك ٤ دوکانی هەیە، ٤٣٢ کاتژمێری دیواری کڕی و بە یەکسانی بەسەر دوکانەکانیدا دابەشکرد ئایا چەند کاتژمێری لەهەر دوکانێکدا داناوە؟

نموونە

دابەشبکە ٤٣٢ ÷ ٤ ‏ ‏ ٤٣٢ ÷ ٤

بخەملێنە ٤٤٠ ÷ ٤ = ١١٠

هەنگاوی ١

٤ سەدان دابەشبکە

بیربکەوە: دەتوانرێ ٤ سەدان دابەش ٤ بکرێت کەواتە ڕەنووسی یەکە لە خانەی سەدان لە ئەنجامی دابەشکردن دابنێ.

```
   ١
٤⟌٤٣٢
 - ٤
   ٠
```

هەنگاوی ٢

دەیان دابگرە. ٣ دەیان دابەشبکە

بیربکەوە: لەبەرئەوەی ٤ > ٣

• لەئەنجامی دابەشکردن دابنێ.

```
   ١٠        دابەشبکە
٤⟌٤٣٢        لێکبدە
 - ٤↓
   ٠٣        لێدەربکە
 -  ٠
    ٣        بەراوردبکە ٣ < ٤
```

هەنگاوی ٣

یەکان دابگرە. ٣٢ یەکان دابەشبکە

بیربکەوە: ٤ × ن = ٣٢

```
   ١٠٨       دابەشبکە
٤⟌٤٣٢        لێکبدە
 - ٤↓
   ٠٣        لێدەربکە
 -  ٠        بەراوردبکە ٠ < ٤
   ٣٢
 - ٣٢
    ٠
```

لەبەرئەوەی ١٠٨ نزیکە لەخەملاندنی ١١٠، وەڵامەکە شیاوە، کەواتە ١٠٨ کاتژمێری دیواری لە هەردوکانێکدا داناوە.

• ئەگەر نووسینی سفرت لە ئەنجامی دابەشکردنەکە لەبیربچێ وەڵامەکە چۆن دەبێ؟

لەبیرت نەچێ سفر لە ئەنجامی دابەشکردندا دابنێ ئەگەر بەشدراو گەورەتر بێت لە ڕەنووسی بەشکراو لەم هەنگاوەدا.

ساغبکەوە

١ ڕوونیبکەوە کەی بڕیار دەدەی سفر لە ئەنجامی دابەشکردندا دابنێی؟ نموونە بۆ ئەمە بهێنەوە.

دابەشبكە. بخەمڵێنە بۆ ساغكردنەوە

٢ ٥⟌٢٥٠   **٣** ٧⟌٧٣   **٤** ٤٠⟌٨ ٠١٠   **٥** ٣٧⟌٤ ٨٠١

◄ ڕاهێنان و شیكاری پرسیارەكان

دابەشبكە. بخەمڵێنە بۆ ساغكردنەوە.

٦ ٦⟌٦٢٤   **٧** ٥⟌٥٢٥   **٨** ٨⟌٢٥٥   **٩** ٣⟌٣٠٩

١٠ ١٧⟌٦٩٥   **١١** ٦٢⟌٦٣٥   **١٢** ٤٠⟌٨ ١٦٠   **١٣** ١٢⟌٩٠٨

١٤ ٤٣⟌٧٥٩   **١٥** ٧٣⟌٥ ٨٤١   **١٦** ٣٧⟌٣ ٣٦٣   **١٧** ٨٢⟌٨ ٩٢٧

١٨ ٦١ ÷ ٢   **١٩** ٥٢٨ ÷ ٩   **٢٠** ٧٤٤ ÷ ٨   **٢١** ٦٠٦ ÷ ٣

٢٢ ١ ٢٢٠ ÷ ٤٠   **٢٣** ٥ ٠٤٦ ÷ ٥٠   **٢٤** ٨ ٢٤١ ÷ ٨١   **٢٥** ٦ ٣١٥ ÷ ٦٣

جەبر بەهای ن ئەژمێربكە.

٢٦ ٣٠٥ ÷ ٥ = ن   **٢٧** ن ÷ ٨ = ١١٠ م٧   **٢٨** ن ÷ ٧ = ١٠١ م٣   **٢٩** ٢٠٩ ÷ ن = ١٠٤ م١

جەبر هەموو خشتەكە تەواوبكە، و ڕیسای دابەشكردنەكە بنووسە.

٣٠

ناوەوە، ن	٤٩	١٠٧	٢٣٩	٥٦٤
دەرەوە	٧	١٥ماوە ٢		

٣١

ناوەوە، ن	٨٣		٤٠٤	٤١٢
دەرەوە	٢٠ماوە٣	٢٤ ماوە٣	١٠١	

٣٢ بۆ دورینی دەستەسڕێك، پارچەیەك قوماش درێژیەكەی ٢٥سم بێت بەشدەكات ژمارەی دەستەسڕەكان كە بتوانرێ لە پارچە قوماشێك درێژیەكەی ٥م بێت بدروێ چەندە؟

٣٣ وەزارەتی كشتوكاڵی هەرێمی كوردستان ٢ ٥٣٥ نەمام سێوی بەیەكسانی بەسەر ١٥ گوندا دابەشكرد. هەر گوندەی چەند نەمامی بەركەوتووە؟

٣٤ ڕێنوێنی ئایا ٠ لە ئەنجامی دابەشكردنی ٨٨٤ ÷ ٤ دا هەیە؟ چۆن دەزانی بەبێ ئەوەی دابەشكردن بكەی؟

٣٥ خێرخوازێك ٣ ٥٣٦ ٠٠٠ دیناری بەیەكسانی بە خشیە سەر ١٧ خێزانی هەژار. هەر خێزانێك چەندی بەركەوتووە؟

٣٦ هەڵە لەكوێدایە؟ ئاریان ووتی ٦٠٦ ÷ ٦ دەكاتە ١. كەواتە ٦٠٦ ÷ ٦ = ١١. هەڵەكە دیار بكە و ڕاستەكە بنووسە.

٣٧ باوكی شانۆ ١٢ كورسی كڕی، ٢٠٠ هەزار دیناری دایە بازرگانەكە ٨٠ هەزار دیناری بۆ گێڕایەوە، نرخی یەك كورسی چەندە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە

٣٨
```
  ١٠٠
−  ٤٧
```

٣٩
```
  ٥٠٠
− ١٧٦
```

٤٠ ٢٠٠٠ − ٧٨٦

٤١ ژمارە ٢٤٦,٩٧٥ بەدرێژی بنووسە.

٤٢ ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە ژمارەیەكی دەیی هاوتا بۆژمارە ٠,٠٤ هەڵبژێرە.

أ ٤,٠   ب ٠,٤   ج ٠,٠٤٠   د ٠,٠٠٤

وانەی
٤

ڕاهێنان لەسەر دابەشکردن
Practice on Division

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٣٤٥ ÷ ٤
٢) ٧٨١ ÷ ١١
٣) ٦٢٨ ÷ ٩
٤) ٦ ٧٦٠ ÷ ٣٨
٥) ١ ٢٣٢ ÷ ١٢

▶ قامیشی حەیزەران بە ژمەیکی سەرەکی لە خواردنی ورچی پاندا دادەنرێت، ورچی پاندا ڕۆژانە زیاتر لە ١٨ کیلۆ لە قامیشی تەڕ دەخوات.

فێربە

چەند دەتوانی بخۆ ورچی پاندا لە ساڵێکدا ٤ ٦٢٠ کیلۆ قامیشی حەیزەران و گەڵاکانی دەخوات ناوەندەی خواردنەکەی لە مانگێکدا چەندە؟

نموونە

دابەشبکە ٤ ٦٢٠ ÷ ١٢   ١٢⟌٤ ٦٢٠

هەنگاوی ١

بخەمڵێنە
بیربکەوە

٤٠٠
١٢⟌٤ ٨٠٠

١٢⟌٤ ٦٢٠

کەواتە، ڕەنووسی یەکەم لە خانەی سەدان دابنێ.

هەنگاوی ٢

٤٦ سەد دابەشبکە.
خەمڵاندنی یەکەم بەکابهێنە.

٣
١٢⟌٤ ٦٢٠
٣٦ −
١٠

هەنگاوی ٣

٢ دەیان دابگرە. ١٠٢
دەیان دابەشبکە.

٣٨
١٢⟌٤ ٦٢٠
٣٦ −
١٠٢
٩٦ −
٦

هەنگاوی ٤

سفر یەکان دابگرە، ٦٠
یەکی دابەشبکە.

٣٨٥
١٢⟌٤ ٦٢٠
٣٦ −
١٠٢
٩٦ −
٦٠
٦٠ −
٠
وەڵام ٣٨٥

کەواتە ورچی پاندا مانگانە ٣٨٥ کگم لە قامیشی حەیزەران و گەڵاکانی دەخوات.

نموونەی زیاتر

أ

٢٤
٣٥⟌٨٤٣
٧٠ −
١٤٣
١٤٠ −
٣
وەڵام ٢٤ ماوە ٣

ساغبکەوە √

٢٤
٣٥ ×
١٢٠
٧٢٠ +
٨٤٠
٣ +
√ ٨٤٣

ب

٦١
٤٢⟌٢٥٧٩
٢٥٢ −
٥٩
٤٢ −
١٧
وەڵام ٦١ ماوە ١٧

ساغبکەوە √

٦١
٤٢ ×
١٢٢
٢ ٤٤٠ +
٢ ٥٦٢
١٧ +
√ ٢ ٥٧٩

دەتوانیت ئامێری بژمێر بۆ جێبەجیکردنی دابەشکردنەکە بەکاربهێنیت؟

٩ ٧ ٥ ٢ Inter ÷ ٢ ٤ Enter =

٢٥٧٩ ÷ ٤٢ =
٦١ م ١٧

ساغبكەوە

١ **ڕێنوێنی** ڕوونیبكەوە چۆن ژمارەیەكی ٤ ڕەنووسی بەسەر ژمارەیەكی ٣ ڕەنووسی دابەشدەكەی؟

دابەشبكە و ساغبكەوە

- **٢** ٨٥١ ÷ ١٥
- **٣** ٩٣ ÷ ١٤
- **٤** ١ ٢٤٢ ÷ ٤٨
- **٥** ٤٢⟌٢٣ ٨٩٨
- **٦** ٦١⟌٣٦ ١٨٢
- **٧** ٢٩⟌١ ٠٧٣

ڕاهێنان و شیكاری پرسیارەكان

دابەشبكە

- **٨** ٤٠٢ ÷ ٦٥
- **٩** ٤ ١٦١ ÷ ١٩
- **١٠** ٤ ٥٩١ ÷ ٣٧
- **١١** ٨٩ ÷ ٢٣
- **١٢** ٧١⟌٧ ١٧١
- **١٣** ٣٣⟌١ ٨٧٧
- **١٤** ٥١⟌٤ ٠٩٥
- **١٥** ٩٢⟌٤٦ ٢٣٥
- **١٦** ٩١⟌٥ ٣٩٦
- **١٧** ٦٩⟌٢ ١٠٩
- **١٨** ٤٨⟌٢٤ ٩١٦
- **١٩** ٤٢⟌٢٣ ٩١١
- **٢٠** ٢٥⟌٤٢٤ ٨٦٧
- **٢١** ٣٢⟌٣٠٦ ٤٥٢
- **٢٢** ٤١⟌٨ ٢٦٩ ٠٧٩
- **٢٣** ٣٧⟌٦ ٣١٣ ٦٤٢

جەبر **ژمارەی نادیار لە پرسیارەكانی ٢٤ تا ٢٩ دیاربكە.**

- **٢٤** ٤□٤ ÷ ٢٣ = ١٨
- **٢٥** ١ ٠٦٥ ÷ ١□ = ١٥
- **٢٦** ٧□٢٢ ÷ ٩٩ = ٧٨
- **٢٧** ١٢ ٠٨٤ ÷ ٧٦ = ١٥□
- **٢٨** (١ ١٨٨ − ١٨) ÷ ٩٠ = ١□
- **٢٩** ١ ٨٦٠ ÷ (١٥ × □) = ٦٢

٣٠ لە ڕۆژی جیهانی بۆ پاراستنی گیانداران ٣١ ٠٠٠ كەس سەردانی سایتێكی ئەنتەرنێتیان كرد تایبەت بوو بە ورچی پاندا، ناوەندەی ژمارەی میوانەكانی ئەم سایتە لە كاتژمێرێكدا چەندە؟

٣١ **مانای ژمارە** بچووكترین ژمارەی چوار ڕەنووسی كامەیە دابەشی ژمارە ٢٠ بكرێت و ماوەكەی ٥ بمێنێتەوە.

٣٢ ورچی پاندا لە ساڵێكدا نزیكە ١١٠ ٥ كاتژمێر چالاكە. هەر جارێك ماوەی پشوودانی لەنێوان ٢ تا ٤ كاتژمێرە. ورچی پاندا چەند كاتژمێر لە ڕۆژێكدا چالاكە؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە

سیفەتی كۆكردنەوە لەپرسیاری ٣٣، ٣٤ دیاربكە

- **٣٣** ١٠ + ٧ = ٧ + ١٠
- **٣٤** (٤ + ٢) + ٣ = ٤ + (٢ + ٣)
- **٣٥** ٢٤,١٨ − ١٦,٠٩
- **٣٦** ١٦,٨٢ + ٧,٤٨

٣٧ (ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە) بارستایی سەلكێك پەنیر ٢,٧٥ كگم چێشتخانەیەك ١٨ سەلك پەنیری كڕی، بارستایی گشتی سەلكەكان چەندیان لە ٥٠ كگم كەمترە؟

- أ ٠,٠٣ كگم
- ب ٠,٥٠ كگم
- ج ٠,٦٠ كگم
- د ١,٥٠ كگم

وانەی
٥

کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان

لێکدانەوەی ماوە

Problem Solving Skills

Explanation the Remainder

پێداچوونەوەی خێرا

١) ٢٩ ÷ ٨   ٢) ٣٩ ÷ ٩
٣) ٦٠ ÷ ٧   ٤) ٢٢ ÷ ٥
٥) ٢٥ ÷ ٦

تێبگە | پلاندانێ | شیکاربکە | ساغبکەوە

دیاربکە ماوە چۆن بۆ شیکاری پرسیارە هاتووەکانی خوارەوە بەکار هاتووە. پرسیارەکە دیاریدەکا کەی دەتوانی ماوەکە فەرامۆش بکەی و ئەنجامی دابەشکردنەکە بۆ ئەو ژمارەیەی کەراستەوخۆ لەدوایەوە دێ نزیکبکەیتەوە، و کەی ماوە وەك بەشێك لە وەڵامەکە بەکاردێ.

لەبیرت نەچێ کاتێك پرسیارێکی دابەشکردن شیکاردەکەی ئەوا مانای ماوەکە پەیوەندی دەبێ بەوەی پرسیارەکە لەخۆی گرتووە.

نموونە

أ ١ ٨٥٣ دێدەوان لە ئاهەنگی کۆتایی دێدەوانی بەشداربوون، هەر شەش کەسێك بەدەوری مێزێکدا دانیشتن. دەبێ ڕێکخەری ئاهەنگەکە چەند مێز ئامادەبکا بۆئەوەی گشت بەشداربوان لەدەوری دابنیشن.

```
   ٣٠٨
٦ )١٨٥٣
 - ١٨
   ٠٥
 -  ٠
   ٥٣
 - ٤٨
    ٥
```

لەبەرئەوەی ٣٠٨ مێز بەشی هەموو بەشداربوان ناکات. بۆیە پێویستە ڕێکخەری ئاهەنگەکە ٣٠٩ مێز ئامادەبکا.

ب ڕۆشنا ١٣١ گوڵی هەیە. ئایا دەتوانی چەند چەپکی شەش گوڵی ئامادە بکات.

```
   ٢١
٦ )١٣١
 - ١٢
   ١١
 -  ٦
    ٥   ماوە ٥
```

دەتوانی ٢١ چەپك ئامادەبکات. چونکە ٥ گوڵە ماوەکەی بەشی چەپکێکی تر ناکات.

ج سەرۆکی تیمی دێدەوانی پەتێکی بەکارهێنا کە درێژیەکەی ١٤٥سم بۆ نیشاندانی ڕێگەی دروستکردنی گرێدان پەتەکەی کرد بە ٤ بەشی یەکسانەوە درێژی هەر بەشێك چەندە؟

```
   ٣٦
٤ )١٤٥
 - ١٢
   ٢٥
 - ٢٤
    ١   ماوە ١
```

کەواتە درێژی هەر بەشێك لە پەتەکەی $\frac{١}{٤}$ ٣٦سم.

باسبکە

- ڕوونیبکەوە چۆن ماوەکە لە وەڵامی پرسیاری أ و ج بەکارهات؟
- ڕوونیبکەوە بۆچی ژمارەی کەرتی وەك ماوە شیاوە لە پرسیاری ج وە شیاو نیە لەهەردوو پرسیاری أ و ب ؟

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

شیکاریکە پاشان ماوەکە لێکبدەوە.

١ شاباز ١٧٠ کتێبی هەیە، ویستی بەیەکسانی بەسەر ٥ ڕەفەی کتێبخانەکەیدا دابەشبکا. زۆرترین ژمارەی کتێب لەسەر هەر ڕەفەیەك چەندە؟ چەند کتێب دەمێنێتەوە؟

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بەکاربهێنە ئامێرێك بۆ دروستکردنی گەنمەشامی کەهەرجارێك ٨٠ پەرداخ گەنمەشامی دروستدەکات.

٣ ئاران لە هەر کردارێکی دروستکردنی گەنمە شامیدا دەتوانێ ١٣ کیسی گەورە پربکات. چۆن ماوەکەی لێکدایەوە؟

أ ماوەی نیە.

ب ماوەکەی فرامۆش کردووە.

ج ماوەکەی نزیکردەوە.

د ماوەکەی بەکارهێنا.

٢ کۆمەڵێك لە ١٨ کچ فێری ڕێکخستنی گوڵەکان دەبن، ١٢٤ گوڵیان لایە. ئایا ژمارەی گوڵەکان بەشدەکەن بۆئەوەی هەر کچێك کۆمەڵەیەك لە ٧ گوڵ ڕێکبخات؟

کیسی گەنمەشامی (شامەدەری)	
پێوانە	پەرداخەکان لەهەرکیسێکدا
بچووك	٤ پەرداخ
گەورە	٦ پەرداخ

٤ هیران ٨ کیسی لەپێوانە گەورەکە فرۆشت ئایا ئەو گەنمەشامیەی ماوەتەوە٩ کیسی بچووك پردەکات؟ دەتوانێ چەند کیسی بچووك پربکات؟

أ نەخێر، ٨ کیس

ب نەخێر، ٣ کیس

ج بەڵێ، ١٠ کیس

د بەڵێ، ٨ کیس

جێبەجێکردنە جیاوازەکان

٥ ٢١٣ قوتابی لە چەند قوتابخانەیەك بۆ فیستیڤاڵی ساڵانە ناویان تۆمارکرد، زۆرترین ژمارەی قوتابیان لەگەڵ هەر مامۆستایەك ٩یە. کەمترین ژمارەی مامۆستایانی پێویست چەندە؟

٧ ١٠٥ قوتابی دابەشکران بەسەر پاسەکانی قوتابخانەدا بۆ ڕۆیشتن بۆ گەشتی قوتابخانە. ئەگەر هەر پاسێك ٤٢ قوتابی بگرێت. ئایا دوو پاس بەشی گواستنەوەی قوتابیان دەکات.

٩ ماوەی نێوان ماڵی دەرباز و مزگەوت ١٢٤٧م کە دەکاتە ٤ ئەوەندی ماوەی نێوان ماڵ و قوتابخانەی. قوتابخانەکە چەند لە ماڵی دەربازەوە دوورە؟

٦ کارمەند ٢٨٨ وێنەی هەیە، ئەلبومێکی ٥٠ پەرەیی کڕی. لە هەر پەرەیەکی شوێنی ٦ وێنە دەبێتەوە. ئایا کارمەند دەتوانێ هەموو وێنەکان لەناو ئەلبومەکەدا دابنێ؟ وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

٨ **شێوازەکان** خونچە ملوانکە دروستدەکات، ویستی ٦٠ مورو بەکاربێنێ. شێوازێکی داهێنا کە بریتییە لە دانانی موروویەکی سور و یەکی شین و پاشان کەسك، ڕەنگی موروی سی و یەکەمین چۆنە؟

١٠ **پرسیار بنووسە** دابەشکردن و لێکدانەوەی ماوە پێویستە بۆ وەڵامدانەوەی پرسیار. ڕوونیبکەوە چۆن ماوە بەشداری لە وەڵامدانەوەی پرسیار دەکا؟

پێداچوونەوە
Review

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

remainder ماوە
zero سفر
بەهایی خانەیی place value
شێوازەکان patterns
خەمڵاندن estimate
چەندجارەکان multiples

دەستەواژەی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ بۆ دڵنیابوون لە دابەشکردندا دەکرێت ___؟___ بەکاربێت.

٢ دەتوانیت ڕاستیە بنەڕەتیەکان و ___؟___ بەکاربێنی بۆ دابەشکردن بەسەر چەندجارەکانی دە.

٣ ___؟___ بریتییە لە بەهای ماوە دوای ئەژمێرکردنی ئەنجامی دابەشکردن.

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

ئەژمێری هزری بەکاربهێنە بۆ تەواوکردن.

٤ ٤٩٠ ÷ ٧٠ = ٧
٤ ٩٠٠ ÷ ٧٠ = ٧٠
٤٩ ٠٠٠ ÷ ٧٠ = ■

٥ ٦٤٠ ÷ ٨٠ = ٨
٦ ٤٠٠ ÷ ٨٠ = ■
٦٤ ٠٠٠ ÷ ٨٠ = ٨٠٠

٦ ٨١٠ ÷ ٩٠ = ■
٨ ١٠٠ ÷ ٩٠ = ■
٨١ ٠٠٠ ÷ ٩٠ = ٩٠٠

دابەشبکە.

٧ ٩⟌٥٠٤ ‏ ٨ ٧⟌٤ ٣٠٨ ‏ ٩ ٨⟌٩٩٨ ‏ ١٠ ٦⟌١ ٢٤١

١١ ٤٥⟌٤ ٢٩٢ ‏ ١٢ ٢٣⟌٦٦ ٨٠٤ ‏ ١٣ ٢٧⟌٣٤٤ ‏ ١٤ ٧١⟌٦٨٥ ٢١٠

هەر هاوکێشەیەك شیکاربکە.

١٥ ٣٦٠ ÷ ن = ٧٢
ن = ٤یان ٥یان ٦

١٦ ك ÷ ٨ = ٤٣
ك = ٣٣٦ یان ٣٤٤

١٧ س ÷ ٣ = ٩٧
س = ٢٩١ یان ٢٩٤

١٨ ٥٠٤ ÷ ن = ٧٢
ن = ٧ یان ٨ یان ٩

١٩ ٩٦ ÷ س = ٨ شیکاربکە پاشان وەڵامەکەت ساغبکەوە.

٢٠ ن ÷ ٥ = ٧ شیکاربکە پاشان وەڵامەکەت ساغبکەوە.

دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

شیکاربکە. ڕوونبکەوە چۆن ماوەکە لێکدەدەیەوە.

٢١ ١٢٣ قوتابی لەوانەی هونەردا ناویان تۆمارکرد. هەر پۆلێك تەنها جێگای ١١ قوتابی دەبێتەوە. کەمترین ژمارەی پۆلی پێویست چەندە؟

٢٢ هەرێم ٣٠٠ ئۆتۆمبیلی بچووکی هەیە، ویستی بیخاتە ناو ٧ کارتۆن کە هەریەکەیان ٤٢ ئۆتۆمبیل دەگرێت. ئایا ئەو کارتۆنانە بەشی هەموو ئۆتۆمبیلەکان دەکا؟ ڕوونبکەوە.

٢٣ هەژیر پارچە شیرینی بە پاکەت دەفرۆشی. هەر پاکەتەی ٦ پارچە دەگرێت. ٢٢٦ پارچە شیرینی هەبێ چەند پاکەت شیرینی دەفرۆشێت؟

٢٤ هاوڕێ پەتێکی ٦٠م کرد بە ٨ بەشی یەکسان. درێژی هەر بەشێك چەندە؟

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
Standardized Test Prep

ئاگاداربە!
CAUTION!

ڕێگایەك بڕیاربدە

لە پرسیاری ٦، بۆ دیاریکردنی ژمارەی گوڵەکان بە ٥ چەپك دەستپێبکە. ڕستەیەکی ژمارەیی بنووسە دیاریبکات چەند دەفر پێویستە بۆ دابەشکردنی گوڵەکان، ئەگەر هەر دەفرێك تەنها ٣ گوڵ بگرێ، پاشان پرسیارەکە شیکاربکە.

وەڵامی گونجاو لە پرسیارەکانی ١ تا ٧ هەڵبژێرە.
خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ١ تا ٣ بەکاربهێنە.

ئەو وڵاتانەی زۆرترین ژمارە هۆڵی سینەمایان هەیە	
وڵات	**ژمارەی هۆڵەکان**
هیندستان	٨ ٩٧٥
ولایەتە یەکگرتوەکان	٢٣ ٦٦٢
چین	٤ ٣٦٤
ئۆکرانیا	١٤ ٩٦٠

١ ئەگەر فلمێکی سینەمایی لەنیوەی سەرجەمی ژمارەی هۆڵەکانی ولایەتە یەکگرتووەکان و چین پیشاندرا، ژمارەی ئەو هۆڵانە چەندە؟

أ ١ ٤١٣ — ج ١١ ٨٣١
ب ٢ ١٨٢ — د ١٤ ٠١٣

٢ ژمارەی هۆڵەکان لە ولایەتە یەکگرتووەکان چەندی زیاترە لە ژمارەیان لە ئۆکرانیا؟

أ ٣٨ ٦٦٢ — ج ١١ ٣٠٢
ب ١٨ ٧٠٢ — د هیچیان نییە

٣ کام وڵات ئەگەر ژمارەی هۆڵەکانی بەسەر ٢ دابەشبکرێت ماوە دەمێنێتەوە؟

أ ولایەتە یەکگرتوەکان
ب چین
ج هیندستان
د ئۆکرانیا

٤ دەشنێ بازنەیەك لە ١٨ مورو دروست دەکات. ٧٢ مورووی هەیە، دەتوانێ چەند بازن دروست بکات؟

أ ٤ — ج ٥٤
ب ٦ — د ٩٠

٥ خانەی ڕەنووسی یەکەم لە ئەنجامی دابەشکردنی ٧٢ ÷ ٦٣٣ کامەیە؟

أ خانەی هەزاران — ج خانەی دەیان
ب خانەی سەدان — د خانەی یەکان

٦ چەند دەفرمان پێویستە بۆ دابەشکردنی ٥ چەپکە گوڵ. ئەگەر هەر چەپکێك ٦٥ گوڵی تیابێت، وە هەر دەفرێك ٣ گوڵ بگرێت؟

أ ٣٠٠ — ج ١٠٨
ب ١٢٥ — د ١٠٠

٧ ٨١٥ ÷ ٨

أ ١٠١ماوە ٧ — ج ١٠٠ماوە ١٥
ب ١٠١ماوە ٥ — د باس نەکراوە

ئەوەی دەیزانی بینووسە
Write What You Know

٨ تیپی قوتابخانە ١٢ یاری تۆپی پێی لە مانگی ئازاردا کرد و ١٦ یاریشی لە مانگی نیساندا. ٩ ٢٤٠ کەس ئامادەی بینینی دوو یارییەکە بوون، ناوەندی ئامادەبوون لەهەر یاریەکدا چەندە؟

٩ لە قوتابخانەکەدا سێ پۆلی پێنجەم هەیە و لە هەر یەکەیاندا ٢٨ قوتابی تێدایە. قوتابییەکان دابەشکرانە سەر چەند کۆمەڵەیەکی ٩ قوتابیی جگە لە کۆمەڵەی کۆتایی، ژمارەی قوتابیانی کۆمەڵەی کۆتایی چەندە؟ وەڵامەکەت ڕونبکەوە



بەشی ٧

دابەشکردنی ژمارە دەییەکان

Dividing Decimals

لەبازاری سەوزە فرۆشەکان دەتوانی میوە وتەڕەی نوێ وخواردەمەنی تر بکڕی ودەتوانی چاوت بەو جوتیارانە بکەوێ کە بەرهەمەکانیان دەفرۆشن.

پرسیار بۆ شیکار سالار هەندێ میوەی ناو کیسەی کڕی بڕوانە خشتەکە و پاشان ناوەندی بارستایی هەر میوەیەك بخەملێنە؟

میوەی تازە		
میوەکە	بارستایی کیس (کگم)	ژمارەی دانەکانی هەرکیێسێك
سێو	٠,٩٩	٥
پرتەقاڵ	١,٨٠	٦
شەمامەی زەرد	١,٤٩	٢
شەمامەی سەوز	٣,٠٠	٤
شووتی	٩,٩٢	٢

زانیارییەکانت ساغبکەوە
Check what you know

ئەم لاپەڕەیە بەکار بێنە بۆ دڵنیا بوون لە
هەبوونی ئەم زانیارییانەی کەوا پێویستە بۆ ئەم بەشە

ژمارە دەیەکییە هاوتاکان
equivalent decimals
بەشدراو divisor
بەشکراو dividend
ئەنجامی دابەشکردن
quotient «بەرکەوت»

زاراوەکان

دەستەواژەی گونجاو لەلیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ ژمارە ٣ لە ٣٩٦ ÷ ٣ = ١٣٢ بریتییە لە ___؟___ .

٢ ژمارە ٦٥ لە ٦٥ ÷ ٥ = ١٣ بریتییە لە ___؟___ .

٣ ٠,٦، ٠,٦٠ نموونەن لەسەر ___؟___ .

لێکدان لە ١٠ و لە ١٠٠.

٤ ١٠ × ٧
١٠٠ × ٧

٥ ١٠ × ٦,٤
١٠٠ × ٦,٤

٦ ١٠ × ٠,٤
١٠٠ × ٠,٤

٧ ١٠ × ٠,٠٩
١٠٠ × ٠,٠٩

شێوازەکانی دابەشکردن

شێوازەکە تەواوبکە.

٨ ٣٥٠ ÷ ٥٠ = ٧
٣ ٥٠٠ ÷ ٥٠ = ٧٠
٣٥ ٠٠٠ ÷ ٥٠ = س

٩ ٣٢٠ ÷ ٨٠ = ٤
س ÷ ٨٠ = ٤٠
٣٢ ٠٠٠ ÷ ٨٠ = ٤٠٠

١٠ ٤٠٠ ÷ ٥٠ = ٨
٤ ٠٠٠ ÷ س = ٨٠
٤٠ ٠٠٠ ÷ ٥٠ = ٨٠٠

ئەنجامی دابەشکردن بدۆزەوە.

١١ ٢٠⟌٨٠

١٢ ١٠⟌٦٠

١٣ ٦٠⟌٤٢٠

١٤ ٨٠⟌١٦٠

دابەشکردنی ژمارە دەیەکان بەسەر ژمارە سروشتیەکان

پرسیارەکە کۆپی بکە. فاریزەکە لەشوێنی گونجاوی ئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ.

١٥ ٣٤٢
٣⟌١٠,٢٦

١٦ ١٦٣
٥⟌٨١,٥

١٧ ٨٣
٢٣⟌١٩٠,٩

١٨ ٤٥
٦٢⟌٢٧٩,٠

ئەنجامی دابەشکردن بدۆزەوە.

١٩ ٦⟌٤,٣٨

٢٠ ٨⟌٢٠,٦٤

٢١ ٧⟌٦,٥٨

٢٢ ٤⟌٩,٢

٢٣ ٢٦,٧٥ ÷ ٥

٢٤ ٣,١٦ ÷ ٤

٢٥ ١,٠٨ ÷ ٩

٢٦ ٣١٥,٢٠ ÷ ٥

ژمارە دەییە هاوتاکان

دوو ژمارەی دەییەکی هاوتا بۆهەر ژمارەیەك بنووسە.

٢٧ ٠,٨

٢٨ ٠,٢٥

٢٩ ١,٣

٣٠ ٢,٦٠

وانەی
١

نواندنی دابەشکردن

Divide Representation

بەدەست

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٩⟌٢٧
٢ ٨⟌٦٤ ٣ ٨⟌٧٢
٤ ٧⟌٥٦ ٥ ٦⟌٥٤

کەرەستەکان

نموونەی دەیی، قەڵەم مقەست

بدۆزەرەوە

دەتوانی نموونەیەك دروستبکەی بۆ دۆزینەوەی ئەنجامی دابەشکردنی ژمارەیەکی دەیی بەسەر ژمارەیەکی سروشتیدا.

چالاکی ١

ئەژمێربکە ١,٥ ÷ ٣ ٣⟌١,٥

هەنگاوی ١

١,٥ بەڕەنگی شێوەی دەییەکان بنوێنە.



هەنگاوی ٢

هەر شێوەیەك بۆ نواندنی دەیەکیەکان ببڕە.



هەنگاوی ٣

دەیەکیەکان بەیەکسانی بەسەر ٣ کۆمەڵە دابەشبکە، لەهەر کۆمەڵەیەکدا ٥ دەیەکی هەبێت.



هەنگاوی ٤

ڕستەی دابەشکردنە ژمارەییەکە تۆماربکە.
١,٥ ÷ ٣ = ٠,٥

کەواتە، ١,٥ ÷ ٣ = ٠,٥

لەبیرت نەچێ بەکارهێنانی شێوەکان یارمەتی پێشبینی کرداری دابەشکردنی ژمارە دەییەکان دەدات.
ڕوونیبکەوە چۆن ئەم شێوازە ١٥٠ ÷ ٣ = ٥٠
بەکاردەهێنی بۆئەوەی نیشانی بدەی ١٥ ÷ ٣ = ٥
کە ئەنجامی دابەشکردنەکە ڕاستە ١,٥ ÷ ٣ = ▢

هەوڵبدە

نموونەیەك بهێنە بۆ ڕوونکردنەوەی دابەشکردن، ڕستەی ژمارەیی بۆئەم نموونەیە تۆماربکە.

أ ١,٤ ÷ ٢ ب ٠,٩ ÷ ٣
ج ٢,٥ ÷ ٥ د ١,٦ ÷ ٤

بەبەستەوە

چالاکی ٢ دەتوانی نموونەی بەشەکان لەسەد بەکاربهێنیت بۆ دیارکردنی ٠,٢٤ ÷ ٦.

هەنگاوی ١
٠,٢٤ بەڕەنگکردنی شێوەی بەشەکان لەسەد بنوێنە.



هەنگاوی ٢
نموونەکە ببڕە بۆ دیاری کردنی بەشەکان لەسەد.



هەنگاوی ٣
بەشەکانی سەد بەیەکسانی بەسەر ٦ کۆمەڵە دابەشبکە. لەهەر کۆمەڵەیەکدا ٤ بەش لەسەد هەبێت.

هەنگاوی ٤
ڕستەی دابەشکردنە ژمارەییەکە تۆماربکە
٠,٠٤ = ٦ ÷ ٠,٢٤

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

نموونەیەك دروستبکە پاشان ئەنجامی دابەشکردنەکە بدۆزەوە.

١ ٢ ÷ ٠,٠٨	**٢** ٢ ÷ ٠,٢٤	**٣** ٣ ÷ ٠,١٥
٤ ٤ ÷ ١,٢	**٥** ٤ ÷ ٠,١٢	**٦** ٥ ÷ ٣,٥
٧ ٣ ÷ ٢,٤	**٨** ٨ ÷ ٠,٠٨	**٩** ٣ ÷ ٠,٣٩
١٠ ٢ ÷ ٠,٤٤	**١١** ٩ ÷ ٠,١٨	**١٢** ٦ ÷ ٠,١٨

نموونەکە بەکاربهێنە بۆ تەواوکردنی ڕستە ژمارەییەکە.

١٣



٠,٣٠ ÷ ٢ = س

١٤



٠,١٢ ÷ ٣ = س

١٥ بارستایی دوو پاکەت و دوو کتێب ٧,٢٠کگم. ئەگەر بارستایی دوو پاکەتەکە ٤,٢٠کگم بێت. بارستایی یەك کتێب چەندە؟

١٦ **هەڵە لەکوێدایە؟** تەماشای نموونەی کرداری ٠,١٦ ÷ ٤ بکە و هەڵە وڕاستەکەی دیاریبکە.



پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

١٧
```
  ٥ ٠٠٠
– ٣ ٤٣٦
```

١٨
```
  ٤,٨٤٦
+ ١,٤٠٤
```

١٩ چوار و بەشێك لەهەزار بەڕەنووسی بنووسە

٢٠ ژمارەیەکی هاوتا بۆ ژمارەی ٠,٩٠ بنووسە.

٢١ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
بەهای ن چەندە لە هاوکێشەی ٥٨ = ن + ٣٩؟

أ ن = ٩
ب ن = ١٩
ج ن = ٢٠
د ن = ٩٠

پێداچوونەوەی خێرا

1. ٢٤٦ ÷ ٦
2. ٥٢٠ ÷ ٥
3. ١٢٦٠ ÷ ٣
4. ٥٦٤ ÷ ٤
5. ٤٨٠٦ ÷ ٦

وانەی ٢

دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی سروشتی
Divide by Natural Number

فێربە

بفڕە ئەی کۆلارە بفڕە کارە و دوو هاوڕێی ٣ کۆلارەیان لە قوماش دروستکرد. شریتێکی قوماشی تەنك درێژیەکەی ٤,٢م بەیەکسانی بەسەر خۆیاندا دابەشکرد بۆئەوەی بۆهەر کۆلارەیەك کلکێك دروستبکەن. درێژی کلکی هەر کۆلارەیەك چەندە؟

نموونە

ئەژمێربکە ٤,٢ ÷ ٣

بخەمڵێنە ٣ ÷ ٣ = ١

ڕێگای یەکەم دەتوانی دابەشکردن بکەی بە بەکارهێنانی نموونە.

هەنگاوی ١

نموونەکانی دەیی بۆ نواندنی ٤,٢ ڕەنگبکە

هەنگاوی ٢

نموونەکان بەسەر ٣ کۆمەڵدا بە یەکسانی دابەشبکە



ڕوونبکەوە چۆن ژمارەی ژمارە سروشتیەکان و ژمارەی دەیەکیەکان دەناسی کە لە هەر کۆمەڵەیەکدا دایدەنێیت.

ڕێگای دووەم بە بەکارهێنانی کاغەز و پێنووس دەتوانی دابەشکردن بکەیت.

هەنگاوی ١

فاریزەی ئەنجامی دابەشکردنەکە لەسەر فاریزەی بەشکراوەکە دابنێ.

$$3\overline{)4,2}$$

هەنگاوی ٢

دابەشبکە وەك چۆن لە ژمارە سروشتیەکاندا دابەشدەکەیت.

$$\begin{array}{r} 1,4 \\ 3\overline{)4,2} \\ -3 \\ \hline 12 \\ -12 \\ \hline 0 \end{array}$$

کەواتە، درێژی کلکی هەر کۆلارەیەك ١,٤م. لەبەرئەوەی وەڵامەکە نزیکە لە وەڵامە خەمڵێنراوەکە. کەواتە وەڵامەکە شیاوە.

نموونەی زیاتر

أ دابەشبکە ٢,٤٩ ÷ ٣

```
   ٠,٨٣
٣⟌ ٢,٤٩
 - ٠
   ٢٤
 - ٢٤
   ٠٠٩
 - ٩
   ٠
```

بەشدراوەکە لە بەشکراوەکە گەورەترە. کەواتە سفر لە خانەی یەکان دابنێ.

دەتوانی لێکبدەی بۆ دڵنیابوون لە وەڵامەکەت.

ساغبکەوە √

٠,٨٣ × ٣ = ٢,٤٩

ب دابەشبکە ١٨,٤٥ ÷ ١٥

```
     ١,٢٣
١٥⟌ ١٨,٤٥
   - ١٥
     ٣٤
   - ٣٠
     ٠٤٥
   - ٤٥
     ٠٠
```

ساغبکەوە √

١,٢٣ × ١٥ = ٦١٥ + ١٢٣ = ١٨,٤٥

ج دابەشبکە ٤٢٣,٥ ÷ ٧

```
   ٦٠,٥
٧⟌ ٤٢٣,٥
 - ٤٢
   ٠٠٣
 - ٠
   ٣٥
 - ٣٥
   ٠٠
```

لەبەرئەوەی ٧ > ٣ سفر لەخانەی یەکان دابنێ.

ساغبکەوە √

٦٠,٥ × ٧ = ٤٢٣,٥

لەبیرت نەچێ ئەگەر بەشکراو ژمارەیەکی دەیی و بەشدراو ژمارەیەکی سروشتی بێت وەك چۆن ژمارە سروشتیەکان دابەش دەکەیت، بە هەمان شێوە دابەشبکە، فاریزەی ئەنجامی دابەشکردنەکە لەسەر فاریزەی بەشکراوەکە دابنێ.

ساغبکەوە

١ باسبکە فاریزەکە لە ئەنجامی دابەشکردندا لەکوێیدا دادەنێیت کاتێك ژمارەیەکی دەیی بەسەر ژمارەیەکی سروشتیدا دابەشدەکەیت.

وێنەیەك بۆ دیاریکردنی ئەنجامی دابەشکردنەکە بکێشە.

٢ ١,٢٦ ÷ ٣



٣ ٢,٣٨ ÷ ٧

ئەنجامی دابەشکردن کۆپی بکە و فاریزە لەشوێنی دروست دابنێ.

٤ ٢⟌١,٠٦ = ٠٥٣

٥ ٥⟌٠,٠٤٥ = ٠٠٠٩

٦ ٧⟌٤٩,٠ = ٧٠

٧ ٤⟌٣٢,٦٠ = ٨١٥

ئەنجامی دابەشکردن بدۆزەوە، ساغکردنەوە بە لێکدان بکە.

٨ ٦⟌٤,٨ **٩** ٩⟌٩,٠٩ **١٠** ٤⟌١٢,٠٤ **١١** ٢⟌١,٠٤

١٢ ٣٥,٧ ÷ ٧ **١٣** ٠,٨٠ ÷ ٥ **١٤** ٤,٣٥٥ ÷ ٥ **١٥** ١١٥,٢ ÷ ٢٤

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

ئەنجامی دابەشکردنەکە کۆپی بکە و فاریزەکە لە شوێنە دروستەکەدا دابنێ.

١٦ ٦,٣ ÷ ٧ = ٠٩

١٧ ٨,٠٨ ÷ ٤ = ٢٠٢

١٨ ٦,٠٠ ÷ ٨ = ٠٧٥

١٩ ٤,٠٥ ÷ ١٥ = ٠٢٧

٢٠ ٤,٢٧٢ ÷ ٦ = ٠٧١٢

٢١ ٠,٣٦٦ ÷ ٣ = ٠١٢٢

٢٢ ٢٧,٢٨ ÷ ٨ = ٣٤١

٢٣ ٦١,٨٠ ÷ ٥ = ١٢٣٦

ئەنجامی دابەشکردنەکە بدۆزەوە. بەلێکدان ساغیبکەوە.

٢٤ ٧٤,٤ ÷ ٨

٢٥ ٢٧,٩ ÷ ٣

٢٦ ٥٥,٥٥ ÷ ٥

٢٧ ١٩,٦٤ ÷ ٢

٢٨ ٨٥,٤ ÷ ٧

٢٩ ٨٥٤,٠ ÷ ٧٠

٣٠ ٩٣,٦٦ ÷ ٣

٣١ ٦,١٥ ÷ ٥

٣٢ ٣٣,٠٤ ÷ ٨

٣٣ ٢١,٥٦ ÷ ٤

٣٤ ٥٩,٢٢ ÷ ١٤

٣٥ ٢٣٤,٨٤ ÷ ١٩

٣٦ ٣٩,٠ ÷ ١٢

٣٧ ٢١٢,٥ ÷ ١٠

٣٨ ٣٤٣,٨٩ ÷ ٩

٣٩ ٥٧٠,٩ ÷ ١١

٤٠ ٢٤,٦ ÷ ٦

٤١ ٢,٤٦ ÷ ٦

٤٢ ٠,٩٣ ÷ ٣

٤٣ ٨,٠٥ ÷ ٧

٤٤ ٠,٥٤ ÷ ٦

٤٥ ٥,٠٤ ÷ ٨

٤٦ ٧٢,٦٤ ÷ ٨

٤٧ ٤٨,٦ ÷ ٩

٤٨ ٤٨,٣ ÷ ٧

٤٩ ١٨,٥ ÷ ٥

٥٠ ٢١,٦ ÷ ٤

٥١ ٤,٢٤ ÷ ٨

بەکارهێنانی پێدراوەکان سارۆ بۆیەی ئاوی بۆ وێنە کێشانی تابلۆکانی بەکارهێنا پێدراوەکان لە لیستەکەدا بۆ شیکاری پرسیارەکان لە ٥٢ تا ٥٥ بەکاربهێنە.

٥٢ سارۆ چەند بۆیە بۆ ڕەنگکردنی چۆلەکەیەك بەکاردەهێنێ؟

٥٣ سارۆ چەند بۆیە بۆ ڕەنگکردنی دوو پەپوولە بەکاردەهێنێ؟

٥٤ بۆ ڕەنگکردنی ٦ گەڵای ڕووەك ودووگوڵ چەندی پێویستە؟

٥٥ **پرسیار بنووسە** پێدراوە هاتووەکان لە لیستەکەدا بەکاربهێنە. کە بەدابەشکردنی ژمارەیەکی دەیی شیکاردەبێ. پرسیارەکە شیکار بکە.

٥٦ ئاوارە ١٧,٢٥کیلۆگرام سێوی لەماوەی ٥ کاتژمێردا لێکردەوە. لەماوەی یەك کاتژمێردا چەند کگم سێو لێدەکاتەوە؟

٥٧ **پرسیار چییە؟** جیاوازی نێوان نرخی دوو کتێب ١٦. هەزار دینار و سەرجەمی نرخەکانیان ٤٢ هەزار دینار. وەڵام ٢٩ هەزار دینار.

٥٨ ٣ بوتڵ ٣,٧٩ لتر ئاویان تێدایە، نیودەرزەن لە بوتڵی تر ٧ لتر ئاویان تێدایە، کام جۆریان فراوانییەکەی گەورەترە؟

٥٩ کارتۆنێك ٣ قوتوو کەرەی تێدایە و بارستاییەکەی ٠,٨٥٠کیلۆگرام، هەنێ پێویستی بە ٠,٣کیلۆگرام کەرە هەیە ئایا قوتوویەك بەشی دەکات؟ ئەمە ڕوونبکەوە.

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٦٠ ٢٤ ٨٠٤ بەسەر ٤ دابەشبکە

٦١ ٣٤٥ ÷ ٢

٦٢ ٤ × (٢٥ + ٢)

٦٣ > یان < یان = دابنێ ٠,٠٩٨٩٨ ⬜ ٠,٩٨٩٨

٦٤ ژمارە ٢١٣ ٦٧٥ بەپیت بنووسە.

٦٥ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە بەهای ی لە هاوکێشەکەدا بدۆزەوە.

ی+ ٤٢ = ٨٠

أ ی = ٣٨   ج ی = ١١٨

ب ی = ٤٨   د ی = ١٢٢

٦٦ زانا بە درێژایی ٩ ڕۆژ بەرزترین پلەی گەرمی تۆمارکرد کە بریتیبوو لە: ٢٩˚، ٣٢˚، ٢٤˚، ٣٢˚، ٢٨˚، ٣٤˚، ٢٦˚، ٣٠˚، ٣٢˚، ناوەندەی پلەکانی گەرمی چەندە؟

٦٧ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە کاردۆ دوو بەکرەی لە پەت بەکارهێنا کە درێژی پەتەکە لەهەر یەکێکیاندا ١١,٩٨م بوو وە بەکرەیەك درێژی پەتەکەی ١٨,٩٨م بوو. و ٣ بەکرەی تریش کە درێژی هەریەکەیان ٢,٠٥م بوو کاردۆ چەند مەتر پەتی بەکارهێناوە؟

أ ٤٩,٠٠ م   ج ٦١,٠٧ م

ب ٤٩,٠٩ م   د ١٤٠,٠٥ م

شیکاری پرسیارەکان

گۆشەی ڕوونا کبیران

ڕێنوێنی مامۆستا ئاراز ١٢٠م کاغەزی هەبوو هەندێکی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی کۆلارەی شێوە جیاواز بۆ قوتابییەکانی ٨,٢٥م لامایەوە. مامۆستاکە بڕیاریدا ئەوەی بڕیویەتی بۆ دروستکردنی کۆلارەکە تۆماری بکات.

جۆری کاغەز	درێژی	بڕ	درێژی گشتی
پێداویستیەکانی کۆلارە			
زەرد	١,٥٠ م	١٢	١٨,٠٠ م
سوور	٢,٧٥ م	⬜	٢٧,٥٠ م
شین	٣,٠٠ م	⬜	⬜
سەوز	⬜	٥	١٢,٢٥ م
سەرجەم ←			⬜

وەڵامی گونجاو بۆ شیکاری پرسیاری ١، ٢ هەڵبژێرە. پاشان خشتەکە کۆپی و تەواوبکە.

١ چۆن بڕی کاغەزی بەکارهاتوو دیاریدەکەی؟

أ ١٨,٠٠ + ٢٧,٥٠ + ١٢,٢٥٠ ئەژمێربکە و پاشان سەرجەم لە ١٢٠,٠٠ دەربکە.

ب ٨,٢٥ لە ١٢٠,٠٠ دەربکە.

ج ١٢٠,٠٠ لەگەڵ ٨,٢٥ کۆبکەوە.

د هەموو ژمارەکان لەخشتەکەدا کۆبکەوە.

٢ جەبر ئەگەر س درێژی کاغەزی سەوز بنوێنێ. بۆ دروستکردنی کۆلارەیەك کام هاوکێشە بەکاردێنی بۆ دۆزینەوەی بەهای س ؟

أ س = ١٢,٢٥ × ٨   ج س ÷ ١٢,٢٥ = ٥

ب ١٢,٢٥ − س = ٥   د ١٢,٢٥ ÷ ٥ = س

وانەی
٣

لەکەرتەکانەوە بۆ ژمارە دەییەکان

Changing from Fractions to Decimals

پێداچوونەوەی خێرا

بۆهەر ژمارەیەك دەیەکی دوو ژمارەی هاوتا دیاریبکە.

1. ٠,٥
2. ٣,٤
3. ٢,٧٠
4. ٠,١٤
5. ٠,٧٠٠

فێربە

جەژنی نەورۆز قوتابیانی قوتابخانەی کوردستانی کچان خۆیان ئامادەکرد بۆ گێڕانی ئاهەنگی جەژنی نەورۆز لە قوتابخانەکەیان $\frac{٢}{٥}$ ی قوتابیان هاوبەشیان لە یاریە وەرزشیەکاندا کرد. $\frac{١}{٤}$ ی قوتابیان هاوبەشیان لە ووتنی سروودی «ئەی رەقیب» دا کرد لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان. ژمارەی بەشداربووان لە کام چەلاکیدا زۆرتربوون؟

دەتوانی بەراوردیان بکەیت بە نووسینیان لەسەر شێوەی کەرتی دەیی.

لەبیرت نەچێ سەرە دابەش ژێرە بکە تا ژمارەیەکی دەیی هاوتا بەکەرتەکەت دەستبکەوێ

لەبیرت بێ

کەرتی $\frac{١}{٤}$ دەخوێندرێتەوە:
چواریەك یان یەك لەچوار
یان یەك دابەش بەسەر
چوار یان یەك لەسەر چوار.

نموونە بەراوردبکە $\frac{٢}{٥}$ و $\frac{١}{٤}$

هەنگاوی ١

هەر کەرتێك لەسەر شێوەی پرسیاری دابەش بنووسە

$\frac{٢}{٥} \longrightarrow ٥\overline{)٢}$

$\frac{١}{٤} \longrightarrow ٤\overline{)١}$

هەنگاوی ٢

دابەشبکە وەك ئەوەی ژمارەکان سروشتین. لەکاتی پێویستدا فاریزە و سفرەکان لە بەشکراودا دابنێ. فاریزە و سفر لەئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ.

$٥\overline{)٢,٠}$ = ٠,٤ ؛ ٢٠ −، ٠

$٤\overline{)١,٠٠}$ = ٠,٢٥ ؛ ٨ −، ٢٠، ٢٠ −، ٠

لەبەرئەوەی ٠,٤ > ٠,٢٥ کەواتە $\frac{٢}{٥} > \frac{١}{٤}$، بەشداربووان لە وەرزش ژمارەیان زۆرترە.

پرسیاری زیاتر

أ) $\frac{١}{٥} \longrightarrow ٥\overline{)١,٠}$ = ٠,٢ ؛ ١٠ −، ٠

ب) $\frac{٣}{٤} \longrightarrow ٤\overline{)٣,٠٠}$ = ٠,٧٥ ؛ ٢٨ −، ٢٠، ٢٠ −، ٠

ج) $\frac{٧}{٨} \longrightarrow ٨\overline{)٧,٠٠٠}$ = ٠,٨٧٥ ؛ ٦٤ −، ٦٠، ٥٦ −، ٤٠، ٤٠ −، ٠

دەتوانی دووبارە ئامێری بژمێر بەکاربێنی بۆ نووسینی کەرتەکان لەسەر شێوەی ژمارەی دەیی.

$\frac{٢}{٥}$ = [٢] [÷] [٥] [=] ٠,٤

ساغبکەوە

١ ڕوونبکەوە چۆن دەزانی کە $\frac{١}{٤}$ و ٠,٢٥ هاوتان.

کەرتەکە لەسەر شێوەی ژمارەی دەیی بنووسە.

٢ $\frac{٢}{١٠}$ **٣** $\frac{٣}{٥}$ **٤** $\frac{٣}{٨}$ **٥** $\frac{٤}{٨}$ **٦** $\frac{٦}{١٠}$ **٧** $\frac{٣}{٢٠}$

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

کەرتەکە لەسەر شێوەی دەیی بنووسە.

٨ $\frac{٧}{١٠}$ **٩** $\frac{٢٣}{٢٥}$ **١٠** $\frac{٧}{١٦}$ **١١** $\frac{٢}{٥}$ **١٢** $\frac{٢}{٤}$ **١٣** $\frac{٢}{٨}$

١٤ $\frac{٣}{١٠}$ **١٥** $\frac{١٧}{٢٠}$ **١٦** $\frac{٥}{٨}$ **١٧** $\frac{١}{٨}$ **١٨** $\frac{٤}{٥}$ **١٩** $\frac{٦}{٨}$

بەکارهێنانی پێدراوەکان ئەستوونی ڕوونکردنەوەییەکان بۆ شیکاری پرسیاری ٢٠ تا ٢٣ بەکاربهێنە.

٢٠ ژمارەی ئەو قوتابیانە چەندە کەچالاکییان هەیە لە قوتابخانەکەدا؟

٢١ کەرتێك بنووسە بۆئەوانەی چالاکی هۆنراوەیان هەیە پاشان کەرتەکە بەشێوەی ژمارەی دەیی بنووسە.

٢٢ کەرتێك بنووسە ئەوانە بنوێنێ کە چالاکی لە شانۆ و وێنە دەکەن و ئەو کەرتە بەشێوەی ژمارەی دەیی بنووسە.

٢٣ ئەگەر تەنها ١٥ قوتابی کاری وەرزشی بکەن. ئەو کەرتە دەبێتە چەند بۆ نواندنی ئەوانەی وەرزش ناکەن. ئەو کەرتە لەسەر شێوەی ژمارەی دەیی بنووسە.

٢٤ کاوە ماوەی $\frac{٦}{٢٥}$کم لە خولەکێکدا دەبڕێ بەڵام کاردۆ ماوەی ٠,٢١کم لە خولەکێکدا دەبڕێ. کامیان خێراترن. وەڵامەکەت لێکبدەرەوە.

٢٥ کەرتێکی هاوتا بۆ ژمارەیەکی دەیی گەورەتر لە ٠,٥ و بچووکتر لە ٠,٧٥ بنووسە.



پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٢٦ ژمارەکان لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیزبکە.

٦,٠٠١ ؛ ٦,١٠١ ؛ ٦,٠١٠

٢٧ کانی ماوەی ٤٠م ی لە ماڵەوە بەرەو ڕۆژهەڵات بڕی. پاشان ٢٠م بەرەو باکور و ٣٠م بەرەو ڕۆژئاوا، و ٢٠م بەرەو باشور، ئەو ماوەیە چەندە کە ئێستا کەوتۆتە نێوان کانی و ماڵەوەیان؟

٢٨ ٦٢١٣ × ٥٢

٢٩ ١ ٥٥٩ × ٢٧٤

٣٠ ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

ئەنجامی دابەشکردنی ٦٢ ٣٢٠ ÷ ٨٢ کامەیە؟

أ ٨٢ ب ٧٦٠ ج ٧ ٦٩١ د ٧٠ ١٩٦

وانەی ٤

شێوازەکان لە دابەشکردندا

Patterns Division

پێداچوونەوەی خێرا

ئەنجامی لێکدان بدۆزەوە. پاشان ڕاستی دابەشکردنە پەیوەندیدارەکە بنووسە

١) ٩×٧ ٢) ٨×٩

٣) ٩×٤ ٤) ٤×٧

٥) ١٠×٧

فێربە

بگە بەو ژمارە دەیییە بگە تەماشای شێوازەکان لە هاوکێشەکانی لێکدان بکە. پاشان تەماشای شێوازەکان لە هاوکێشەکانی دابەشکردنی پەیوەندیداربکە.

نموونە

هاوکێشەکانی لێکدان						هاوکێشەکانی دابەشکردنی پەیوەندیدار				
کۆلکە	×	کۆلکە	=	ئەنجامی لێکدان		بەشکراو	÷	بەشدراو	=	ئەنجامی دابەشکردن
١٢	×	٤	=	٤٨	←	٤٨	÷	١٢	=	٤
١,٢	×	٤	=	٤,٨	←	٤,٨	÷	١,٢	=	٤
٠,١٢	×	٤	=	٠,٤٨	←	٠,٤٨	÷	٠,١٢	=	٤

لە هاوکێشەکانی لێکداندا. لە ئەنجامی لێکداندا چی ڕوودەدات کاتێك فاریزەکە بۆ لای چەپ لە کۆلکەیەکدا دەگوێزینەوە؟

چی دەبینی لە ئەنجامی دابەشکردن لە هاوکیشەکانی دابەشکردن

لەبیرت بێ

هەر ژمارەیە

١ × ١٠ = ١٠

٠,١ × ١٠ = ١,٠

٠,٠١ × ١٠ = ٠,١٠

٠,٠٠١ × ١٠ = ٠,٠١٠

لەبیرت نەچێ دەتوانی لێکدان و شێوازەکان بەکاربهێنی بۆ دیاریکردنی ئەنجامی دابەشکردن لە دابەشکردنی ژمارە دەیییەکان.

نموونەی زیاتر

أ دابەشبکە ٠,٣٥ ÷ ٠,٠٥

٥ × ٧ = ٣٥ ← ٣٥ ÷ ٥ = ٧

٠,٥ × ٧ = ٣,٥ ← ٣,٥ ÷ ٠,٥ = ٧

٠,٠٥ × ٧ = ٠,٣٥ ← ٠,٣٥ ÷ ٠,٠٥ = ٧

کەواتە، ٠,٣٥ ÷ ٠,٠٥ = ٧.

ب دابەشبکە ٠,٥٦ ÷ ٠,٠٧

٧ × ٨ = ٥٦ ← ٥٦ ÷ ٧ = ٨

٠,٧ × ٨ = ٥,٦ ← ٥,٦ ÷ ٠,٧ = ٨

٠,٠٧ × ٨ = ٠,٥٦ ← ٠,٥٦ ÷ ٠,٠٧ = ٨

کەواتە، ٠,٥٦ ÷ ٠,٠٧ = ٨.

ساغبکەوە

١ هاوکێشەکانی لێکدان کە بەکاریدەهێنی بۆ دابەشکردنی ٠,٤٨ ÷ ١,٢ دیاربکە.

هەر شێوازێك بۆ لێکدان کۆپی بکە و تەواوی بکە، پاشان شێوازی دابەشکردنی پەیوەندیدار بنووسە.

٢ ٦ × ٩ = ٥٤
٠,٦ × ٩ = ■
٠,٠٦ × ٩ = ■

٣ ١٥ × ٥ = ٧٥
١,٥ × ٥ = ■
٠,١٥ × ٥ = ■

٤ ١٦ × ٤ = ٦٤
١,٦ × ٤ = ■
٠,١٦ × ٤ = ■

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

هەر شێوازێك بۆ لێكدان كۆپیبكە و تەواوبكە. پاشان شێوازی دابەشكردنی پەیوەندیدار بنووسە.

٥ ٧ × ٣ = ٢١
▒ = ٠,٧ × ٣
▒ = ٠,٠٧ × ٣

٦ ٨١ × ٧ = ٥٦٧
▒ = ٨,١ × ٧
▒ = ٠,٨١ × ٧

٧ ٢٦ × ٤ = ١٠٤
▒ = ٢,٦ × ٤
▒ = ٠,٢٦ × ٤

٨ ٥ × ٢ = ١٠
▒ = ٠,٥ × ٢
▒ = ٠,٠٥ × ٢

٩ ٣٥ × ٥ = ١٧٥
▒ = ٣,٥ × ٥
▒ = ٠,٣٥ × ٥

١٠ ٥٧ × ٨ = ٤٥٦
▒ = ٥,٧ × ٨
▒ = ٠,٥٧ × ٨

هەر شێوازێكی دابەشكردن تەواوبكە.

١١ ٥٠ ÷ ٢٥ = ٢
▒ = ٥,٠ ÷ ٢,٥
▒ = ٠,٥٠ ÷ ٠,٢٥

١٢ ٧٥ ÷ ١٥ = ٥
▒ = ٧,٥ ÷ ١,٥
▒ = ٠,٧٥ ÷ ٠,١٥

١٣ ١٤٤ ÷ ١٢ = ١٢
▒ = ١٤,٤ ÷ ١,٢
▒ = ١,٤٤ ÷ ٠,١٢

١٤ ٣٦٠ ÷ ٤ = ٩٠
▒ = ٣٦,٠ ÷ ٠,٤
▒ = ٣,٦٠ ÷ ٠,٠٤

١٥ ٧٢ ÷ ٩ = ٨
٧,٢ ÷ ▒ = ٨
٠,٧٢ ÷ ▒ = ٨

١٦ ١٢٠ ÷ ٤٠ = ٣
١٢ ÷ ▒ = ٣
١,٢ ÷ ▒ = ٣

جەبر ڕاستیە بنەڕەتیەكان و شێوازەكان بەكاربهێنە بۆ دۆزینەوەی بەهای ی.

١٧ ٠,٠٩ ÷ ٠,٠٣ = ی
١٨ ٠,١٦ ÷ ٠,٠٤ = ی
١٩ ٣,٠ ÷ ٠,٠٥ = ی
٢٠ ١,٦ ÷ ی = ٢
٢١ ی ÷ ٠,٠٢ = ٧
٢٢ ٠,٨١ ÷ ی = ٩

بەكارهێنانی پێدراوەكان خشتەكە بۆ شیكاری پرسیاری ٢٣ تا ٢٥ بەكاربهێنە.

گیانەوەران	خێرایی (کم/ك)
کرمە لیقە	٠,٠٣
مەیموونی تەمبەڵ	٠,١٥
کیسەڵی زەبەلاح	٠,١٧

خاوترین گیانەوەرا لەسەر زەوی

٢٣ ئەو كاتە چەندە كە كرمە لیقە پێویستیەتی بۆ بڕینی ٠,٩ كیلۆمەتر؟

٢٤ ئەو كاتە چەندە كە كیسەڵێك پێویستێتی بۆ بڕینی ١,٧كم؟

٢٥ كام یەك لەم دوو گیانەوەرانە پێشدەكەوێت بۆ بڕینی ١كم، كرمە لیقە یان مەیمونی تەمبەڵ.

٢٦ **هەڵە لەكوێیە؟** ئاراس ئەڵێ ئەنجامی دابەشكردنی ٧,٥ بەسەر ٠,٠٥ دا بریتییە لە ١ ٥٠٠ هەڵەی ئاراس لەكوێیە؟

٢٧ **مانای ژمارە** كامیان گەورەترە؟
أ ٠,١٢ ÷ ٠,٤ یان ٠,١٢ ÷ ٠,٠٤؟
ب ٠,٤ ÷ ٠,٢ یان ٠,٠٠٤ ÷ ٠,٠٢؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە

٢٨ ٦٥ ٩٨٤ ÷ ٤٤
٢٩ ٨٦١ ٢٩٤ ÷ ٩٨

٣٠ بەهای ن بدۆزەوە لە ن × ٥ = ٤٥

٣١ ٣,٢؛ ٤,٦؛ ٢,٣؛ ٦,٤؛ ٣,٢؛ ٤,٦.
لەم پێدراوانەدا مۆد كامەیە.

٣٢ ئامادەبوون بۆ تاقیكردنەوە
خێڵان ٢٠ ملوانكەی هەیە، لەهەر ملوانكەیەكدا ٢٥ موورو هەیە، ملوانكەیەكی دابە خوشكەكەی. چەند موورووی لاماوە؟
أ ٤٢٥
ب ٤٧٠
ج ٤٧٥
د ٤٨٠

وانەی
٥

دابەشکردنی دەیی

Decimal Division

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٦٣,٩ ÷ ٩

٢ ٣٢,٨ ÷ ٨

٣ ٢٥,٧٥ ÷ ٥

٤ ١٦,٨ ÷ ٤

٥ ٦٣,٩ ÷ ٣

▲ پیتزای جاترە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە بڵاوبووەوە لە ئیتاڵیا سەریهەڵدا.

فێربە

پیتزا بە جاترە لوبنان بەناوبانگە بە دروستکردن و پاراندنەوەی پیتزا بە زەیت و جاترە. وە ئیتاڵیا بەناوبانگە بە پیتزا ئەویش تێکەڵە لە زۆر شت وەك بەهارات و پەنیر و دۆشاوی تەماتە و قارچك و بیبەر و پیاز و جاترە و زەیتون.

دایکی ڕزگار حەزی لە پیتزای پەنیر و جاترەیە، لەدروستکردنیدا ١,٤گرام پەنیر بەکاردەهێنێ بەرامبەر ٠,٧گرام جاترە. چەند گرام پەنیری پێویستە ئەگەر ١ گرام جاترە بەکاربهێنێ؟

نموونە

دابەشبکە ١,٤ ÷ ٠,٧ بیربکەوە ١,٤٠ و ١,٤ دوو ژمارەی دەیی هاوتان.

ڕێگای یەکەم

نموونەیەك بەکاربهێنە بۆ دیاریکردنی ئەنجامی دابەشکردن



١,٤ ٠,٧ ÷ ١,٤ = ٢

ڕێگای دووەم بۆ دابەشکردنی ژمارەیەکی دەیی بەسەر ژمارەیەکی دەیی تردا بەشدراو بگۆڕە بۆ ژمارەیەکی سروشتی. بەشکراو بەشدراو لە ١٠ یان لە ١٠٠ یان زیاتربدە. کاتێك بەشکراو لەگەڵ بەشدراو پێکەوە لەیەك ژمارە ئەدەی. ئەنجامی دابەشکردن وەك خۆی دەمێنێتەوە.

لەبیرت بێ

کاتێك لە ١٠ یان لە ١٠٠ ئەدەیت بەپێی ژمارەی سفرەکان فاریزەکە بەرەولای ڕاست دەجووڵێنی

٠,٣٢ × ١٠ =٣,٢

٠,٣٢ × ١٠٠ =٣٢

هەنگاوی ١

لە ٠,٧ یەك خانەی دەیی هەیە. کەواتە، گۆڕینی بۆ ژمارەیەکی سروشتی لە ١٠ی دەدەیت.

٠,٧ × ١٠ = ٧

بەشکراو و بەشدراو لە ١٠ بدە.

٠,٧⟌١,٤

هەنگاوی ٢

فاریزەکە لە ئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ لەسەرووی فاریزەی بەشکراوەکە

٧,⟌١٤,

دابەشبکە وەك ئەوەی ژمارەکان سروشتی بن

٢,٠
٧⟌١٤,٠
− ١٤
٠

کەواتە، ٢گرام لە پەنیر بەکاردەهێنێت ئەگەر ١گرام لە جاترە دابنێ.

ژمارە سروشتیەکان و ژمارە دەییەکان

لەبیرت نەچێ بۆ دابەشکردنی ژمارەیەك بەسەر ژمارەیەکی دەیی. بەشدراو بگۆڕە بۆ ژمارەیەکی سروشتی بە لێکدانی بەشکراو و بەشدراو پێکەوە لە ١٠ یان ١٠٠ یان ١٠٠٠.

دایکی بێژان بوتڵێك لە هاڕاوەی فانیلیا کڕی بارستاییەکەی ٢٥٨گم بۆ ئامادەکردنی قالبێك شیرینی، هەر کەوچکێکی بچووك لە هاڕاوەی فانیلیا بەرامبەر ٥,١٦گم. چەند کەوچکی بچووك لە فانیلیا لە بوتڵێکی ٢٥٨گم هەیە؟

نموونە

دابەشیکە ٢٥٨ ÷ ٥,١٦

هەنگاوی ١

لە ٥,١٦ دوو خانەی دەیی هەیە بۆ گۆڕینی بەشدراو بۆ ژمارەی سروشتی. هەریەك لە بەشدراو بەشکراو لە ١٠٠ بدە.

٥,١٦ ⟌ ٢٥٨٠٠ ← فاریزەکە لە بەشکراو دابنێ دەتوانی سفری زیادە لەلای ڕاستی فاریزەکە زیادبکەی بێ ئەوەی بەهای ژمارەکە بگۆڕێ

هەنگاوی ٢

٥٠,	
٥١٦ ⟌ ٢٥٨٠٠,	فاریزەکە لە ئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ.
٢٥٨٠٠−	وا دابەشبکە وەك ئەوەی ژمارەکان سروشتی بن.
٠٠٠٠٠	

کەواتە، ٥٠ کەوچکی بچووك لە بوتڵێکی ٢٥٨ گم دا هەیە.

نموونەی زیاتر

أ دابەشبکە٦ ÷ ٠,٠٢٥

٠,٠٢٥ ⟌ ٦,٠٠٠ ← فاریزەکە لە بەشکراو دابنێ، بەشدراو بگۆڕە بۆ ژمارەی سروشتی.

٢٤٠,
٢٥, ⟌ ٦٠٠٠,
٥٠ −
١٠٠
١٠٠ −
٠

ب دابەشبکە ٦,٦٤ ÷ ٠,٠٨

٠,٠٨ ⟌ ٦,٦٤ ← بەشدراو بگۆڕە بۆ ژمارەی سروشتی بە لێکدانی بەشکراو بەشدراو لە ١٠٠

٨٣,
٨, ⟌ ٦٦٤,
٦٤ −
٠٢٤
٢٤ −
٠

ج دابەشبکە ٢,٠٨ ÷ ٠,٤

٠,٤ ⟌ ٢,٠٨ ← بەشدراو بگۆڕە بۆ ژمارەیەکی سروشتی، بەلێکدانی بەشدراو لە ١٠.

٥,٢
٤,٠ ⟌ ٢٠,٨
٢٠ −
٠ ٨
٨ −
٠

ساغبکەوە

١ **ڕوونبکەوە** چۆن دەزانی کە پێویستە لەسەرت فاریزەکە لە بەشدراوەکە خانەیەك یان دوو خانە بگوێزرێتەوە.

پرسیارەکە کۆپی بکە. فاریزەکە لە ئەنجامی دابەشکردنەکە دابنێ، تیراسا بۆ یارمەتی بکێشە.

٢ ٠,٢ ⟌ ٢,٦ (١ ٣)

٣ ٠,١٦ ⟌ ١,٩٢ (١٢)

٤ ٠,٥ ⟌ ١,١٥ (٢٣)

٥ ٠,٢٨ ⟌ ١,١٢ (٤)

ڕاهێنان و شیکاری پرسیارەکان

پرسیارەکە کۆپی بکە. فاریزەکە لە ئەنجامی دابەشکردنەکەدا دابنێ.

٦ ٠,٢⟌٢,١٢ (١٠٦)

٧ ٠,٧⟌٨,٠٥ (١١٥)

٨ ٠,٢٥⟌٠,٢٢٥ (٠٩)

٩ ٣,٤⟌٤٦,٥١٢ (١٣٦٨)

١٠ ٠,٧⟌٥,٣٢ (٧٦)

١١ ٠,٠٨⟌٠,٥٤٤ (٦٨)

دابەشبکە.

١٢ ٠,٤⟌٦

١٣ ١,٦⟌١٨,١١٢

١٤ ٠,٠٧⟌٠,٨٤

١٥ ٠,٥٢⟌٦,٢٤

١٦ ٠,٠٧⟌١,٣٣

١٧ ٠,٣٥⟌٥,٢٥

١٨ ١,٧⟌٥,٤٤

١٩ ٠,٢٥⟌١٢

٢٠ ٧١,٤ ÷ ٢,١

٢١ ٤٢ ÷ ١,٢

٢٢ ٥,٢٥ ÷ ٠,٧

٢٣ ٠,٤٢ ÷ ٠,١٤

٢٤ ٢٥ ÷ ٠,٥

٢٥ ٠,٣٤ ÷ ٣,٤

٢٦ ٠,٦٤ ÷ ٠,٤

٢٧ ٩,٠٠ ÷ ١,٥٠

شێوازەکان دابەشبکە، پاشان شێوازەکە لە ئەنجامی دابەشکردنەکە ڕوونبکەوە.

٢٨ أ ٦,٦ ÷ ١,٢ ب ٦,٦ ÷ ٠,١٢ ج ٦,٦ ÷ ٠,٠١٢

٢٩ أ ٧,٥ ÷ ٢,٥ ب ٠,٧٥ ÷ ٢,٥ ج ٠,٠٧٥ ÷ ٢,٥

بەکارهێنانی پێدراوکان خشتەکە بەکاربهێنە بۆ شیکاری پرسیاری ٣٦ تا ٣٨.

٣٠ نزیکەی چەند دڵۆپە ئاو کەوچکێکی بچووك پڕدەکا؟

٣١ **پرسیار چییە؟** وەڵام نزیکەی ٥ دڵۆپە؟

٣٢ ئەم برانەی خوارەوە لە بچووکەوە بۆ گەورە ڕیزبکە. ٣ کەوچکی گەورە، نیو کوپ قاوە، $\frac{1}{6}$ کوپ چا.

٣٣ **ڕێنوێنی** بڕی ٦,٠٢ ÷ ٠,٢ت هەیە ئەگەر بەشکراوت لە ١٠٠ دا و بەشدراویش لە ١٠، ئایا ئەنجامی دابەشکردنەکە وەك خۆی دەمینێتەوە؟ ئەمە ڕونبکەوە.

٣٤ **هەڵە لەکوێدایە؟** کەنار ٧,٢٥ بەسەر ٠,٢٥ دا دابەشکرد، ئەنجامی دابەشکردنی یەکسانبوو بە٠,٢٩. هەڵەکە دیاربکە و ڕاستبکەوە.

٣٥ **ڕێنوێنی** ئەگەر ٧,٥٦ دابەشبکەی بەسەر ٧,٦. ئایا ئەنجامی دابەشکردنەکە گەورەترە یان بچووکترە لە ١، وەڵامەکەت ڕوونبکەوە.

بڕی بچووك

بڕەکە	فراوانی (ملل)
دڵۆپە ئاو	٠,٢٢
کەوچکی بچووك	٤,٣
کەوچکی گەورە	١٢,٢٥
کوپێك قاوە	٨٢,٧
کوپێك چا	٢١٥

٣٦ کامیان قورسترە، دوو کاڵەك بارستاییان پێکەوە ٢١,٧٥کیلۆگرام بێ یان ١٥ کاڵەکی زەرد کە بارستایی هەریەکەیان ١,٥کیلۆگرام بێت؟

٣٧ دوو بوتڵی گەورەت هەیە فراوانی هەر یەکیان ١,٧٥ لترە، هەردووکیان چەند بوتڵی بچووك پڕ دەکەن ئەگەر فراوانی بوتلێکی بچووك ٠,٢٥لتر بێت؟

پێداچوونەوە و ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە

٣٨ ٨ × ٩٠٣

٣٩ ٣ × ٥٠٧٦٤٨

٤٠ ٩⟌٠,٠٨١

٤١ ٢,٥ × ٨٥,٦٣٩

٤٢ س + (٧ × ١٤) ئەژمێربکە کە س = ٣٣

٤٣ سەپان ٩ کاتژمێر کاری زیادەی کرد لە هەفتەیەکدا، شاهۆ ١ کاتژمێر و شاسوار ٢ کاتژمێر، دیار ٤ کاتژمێر. چ جۆرە وێنە ڕوونکردنەوەییەك باشترە بۆ پیشاندانی ژمارەی کاتژمێرە زیادەکانی ئەو کەسانەی کاریانکردووە؟

٤٤ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) بەهای ڕەنووسی ٨ لە ژمارە ٥,٦٨١ چەندە؟

أ ٨ یەکان

ب ٨ دەیەکی

ج ٨ بەش لەسەد

د ٨ بەش لەهەزار

بەکارهێنانی پێدراوەکان خشتەکە بۆ شیکاری پرسیاری ٥١ و ٥٢ بەکاربهێنە.

ئەنجامی یاریەکانی تۆپی سەبەتە					
یاری	١	٢	٣	٤	٥
ژمارەی خاڵ	٨٥	٩٧	٨٢	٧٣	٧٦

٤٥ ناوەندی خاڵەکانی تیپی تۆپی سەبەتەچەندە؟

٤٦ مەودا و ناوەڕاستە و مۆد بۆئەم خاڵانە چەندە؟

٤٧ (ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە) بنار دوو مریشکی کڕی بە ١٢ ٥٠٠ دینار، ئەگەر نرخی ١ کگم مریشك ٢ ٠٠٠ دینار بێ، ئایا چەند کیلۆگرامی کڕیوە؟

أ ٦,٢٥ کگم

ب ١٠,٥٨ کگم

ج ١٤,٥٨ کگم

د ٢٥,١٦ کگم

شیکاری پرسیارەکان

گۆشەی ڕوونا کبیران

هەڵوەشاندنەوەی نهێنییەکان ئایا دەتوانی کە هێمای نهێنییەکان هەڵبوەشێنیت. کلیلی ئەم مەتەڵە لەلای چەپە. ژمارەکان بەشێوەی ئەو هێڵانە دەنوێنرێت کە چواردەورەی داوە. ژمارە ٣ بە شێوەی ┘ دەنوێندرێ،

٣	٢	١
٦	٥	٤
٩	٨	٧

نموونە بدۆزەوە □و ┌ ÷ □ و ⊔

٧ = ┌ و ٥ = □ ← □ و ┌ = ٧,٥ ٢ = ⊔ و ٥ = □ ← □,⊔ = ٢,٥

٣ = ٢,٥ ÷ ٧,٥

کەواتە، □,┌ ÷ □,⊔ = ٣

پرسیارەکە هەڵبوەشێنە پاشان شیکاربکە. وەڵامەکە بە ڕەنووس بنووسە.

١ └,⊔÷└⊏,⊏

٢ ⊔,⊏÷└┐,⊔

٣ ⊓×□,┘

٤ └⊓,⊏ − ⊏□,⊐

٥ └,⊐÷□,└⊔

٦ ┐,┘÷┘└,⊐⊔

٧ ١٢ ÷ ١,٥ ئەژمێربکە، پاشان پرسیارەکە بنووسە، و ئەنجامی دابەشکردنەکە بەهێما بنووسە.

وانەی ٦

کارامەییەکانی شیکاری پرسیارەکان

هەڵبژاردنی کردارێك

Problem Solving Skills

Choosing the operation

پێداچوونەوەی خێرا

١ ٤,٥ + ٢٣,٠٦

٢ ٦,١ − ٣٩,٠٥

٣ ٤ × ٥,٢٥

٤ ٠,٥ ÷ ٥٥,٥

٥ ٧− (١٠ × ٢,٥)

تێبگە | پلاندانی | شیکاربکە | ساغبکەوە

قورسی جەستە دەگۆڕێ ئەگەر لە زەویەوە بچێتە مەریخ، بەڵام بارستاییەکە ناگۆڕێ، بۆیە زانا فیزیاییەکان کێش و بارستایی لێك جیادەکەنەوە، بارستایی بەکیلۆگرام دەپێون. وە کێش بە نیوتن.

ئەم خشتەیە ئەوە دەردەخات کە کێشی جەستەیەك لەسەر هەر هەسارەیەك چەندە ئەگەر کێشی لەسەر زەوی ١ نیوتن بێ.

نیوتنی زەوی لە بۆشایی ئاسمان

هەسارە	کێش (نیوتن)
عەتارد	٠,٣٨
زوهرە	٠,٩١
زەوی	١
مەریخ	٠,٣٨
مشتری	٢,٥٣
زوحەل	١,٠٧
ئۆرانوس	٠,٩٠
نیپتۆن	١,١٠
پلۆتۆ	٠,٠٧

لەبیرت نەچێ ئەو پەیوەندییەی کەژمارەی ناو پرسیارەکان بەیەکەوە دەبەستێت یارمەتی دەدات بۆ هەڵبژاردنی کردارە گونجاوەکە بۆ شیکاری پرسیارەکە.

کۆکردنەوە	خستنە پاڵیەکی کۆمەڵەکان
لێدەرکردن	سڕینەوە یان بەراوردکردنی کۆمەڵەکان
لێکدان	خستنە پاڵیەکی کۆمەڵە یەکسانەکان
دابەشکردن	بەشینەوە بەسەر کۆمەڵە یەکسانەکان، دیاریکردنی بڕە لەهەر کۆمەڵەیەك.

بڕوانە ئەو پەیوەندیەی کە ژمارەکان لە پرسیارەکە بەیەکەوە دەبەستێت، پاشان کردارە گونجاوەکە بۆ شیکاری پرسیارەکە هەڵبژێرە و شیکار بکە.

أ ئەگەر کێشی کاڵەکێك لەسەر زەوی ٦٨ نیوتن بێت، کێشەکەی لەسەر مشتەری چەندە؟

ب ئەگەر کێشی غۆرێللایەك لەسەر هەسارەی پلۆتۆ ١٤٩,٨ نیوتن بێت. کێشی لەسەر زەوی چەندە.

ج کێشی تۆپێکی تێنسی سەرزەوی لەسەر ڕووی زەوی ١ نیوتنە کێشەکەی لەسەر مشتری چەندی لەکێشی سەرزەوی زیاترە؟

د دوو مشك کێشی هەریەکیان لەسەر زەوی ١ نیوتنە. کێشی هەردووکیان لەسەر عەتارد چەندە؟

باسبکە

- ڕوونبکەوە چۆن بڕیارتدا کرداری گونجاو بۆ شیکاری هەر پرسارێك هەڵبژێری؟
- ئەگەر کێشی ئەو غورێللایەی کە لە پرسیاری (ب)دا هاتووە ٧٤,٩ نیوتن بێت لەسەر پلۆتۆ، کێشەکەی لەسەر زەوی چەندە؟

راهێنان و شیکاری پرسیارەکان

شیکاربکە. کردارەکە یان کردارەکان کە بەکارتهێناوە دیاری بکە.

خشتەکەی لاپەڕەی پێشوو بۆ شیکاری پرسیاری ١، ٢ بەکاربهێنە.

١ نەهەنگی شین کێشەکەی لەسەر زەوی ١ ٢٩٨ ٨٣٠ نیوتنە، کێشەکەی لەسەر مەریخ چەندە؟

٢ پڵنگێك کێشەکەی لەسەر نیبتۆن ٣ ٢٠٩,٨ نیوتنە، کێشەکەی لەسەر زەوی چەندە؟

٣ ورچێکی جەمسەری کێشەکەی ٥ ٨٤٠ نیوتنە و نەهەنگێکیش کێشەکەی ٦ ٦٣٥ نیوتنە، کێشی نەهەنگەکە چەندی لە ورچەکە زیاترە؟

٤ سێ لە ورچی پاندای زەبەلاح کێشیان پێکەوە ٤ ٦٦٢ نیوتنە، ناوەندەی کێشی ورچێك چەندە؟

لە ساڵی ١٩٩٩ زۆرترین ژمارە لە گیانەوەران ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کران. بە کەشتی ئاسمانی (کۆلۆمبیا) ١ ٥٠٠ سیسرك و ١٨ مشك و ١٥٢ جرج و ١٣٥ کرمە لیقە و ٤ ماسیە بۆقە و ٢٢٩ ماسی ڕووبار ڕەوانەی بۆشایی ئاسمان کران.

سەگی لایکا یەکەمین گیانەوەر بوو کە بە کەشتی ئاسمانی سپۆتنیك ٢ لە ساڵی ١٩٥٧ ڕەوانەی بۆشاییْ ئاسمان کرا.

٥ کام کردار بەکاردێت بۆ دۆزینەوەی ژمارەی گشتی گیانەوەرەکان لەم گەشتەدا؟

أ لێکدان
ب دابەشکردن
ج لێدەرکردن
د کۆکردنەوە

٦ ژمارەی سیسرکەکان چەندی لە سەرجەمی گیانەوەرانی تر زیاترە؟

أ ٥٣٨
ب ٨٧٢
ج ٩٦٢
د ١٥٠٠

راهێنان لەسەر ڕێگا جیاوازەکان

بەکارهێنانی پێدراوەکان

ستوونە ڕوونکردنەوەییەکان بۆ شیکاری پرسیاری ٧ ، ٨ بەکاربهێنە.



٧ جیاوازی لەنێوان خێراترین و هێواشترین ماسی لەوێنەکەدا چەندە؟

٨ ماسی هەرمێی چەند کاتی دەوێ بۆ بڕینی ماوەی ١٠٠٠ کم؟

٩ **پرسیار بنووسە**
پێدراوە هاتووەکانی ناو وێنەی ڕوونکردنەوەییەکە بەکاربهێنە.

١٠ نەبیل بۆ پەیوەندییەکی تەلەفۆنی ١٠٠٠ دیناری بۆ دە خولەکی یەکەم داو ٢٥٠ دینار بۆهەر خولەکێکی زیادە. ئەگەر ماوەی گفتوگۆ تەلەفۆنیەکە ٢٠ خولەك بخایەنێت، بڕی پارەی پەیوەندییەکە چەندە؟

پێداچوونەوە
Review

decimal point فاریزە
multiplication لێکدان
ئەنجامی دابەشکردن quotient
ژمارەی سروشتی natural number

دڵنیابوون لە زاراوەکان و چەمکەکان

دەربڕینی گونجاو لە لیستەکەدا هەڵبژێرە.

١ بۆ دابەشکردن بەسەر ژمارەیەکی دەیی، بەشدراو دەگۆڕین بۆ ___؟___ .

٢ بۆ دیاریکردنی ئەنجامی دابەشکردنی لە دابەشکردنی دەییەکان هاوکێشەکانی ___؟___ پەیوەندیدار بەو بەکاردێت.

دڵنیابوون لە کارامەییەکان

ئەنجامی دابەشکردنەکە بدۆزەرەوە. لێکدان بەکاربهێنە بۆ ساغکردنەوە.

٣ ٨⟌٧,٢ ٤ ٧⟌٥,٦ ٥ ٩⟌٠,٨١ ٦ ٢⟌٣,٦٦

٧ ٨ ÷ ٢١٨,٤ ٨ ٩ ÷ ٥٧١٦,٨ ٩ ٩ ÷ ٢٨,٤٤ ١٠ ٥ ÷ ٥٨,٧٥

کەرتەکە لەسەر شێوەی دەیی بنووسە.

١١ $\frac{٤}{١٦}$ ١٢ $\frac{٥}{٢٥}$ ١٣ $\frac{٦}{٢٤}$ ١٤ $\frac{٧}{١٦}$

هەر شێوازێکی دابەش تەواوبکە.

١٥ ١٧ = ١٢ ÷ ٢٠٤
■ = ١,٢ ÷ ٢٠,٤
■ = ٠,١٢ ÷ ٢,٠٤

١٦ ٧٢ = ٣ ÷ ٢١٦
■ = ٠,٣ ÷ ٢١,٦
٧٢ = ■ ÷ ٢,١٦

١٧ ٦ = ٧٠ ÷ ٤٢٠
٦ = ■ ÷ ٤٢,٠
٦ = ■ ÷ ٤,٢

ڕاستیە بنەڕەتییەکان و شێوازەکان بۆ دۆزینەوەی بەهای س بەکاربهێنە.

١٨ ٥,٦ ÷ ٠,٨ = س ١٩ ١,٨ ÷ ٠,٦ = س ٢٠ ٠,٩٠ ÷ س = ٣٠

دابەشبکە.

٢١ ٠,٥⟌٤,٥ ٢٢ ٠,٢٨⟌١,٤٠ ٢٣ ٠,٠٣⟌١,٥٦٦ ٢٤ ٤,٥ ÷ ٥٤

دڵنیابوون لە شیکاری پرسیارەکان

شیکاربکە. کردارێك یان کردارەکان کە بەکاری دەهێنی دیاریکە.

٢٥ هۆڵێکی گەورە پانیەکەی ١٦,٨٧م و درێژیەکەی ١٩,٥٤م، درێژیەکەی چەندی لە پانیەکەی زیاترە؟

٢٦ ئازاد ٤,٢٥کم لە هەفتەیەکدا بەپێ دەبڕێت. ئەو ماوەیە چەندە کەبە ١٥ هەفتە دەیبڕێت؟

٢٧ چەند بوتڵێکی ئاو فراوانیان ٤,٥٠لترە، ئەگەر فراوانی یەك بوتڵ ١,٥٠لتر بێت. ژمارەی بوتڵەکان چەندە؟

٢٨ هێرش ٢٢ هەزار دیناری لە بری ٤ کاتژمێر کاری زیادە وەرگرت. ئایا بری ١ کاتژمێر کاری زیادە چەند وەردەگرێت؟

ئامادەبوون بۆ تاقیکردنەوە
Standardized Test Prep

ئاگاداربە! CAUTION!

وەڵام هەڵبژێرە

سەیری پرسیاری ٥ بکە ئەگەر وەڵامەکەت نەگونجا لەگەڵ وەڵامەکان، لەکرداری ئەژمێرەکە خۆت دڵنیابکە، ئەگەر کرداری ئەژمێرەکە ڕاستبوو ئەوا وەڵامەکە دەوربدە «جگە لەوە».

وەڵامی ڕاست لە شێکاری پرسیاری ١ تا ١٠ هەڵبژێرە.

١ شێوە دەیی بۆ کەرتی $\frac{٣}{٥}$ کامەیە؟

أ ٠,٣٥ — ب ٠,٥٣ — ج ٠,٦ — د ٣,٥

٢ بارستایی ٥ پاکەت ٤,٤٥ کگم. بارستایی ١ پاکەت چەندە؟

أ ٠,٩٤کگم — ب ٠,٨٩کگم — ج ٠,٨٥کگم — د ٠,٨٠کگم

٣ ٤ ÷ ٠,٢

أ ٥ — ب ٢ — ج ٠,٥ — د ٠,٠٥

٤ سەیران بایی ٣ ٧٥٠ دینار سێوی کڕی. ئەگەر نرخی ١کگم ٧٥٠ دینار بێ. چەند کیلۆگرامی کڕیوە؟

أ ٦ کگم — ج ٥ کگم

ب ٥,٥ کگم — د ٢,٨١ کگم

٥ ٠,٤٥ ÷ ٠,٠٣

أ ٠,٠١٥ — ب ١,٥ — ج ٠,١٥ — د جگە لەوە

٦ هەڤاڵ ماوەی ٠,٩کم بە ١ کاتژمێر دەبڕێ. چەند کاتی دەوێ بۆ بڕینی ٠,٤٥کم؟

أ ٥ کاتژمێر — ج ٠,٥ کاتژمێر

ب ٤,٠٥ کاتژمێر — د ٠,٠٥ کاتژمێر

٧ لە ڤیستیڤاڵی وەرزشدا تیپی تۆپی باسکە ئەم خاڵانەی تۆمارکرد، ٥٨، ٥٨، ٦٢، ٦٧، ٧٠ ناوەڕاستە چەندە؟

أ ٦٣ — ب ٦٢ — ج ٥٨ — د ١٢

خشتەکە بۆ شیکاری پرسیارەکانی ٨ تا ١٠ بەکاربهێنە.

ئەو وڵاتانەی کەزۆرترین ژمارە ئامێری ڤیدیۆیان هەیە	
وڵات	**ژمارە**
چین	٤٠ ٠٠٠ ٠٠٠
وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا	٨٦ ٨٢٥ ٠٠٠
ئەڵمانیا	٢٦ ٣٢٨ ٠٠٠
ژاپۆن	٣٤ ٣٠٩ ٠٠٠

٨ کام کردار بەکاردێت بۆ ئەوەی دەیزانی ژمارەی ئامێری ڤیدیۆ لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەندی زیاترە لە ژمارەی ڤیدیۆکان لە ئەڵمانیا؟

أ کۆکردنەوە — ب لێدەرکردن — ج لێکدان — د دابەشکردن

٩ ژمارەی ئامێرەکانی ڤیدیۆ لەچین ویابان پێکەوە چەندن؟

أ ٧٤ ٣٠٩ ٠٠٠ — ج ٧ ٤٣٠ ٩٠٠

ب ٥٦ ٩١٠ ٠٠٠ — د ٥ ٦٩١ ٠٠٠

١٠ ڕیزبەندی وڵاتەکان بەپێی ژمارەی ئامێرەکانی ڤیدیۆ لە کەمەوە بۆ زۆر کامەیە؟

أ وڵاتە یەکگرتووەکان، چین، ئەڵمانیا، ژاپۆن.

ب چین، ئەڵمانیا، وڵاتە یەکگرتووەکان، ژاپۆن.

ج ژاپۆن، ئەڵمانیا، چین، وڵاتە یەکگرتووەکان.

د ئەڵمانیا ژاپۆن، چین، وڵاتە یەکگرتووەکان.

ئەوەی دەیزانی بینووسە
Write What You Know

١١ دوو کەرت لەم کەرتانە $\frac{١}{٤}$، $\frac{١٢}{٥٠}$، $\frac{١٣}{٥٢}$ هاوتان، ڕوونبکەوە چۆن هەر کەرتێك بەشێوەی ژمارەی دەیی بۆ دۆزینەوەی دوو کەرتی هاوتا دەنووسیت.

١٢ کوێستان پارچە قوماشێکی هەیە کە درێژیەکەی ١٠,٥ مەتر، پێویستی بە سێ پارچە هەیەکە درێژی هەریەکێکیان ١مەتر، ویستی قوماشە ماوەکە بکات بەچەند پارچەیەکەوە کە درێژی هەریەکێکیان ١,٢٥مەتر بێ. چەند پارچە قوماشی دەست دەکەوێت کە درێژی هەریەکەیان ١,٢٥مەتر بێ ڕوونبکەوە، چۆن وەڵامەکەت دۆزییەوە.